دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە




www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٧٦٥، یەکشەممە ١٥ی بەفرانباری ١٣٩٨ی هەتاوی، ٥ی ژانویەی ٢٠٢٠



ئەنجام و لێکەوتەکانی کوژرانی قاسم سلێمانی ٤



سیاسەتی سووران بۆ ڕۆژهەڵات لە دوو ڕوانگەوە ٦




ڕاهێنەری فێرگەیەک بۆ فێربوون ٨



لە زاری پارێزەرانی وڵاتەوە ١٠

# کۆتایی نیزیکە!



١٣ی بەفرانباری ٩٨، بوو بە ڕۆژێکی مێژوویی بۆ ئازادیخوازانی ئێران و ناوچە و ڕزگاریخوازانی کورد لە چنگی فاشیزم. لە هێرشێکی بەرنامەدارێژراودا قاسم سلێمانی گەورەتێرۆریستی کۆماری ئیسلامی کە ڕەنگە جینایەتەکانی و نەخش و دەوری لە ڕاستای ناسەقامگیرکردنی ناوچە هاوشێوەی کەسانێکی وەک بین لادەن و ئەبووبەکر بەغدادی وێنا بکرێت، وێڕای ئەبومێهدی موهەندیس بە دەستی هێزە ئامریکاییەکان کوژران؛ ئەم ڕووداوە کە لە ماوەیەکی کورتدا وەک بۆمبێک لە میدیاکانی تەواوی دنیا تەقییەوە، بوو بە کۆتایی دەورانی پڕوپاگەندای ڕێژیمی ئاخوندی. لە ساڵانی ڕابردوودا، کەم ڕۆژ هەبوو کە میدیاکانی جیهان باس لە نەخش و دەوری پاسداری تێرۆریست قاسم سلێمانی نەکەن کە بەردەوام سەرقاڵی پیلاندارێژی بۆ کوشتنی خەڵکی بێتاوان نەبێ.
چەند ساڵ پێش میدیاکانی ڕێژیم و بەتایبەت سووشیالمیدیاکانی سەر بە سپا ڕوو لە ئامریکاییەکان دەیانوت: «دەبێ باتمەن و سووپێرمەن و سپایدێرمەنەکانتان بێنن تاکوو بتوانن سلێمانی لە کۆڵ کەنەوە»، بەڵام ئەمڕۆ بینیمان کە شکاندنی شکۆی خەیاڵی و درۆینەی ڕێژیمی تاران پێویستیی بە باتمەن و سووپێرمەنەکان نەبوو!
سلێمانی کە لەلای پاسدارە ترسنۆکەکانی ڕێژیم و لەسەرووی هەمووان عەلی خامنەیی وەک سیمبۆل و ئۆستوورەیەک دەبینرا و باسی لێوە دەکرا ئەمڕۆ هەموویان کۆستیان کەوتووە. لە دە ساڵی ڕابردوودا سلێمانی یەکێک لەو کارتی گوشارانە بوو کە خامنەیی لەدژی ڕۆژاوا کەڵکی لێوەردەگرت؛ کەسێک کە بەرپرسی ڕاستەوخۆی زیادکردنی دزەی ڕێژیم لە ناوچە و قووڵایی ستراتێژیکی کۆماری ئیسلامی بوو و زۆر جاران وەک خەونەمارانەی دوژمن ناویان لێ دەبرد.
دوابەدوای کوژرانی سلێمانی شەپۆلێک لە شادی دەربڕین چ لە ئێران و چ لە ئەو وڵاتانەی کە ناوبراو ببووە هۆکاری داخداری، ئاوارەیی و ماڵوێرانییان، لەوانەش سووریە و عێراق دەستی پێکرد و خەڵک بە سەما و شایی و بڵاوکردنەوەی نوقڵ و شیرینی پیرۆزباییان لە یەکتر دەکرد؛ هەروەها لە زۆرێک لە شارەکانی ئێران ئازادیخوازان بە نووسینی درووشم سپاسی ترامپ و دەوڵەتی ئامریکایان کرد کە تێرۆریستێکی وەها ناوزڕاوی لە کۆڵ کردوونەتەوە.
سپاس کردنی ترامپ و کابینەکەی بەتایبەت لە دنیای مەجازیدا ڕەنگدانەوەی زۆری هەبوو و لە زۆربەی هەرەزۆری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەکاربەران بە دانانی پۆستی شاییدەربڕین و هەروەها هەشتەگی جۆراوجۆری وەک سپاس ترامپ، پیرۆزە ئێران و ... جارێکی تر دژایەتی خۆیان لەگەڵ دەسەڵاتی تاران دەربڕی. لەلایەکی دیکەشەوە زۆربەی هەرەزۆری میدیاکانی جیهان ڕووماڵی ئەم ڕووداوە مێژووییەیان کرد کە گەلی کورد وەک دیاریی ساڵی نوێی زایینی ناویان لێ برد؛ جگە لەمەش بەشێکی بەرچاو لە سێناتۆرە ئامریکاییەکان و تەنانەت بەشێک لە وڵاتانی ئورووپایی وەک بڕیارێکی مێژوویی باسی بڕیاری کوشتنی سلێمانییان کرد.
ئێستە بە کوژران و نەمانی سلێمانی، یەکێک لە فەرماندەکانی سوپای تێرۆری کۆماری ئاخوندی لە کیس چووە کە لەم ساڵانەدا پردی پێوەندی و نیزیک کردنەوەی تاقم و گرووپە تێرۆریستییەکانی ناوچە و گرێدانەوەیان بە جەماران بوو؛ یان بە واتایەکی تر نەمانی سلێمانی دەتوانێ پێوەندی دینامیکی ئەم گرووپانە لێک هەڵوەشێنێتەوە و ئەمەش بەواتای کورتبوونەوەی دەسەڵاتی ڕێژیمە لە ناوچەکەدا.
پرۆژەیەکی تری ڕێژیم کە بە کوژرانی سلێمانی تووشی شکست یان لانیکەم وەدواکەوتن دێت، پرۆگرامی بردنەسەری ئالۆزییەکانی ناوچە بەتایبەت عێراقە کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا بە زەقی بینرا کە قاسم سلێمانی لەڕێگەی حەشدی شەعبییەوە چۆن پەلاماری باڵوێزخانەی ئامریکای لە بەغدا دا.
قاسم سلێمانی تۆڕێکی بەربڵاوی تێرۆریستی لە ناوچە دروست کردبوو کە زۆربەی دامەزراوە و نیهادە دەوڵەتییەکانی بە دەستەوە بوو؛ هەر لە شارەدارییەکانەوە بگرە تا دەگاتە ئەوقاف و هیلالی ئەحمەر و هێزی قودس و وەزارەتی بەرگری و دەزگای دیپلۆماسی ڕێژیم و ... کە بەم هۆیەوە زۆر بە ئاسانی چەک و جبەخانەی ڕادەستی تێرۆریستەکانی ناوچە دەکرد و ئامانجە کورتمەودا و درێژخایەنەکانی ڕێژیمی پێ دەبردە سەر بەڵام ئێستە پرۆژەی هیلالی شیعی بە کردەوە توشی دارمانێکی سەخت هاتووە . ساڵانێك درۆیان دەکردە کە گوایە سوپای پاسداران و سوپای قودس زۆر لە باری ئەمنیەتیەوە وشیران و درزیان تێ ناکەوێ، بەڵام هێرشێکی هێزە ئامریکاییەکان ئەم خەونەی لێیان تاڵ کرد و بە هەموو جیهانی سەلماند کە هەموو جموجۆڵی زۆر نهێنی و تایبەتیی پلەبەرزترین کەسەکانیشیان لە ژێر چاوەدێریدایە و لە بەردەستی شەیتانی گەورەدان!
ئێستە ڕێژیم دوو ڕێگەی لە پێشە: یان دەبێ هەڵوێست بنوێنێ یان بێدەنگی هەڵبژێرێت؛ ئەگەر بێدەنگ بێت و هیچ کارێک نەکات ئەوا لەلای گەلانی ناوچە دزەی فکری ڕێژیم بوونی نامێنێ و هاوشێوەی ناوخۆی ئێران ڕەواییەکی بۆ نامێنێ، ئەگەر دژکردەوەش نیشان بدات و بیهەوێ تۆڵە بکاتەوە ئەوا لەگەڵ لێکەوتەی زۆر سەختی نێونەتەوەیی ڕووبەڕوو دەبێتەوە کە کۆنترۆڵ کردنی زۆر ئەستەم دەبێت یان لانیکەم لە دەستی کۆماری ئیسلامیدا نابێ، ئەمەش بەکورتی پێمان دەڵێ کە «کۆتایی نیزیکە!».

## پەیڤ

### تیرۆریستێک کەمتر

کەریم پەرویزی

دوایین ڕۆژی ساڵی ٢٠١٩، بۆ بەلارێدابردنی خۆپیشاندانی خەڵکی وەزاڵەهاتووی عێراق دژ بە دەستێوەردانەکانی ئێران، هێزە میلیشیاییەکانی نزیك لە ڕێژیمی ئێران و گرووپەکانی دەسکردی ئەو ڕێژیمە، هێرشیان کردە سەر باڵوێزخانەی ئامریکا لە بەغدا و هەندێك شوێنیان ئاگر تێبەردا. لە یەکەم ساتەکانی ڕۆژی سێهەمی ساڵی نوێ لە بەغدا، فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئامریکایی هێرشیان کردە سەر داڕێژەری هێرش بۆ سەر باڵوێزخانەی ئامریکا و بە هەموو کەسانی دەوروبەرییەوە کوشتیان.
لەو هێرشەدا قاسم سلێمانی کە فەرماندەی هێزی تیرۆریستیی قودس، سەر بە سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامییە کوژرا. قاسم سلێمانی لە باری نیزامییەوە فەرماندەی یەکێك لە لقەکانی سوپای تیرۆریستیی پاسداران بوو، بەڵام لە باری کردەییەوە، کەسی دووهەمی ڕێژیم لە دوای خامنەیی بوو، چوونکە ستراتێژیی سیاسی و ئابووری و هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامی لە لایەن خامنەییەوە بە قاسم سلێمانی ئەسپێردرابوو و کوژرانی قاسم سلێمانی جودا لە هەموو پەیام و هۆکارەکانی دیکە، ئەو پەیامە ڕوونە بە کۆماری ئیسلامی بوو کە تەنیا یەك قۆناخ ماوە ئەویش کوشتنی خامنەییە! هەر بۆیە نامەیەکی ڕوون و ئاشکرایە کە یان ملکەچی جیهان دەبێ یان ڕێژیمەکەی لە نێو دەبرێ. دوای لەنێوبردنی قاسم سلێمانیی فەرماندەی تیرۆریستەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی، ڕێژیمی تاران لە دوو ڕێیانێکدا گیری کردەوە، ئایا وەڵام بداتەوە و هەر وەك نوێنەرەکەیان لە نەتەوە یەکگرتووەکان گوتی، وەڵامی `` کردەی نیزامی `` بە کردەی نیزامی بدەنەوە یان بە جۆرێکی دیکە ڕای بەسیجی و پاسدارەکانیان ڕازی بکەن؟
گەر بە هێرشی نیزامی بۆ سەر ئامریکاییەکان وەڵام بدەنەوە، دژکردەوەی دوای ئەوە پێشبینی ناکرێ، هەر وەك ترامپ گووتوویە کە لە ٥٢ شوێنی گرنگی ئێران دەدەن، ڕەنگە یەکێك لەو شوێنانە جەماران بێ، یان کار بگاتە شەڕی تەواو مانا کە ئیدی ئاسەوارێك لە کۆماری ئیسلامی لە سەر عەرز نامێنێ. بۆیە لە کاتی ئێستادا هەڕەشەی زۆر و هاتوهاواری بەرز دەکەن کە ڕای لایەنگرانیان ڕازی بکەن، بەڵام خۆیان دەزانن کە هەر هەڵەکردنێکیان هەڵەی مەرگە. بۆ هەر ئازادیخوازێك، نەمانی تیرۆریستان جێی خۆشحاڵییە و هەرچی تیرۆریست کەمتر بکرێتەوە، جیهان بەرەو

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# پەیامی پیرۆزبایی «مستەفا هیجری» بۆ «کۆسرەت ڕەسووڵ»




لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پەیامێکدا پیرۆزبایی لە «کۆسرەت ڕەسووڵ»، سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان کرد.

دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:

بەڕێز کاک کۆسرەت ڕەسووڵ، سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای سیاسیی یەکیەتی

وێڕای سڵاوێکی برایانە

بەبۆنەی هەڵبژاردنی بەڕێزتان وەک سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، هەروەها سەرکەوتنی کۆنگرەی چوارەمی یەکیەتی، پیرۆزباییمان پێشکەش بە ئێوەی تێکۆشەر و یەک یەکی ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای سیاسی و ئەنجومەنی گشتیی سەرکردایەتیی هەڵبژێردراوی کۆنگرە دەکەین.

هیواداریـن ڕێبەرایەتیی نوێ لە ڕێگای یەکیەتی و یەکگرتوویی لایەنەکانی مەیدانی سیاسیی کوردستانی باشوور و خزمەت بە ئامانجەکانی باڵای کورد لە هەموو بەشەکاندا، ئەرکی نیشتمانیی خۆی بە سەرکەوتوویی بەڕێوە بەرێت.

بن.

**لەگەڵ ڕێزی دووبارە**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**لێپرسراوی گشتی**
**مستەفا هیجری**
**٧ی بەفرانباری ١٣٩٨ی هەتاوی**
**٢٨ی دێسامبری ٢٠١٩ی زایینی**

# پەیامی پیرۆزبایی «مستەفا هیجری» بۆ «سەلاحەدین بەهائەدین»




لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پەیامێکدا پیرۆزبایی لە «سەلاحەدین بەهائەدین»، ئەمینداری یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان کرد.

دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:

بەڕێز، مامۆستا سەلاحەدین بەهائەدین

ئەمینداری یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان

سڵاو و ڕێز

بەبۆنەی هەڵبژاردنەوەی بەڕێزتان وەک ئەمینداری یەکگرتووی ئیسلامی، پیرۆزبایی خۆمانتان پێشکەش دەکەین و لە ڕێگای بەڕێزتانەوە پیرۆزبایی لە سەرجەم ئەندامانی ڕێبەرایەتیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی هەشتەمتان دەکەین.

بەو هیوایەی ڕێبەرایەتیی نوێی یەکگرتوو دەوری زیاتر بگێڕێت لە یەکگرتوویی هێز و لایەنەکانی هەرێمی کوردستان کە پێویستییەکی سەرەکییە لەم دۆخەدا کە عێراق پێیدا تێدەپەڕێت، هەروەها یارمەتیدەر بێت بۆ بەرەوپێشچوونی دۆزی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا.

**لەگەڵ ڕێزی دووبارە**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**لێپرسراوی گشتی**
**مستەفا هیجری**
**٩ی بەفرانباری ١٣٩٨ی هەتاوی**
**٣٠ی دێسامبری ٢٠١٩ی زایینی**

# ١٥هەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران پازدەهەمین کۆبوونەوەی خۆی لە بارەگای ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بەڕێوە برد.

ڕۆژی دووشەممە، ٢ی بەفرانباری ١٣٩٨ی هەتاوی، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە بارەگای ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، ١٥هەمین کۆبوونەوەی خۆی بەڕێوە برد.

لەو کۆبوونەوەیەدا ناوەندی هاوکاری باس و گفتگۆی تێروتەسەلیان لەسەر کار و چالاکییەکانی ناوەند کرد و ڕووداوە دڵتەزێنەکانی ماوەی ڕابردووی ئێران بە وردی شرۆڤە کرا. لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا «سالح شەریفی»، ئەندامی دەفتەری سیاسیی کۆمەڵە، کە بەرپرسایەتیی دەورەی ڕابردووی ناوەندی هاوکاریی لەئەستۆ بوو، وێڕای بەخێرهاتنی هەیئەتەکان، دەستووری کاری کۆبوونەوەکەی خستە بەر باس و پاشان ڕاپۆرتێکی گشتیی لەسەر کار و چالاکییەکانی دەورەی ڕابردووی ناوەندی هاوکاریی پێشکەش بە بەشداربووانی کۆبوونەوەکە کرد.

دەستووری کاری تری کۆبوونەوەکە باس و لێکدانەوەیەک لەسەر بارودۆخی ئەم دواییانەی ئێران و کوردستان بوو.

سەرکوتی بێبەزەییانە لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و قەبووڵ نەکردنی دەنگی جیاواز، بەشێکی جیانەکراوەیە لە مێژووی نگریسی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و ئەم ڕووداوانەی مانگی ڕابردووش، بۆ جارێکی تر ئەم ئیدعایەی سەلماندەوە. ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، وێڕای مەحکوومکردنی چەند جارەی ئەم هەڵسوکەوتە دڕندانەیەی کۆماری ئیسلامی، داوا لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵە جیهانی و نێونەتەوەییەکان دەکات کە لە ئاست ئەم کردارە دژە مرۆییانەی ڕێژیمی ئیسلامی بێدەنگ نەبێت و هەوڵ بدات کە لانیکەم چارەنووسی بێسەروشوێن کراوان و زیندانییانی ئە ڕووداوانە ڕوون بکرێتەوە. هەر لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیاری هەندێک کردەوەی کردەیی درا کە دواتر دەقەکەی لە ڕاگەیەندراوێکی جیاوازدا پێشکەش بە جەماوەری خەڵکی کوردستان دەکرێت. بڕگەیەکی تری کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە بەناو هەڵبژاردنەکانی پارلمانی ئێران و هەر چوار لایەن هەڵوێستی خۆیان لەسەر ئەو بابەتە دەربڕی و هاودەنگییەکی تەواو لەسەر چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی ناوەند لەسەر ئەم بابەتە پێک هات، لە ڕۆژانی داهاتوودا دەقی هەڵوێستی ناوەند لەم بارەشەوە پێشکەش بە ڕای گشتی دەکرێت.

لە درێژەی کۆبوونەوەکەدا باسێک لەسەر چۆنییەتیی پەیوەندیی زیاتری ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، لەگەڵ کوردانی دانیشتووی دەرەوەی وڵات کرا و هاوکات بڕیار درا کە پێشنیارەکان تاوتوێ بکرێت و هەنگاوی بەپەلە و کردەییان بۆ هەڵبگیرێت.

لە کۆتاییشدا بەپێی پەیڕەوی نێوخۆیی ناوەند، بەرپرسایەتیی دەورەیی ناوەند کە لە ئەستۆی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بوو، ناوەند وێڕای دەسخۆشی و ماندوونەبوون لەو هاوڕێیانە بەرپرسایەتیی دەورەیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەسپێردرا و کۆبوونەوەکە بە سەرکەوتووانە و لە کەشێکی دۆستانەدا کۆتایی پێ هات.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢ی بەفرانباری ١٣٩٨ی هەتاوی**

# ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران شانۆی هەڵبژاردنەکانی ئێرانی تەحریم کرد

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
Cooperation Center of Iranian Kurdistan's Political Parties.
مرکز همکاری احزاب کردستان ایران

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە بەیانییەیەکی هاوبەشدا شانۆگەریی هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیس لە ئێرانی تەحریم کرد.

دەقی بەیانییەکە بەم چەشنەیە:

بەیاننامەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

بەنیسبەت تەحریمی شانۆگەریی هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیس لە ئێراندا

هاونیشتمانییانی بەڕێز!

کۆمەڵانی خەڵکی مافخوازی کوردستان!

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران پاش ڕیزکردنی کۆمەڵێک مەرج و پێکهێنانی بەربەست بۆ کاندیداکانی خوازیاری نوێنەرایەتی لە مەجلیسی شۆرای ئیسلامی، لە داهاتوویەکی نزیکدا شانۆی هەڵبژاردنەکانی بەڕێوە دەبات.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەگەڵ ئەوەیکە باوەڕی وایە کە بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامیی ئێران، مەجلیسی شۆرای ئیسلامی لە نێوەڕۆکی مەجلیسێکی ڕاستەقینە بەتاڵ کراوە و هیچ کات نەک هەر نەیتوانیوە لە پرسە گرینگەکانی ئێراندا بڕیاردەر و شوێندانەر بێت، بەڵکوو ئەم مەجلیسە بۆ خۆی بەشێکی گرینگ لەم ڕێژیمەیە و وەک یەکێک لە ئۆرگانە سەرەکییەکانی ئەم نیزامە سەرکوتکەرە ڕۆڵی گێڕاوە. وێڕای ئەو ڕاستییەش، لە هەلومەرجی ئێستادا و بەتایبەت پاش حەرەکەتە ئیعترازییەکان و نارەزایەتی دەربڕینەکانی خەڵکی ئێران و کوردستان لە خەزەڵوەری ئەمساڵدا ڕوونتر و ئاشکراتر لە هەموو کات دەرکەوت کە نە مەجلیسی ڕێژیم پارلمانێکی ڕاستەقینەیە و نە نوێنەرانی ئەو مەجلیسە پارێزگاری لە خەڵک و ماف و ئازادییەکانیان دەکەن.

لەو حەرەکەتە ئیعترازییانەدا هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی بە فەرمانی ڕاستەوخۆی خامنەیی خەڵکیان دایە بەر دەستڕێژیی چەک و گیانیان لە سەدان کەس ئەستاند، بە هەزاران کەسیان بریندار کرد و هەزاران کەسی دیکەشیان ڕفاند و ڕەوانەی ئەشکەنجەگا و سیاچاڵەکانیان کردن کە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێت هیچ زانیارییەکی ڕوون لەسەر چارەنووسییان لەبەر دەستدا نییە. بەڵام نە مەجلیس بەگشتی و نە نوێنەرانی ئەو مەجلیسە بە تاک، هەڵوێستێکی شیاویان بەرانبەر بەم کردەوانەی کۆماری ئیسلامی نیشان نەدا.

هاتنە سەر شەقام و خۆپیشاندانەکانی ئەمساڵ و چەند ساڵی ڕابردووی گەلانی ئێران بەگشتی و خەڵکی کوردستان بەتایبەتی، بێ پێگەیی و بێزراوبوونی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانیان لەنێو خەڵکدا بەتەواوی دەرخستووە. کۆماری ئیسلامی سەرەڕای ئەنجامدانی گەورەترین تاوانەکان بەرامبەر بە خەڵکی ڕاپەڕیو و وەزاڵەهاتوو، دەیەوێت بە وەڕێخستنەوەی شانۆسازیی هەڵبژاردن و هێنانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان، لە بەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، هەندێک ئیعتیبار بۆ خۆی دەستەبەر بکات و سەرپۆش لەسەر ڕیسوایی خۆی دابنێت.

بە لەبەرچاوگرتنی تێکڕای ئەم ڕاستییانە، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە کۆبوونەوەی ڕۆژی دووشەممە، ٢ی بەفرانباری ١٣٩٨ی هەتاوی، بەرانبەر بە ٢٣ی دێسامبری ٢٠١٩ی زایینی خۆیدا بڕیاری بایکۆتی فەعالی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شۆرای ئیسلامیی ڕێژیمی پەسەند کرد و لەو باوەڕەشداین کە لەم بارودۆخەی ئێستای ئێران و کوردستاندا هەر کەس و تاکێک لەو بەناو هەڵبژاردنانەدا خۆی بەربژێر بکات یان بچێتە سەر سندووقی دەنگدانەکان، ڕاستەوخۆ خزمەتی بە مەشرووعییەت پێدان بە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی کردووە و وەک شەریکی ئەوان بۆ هەموو کۆشتارو جینایەتەکانی ئەم ساڵانەی ڕابردوو دێتە ئەژمار.

لەو پێوەندییەدا ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ڕوو دەکاتە کۆمەڵانی خەڵک لە ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی کە لە چوون بۆ سەر سندووقەکانی شانۆی هەڵبژاردن خۆ ببوێرن و ڕێگاش نەدەن پیلانەکان و نەخشە دزێوەکانی ڕێژیم بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکان سەر بگرێت. هەروەها ئەوانەی کە بە هەر نیازێک خۆیان بۆ بەناو نوێنەرایەتیی لەو مەجلیسەدا کاندید کردووە با ئەو ڕاستییەیان لە بیر بێت کە دەبێ بەرژەوەندییەکانی خەڵک لە سەرەوەی مەسڵەحەتی خۆیان دابنێن و بناغەی قازانج و ویستی خۆیان لەسەر مانەوەی کۆماری ئیسلامی بونیاد نەنێن .

لە کۆتاییدا جارێکی دیکە، جەخت لەسەر ئەو هەڵوێستە دەکەینەوە کە لە هەلومەرجی ئێستادا بایکۆتکردنی هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیس زیاتر لە پێشوو بووەتە ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی.

بە هیوای بەرپەرچدانەوەی هەر پیلانێکی ڕێژیم و وتنی «نا»یەکی گەورەی دیکە بە ڕێژیم، بە جۆرێک کە وەڵامدەری حەرەکەتە ئیعترازییەکانی خەڵک و ڕێزدانان بۆ قوربانییان و بریندارانی سەرکوتەکانی ئەم دواییانەی خەڵکی ڕاپەڕیوی وڵاتەکەمان بێت.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**

# سێمینارێک بۆ ڕێزگرتن لە یادی گیانبەختکردووانی خۆپیشاندانەکان بەڕێوە چوو



دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکرات سێمینارێکی تایبەتی بۆ ڕێزگرتن لە یادی گیانبەختکردووانی خۆپیشاندانەکانی مانگی خەزەڵوەری ئەمساڵ بەڕێوە برد.

ڕۆژی پێنجشەممە، ٥ی بەفرانباری ١٣٩٨، دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکرات سێمینارێکی بۆ یادی چلەمین ڕۆژی گیانبەختکردنی خۆپیشاندەرانی سەرهەڵدانەکانی مانگی خەزەڵوەر بەڕێوە برد. سێمینارەکە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد. لە بڕگەی یەکەمدا، دوکتور «ئاوات ساروج»، ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی ناوەندی سیاسیی حیزب، سەبارەت بە خۆپیشاندانەکان وتەیەکی پێشکەش کرد. ناوبراو لە قسەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە ڕێژیمی ئێران لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا تێچوویەکی زۆری بۆ ئاسیمیلاسیۆنی خەڵکی پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام تەرخان کردووە و هەروەها پیلانی زۆریشی بۆ گۆڕینی دێمۆگرافیای ئەم پارێزگایانە گرتووەتە بەر، هەر بۆیە ڕێژەی سەرکوتی خەڵک بەتایبەت لە پارێزگای کرماشاندا زۆر بەرچاو بوو. لە بڕگەی دووهەمدا، «فواد خاکی بەیگی»، ئەندامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکرات باسی لە چۆنیەتی، ماوە، کەموکوڕییەکان و هەروەها ئەزموونەکان لەم خۆپیشاندانانەدا کرد. ناوبراو لە قسەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە لە ماوەی ٤١ی ساڵی ڕابردوودا، ئەمە بەربڵاوترین و ڕادیکاڵترین خۆپیشاندان لە ئاستی ئێراندا بووە و دروشمەکان تەواوییەتی ڕێژیمی ئێران و ڕێبەری ڕێژیمیان کردبووە ئامانج.

«خاکی بەیگی» هەروەها ئاماژەی بە کۆمەڵێک زانیاری و داتا سەبارەت بە ڕێژەی خۆپیشاندەران، دەسبەسەرکراوان، تێچووەکان بۆ ڕێژیم و جۆرەکانی سەرکوتی خەڵک کرد و لە کۆتاییشدا وێڕای ئاماژەدان بەوەی کە خۆپیشاندانەکان لە ڕۆژهەڵات لە دەوری بازنەیەکی شوناسخوازانەدا دەسووڕانەوە، باسی لەوە کرد کە یەک گوتاری و یەکدەنگ بوونی کورد لە بەرانبەر پرسە نەتەوەییەکاندا خاڵێکی جەوهەرییە.

## «دیداری نێ و هەورامان» سەرەڕای هەڕەشەی ئیتلاعات بەڕێوە چوو

خەڵکی یەکگرتووی کوردستان بە مەبەستی ڕێزلێنان لە هاوکاری، هاودەنگی و یەکڕیزیی خەڵک، ئەمڕۆ لەژێر ناوی «کاروانی خۆشەویستی» بەرەو هەورامان بەڕێ کەوتن.

ڕۆژی پێنجشەممە، ١٢ی بەفرانبار، خەڵکی تێکۆشەری شارەدێی «نێ» و هەروەها مەریوان، وەک ئەمەگناسی و ڕێزلێنان لە خەڵکی هەورامان بەنیسبەت هاوکاریکردن و خاوندارییەتی کردنی ڕۆڵەکانی کورد بەبێ جیاوازی، سەردانی ئەو ناوچەیە دەکەن.

ئەو چالاکییە لەژێر ناوی «کاروانی خۆشەویستی» بەڕێوە دەچێت.

بۆ بەڕێوەچوونی ئەو ڕێوڕەسمە داوا لە چالاکانی مەدەنی و ژینگەپارێزی، ڕێکخراوەکان و گرووپەکانی ژینگەپارێزی و شاخەوانی، خەڵکی مەریوان و گوندەکانی ئەو شارە کراوە کە بەشدار بن.

بەپێی زانیارییەکان، ڕێکخراوی سپای تێرۆریستی پاسداران بە پلانی جۆراجۆر هەوڵی بەلاڕێدابردنی ئەو بەرنامەیەی داوە.

مەئموورانی سپای ڕێژیم لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تەلەفۆنەوە هەڕەشەیان لە چالاکوانانی مەریوان



کردووە کە خۆیان لەو ڕێوڕەسمە بە دوور بگرن.

ڕێژیمی ئێران لە ترسی سەرهەڵدانی خەڵک لە کوردستان، بەتوندترین شێوە فەزای شار ئەمنییەتی دەکات.

پاش ڕووداوی گیانلەدەستدانی دوو کۆڵبەری کورد بە ناوەکانی «ئازاد و فەرهاد خوسرەوی»، خەڵک لە کوردستان هاودەردی و هاوسۆزیی خۆیان لەگەڵ بنەماڵەی ئەو دوو کۆڵبەرە دەربڕی.

لە کۆڕی پرسەی ئەو دوو کۆڵبەرەدا، ماموستایانی ئایینی وێڕای هێنانەوەی چەند ئایەتێک لە «قورئانی پیرۆز» بەنیسبەت تاقیکاریی خوداوەند بۆ بەندەکانی خۆی، ڕوو لە «عوسمان خوسرەوی»، باوکی «ئازاد و فەرهاد» وتیان: «ئەوە تاقیکاریی خودایە بۆ ئێوە، ئێمەش هاوخەمتین و هیوای سەبووریت بۆ دەخوازین».

لە بەشێکی ئەو پرسە و هاوخەمییەدا، ماموستایەکی ئایینی شێعرێکی پێشکەش کرد.

لەو شێعرەدا باس لەوە کرا: «ئێوە دوو کۆڵبەر لەوەیکە نەبوونە سیخوڕ و نەبوون بە مایەی ئەفسووس، جێگای شانازییە».

## ڕێژیم لە کوردستان ئامادەباشیی ڕاگەیاندووە

ڕێکخراوی سپای تێرۆریستی پاسداران لە کوردستان لە دوای کوژرانی تێرۆریست «قاسم سلێمانی»، لە شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات ئامادەباشیی ڕاگەیاندووە.

هێزەکانی سپای تێرۆریستی پاسداران لە مەریوان، سنە، سەقز، مەهاباد و زۆربەی شارەکانی کوردستان سەرجەم هێزەکانی خۆیان لە مۆڵگە و بنکە ئەمنییەتییەکانی ئەو شارانەدا خستووەتەوە حاڵەتی ئامادەباشییەوە.

بڕیاری ئامادەباشی بە هێزەکانی ڕێژیمی ئێران لە کوردستان بە فەرمانی ڕاستەخۆی فەرماندەی گشتیی ڕێکخراوی سپای تێرۆریستی پاسدارانەوە دراوە.

ئەو ئامادەباشییە بۆ ماوەی ٧٢ کاتژمێر بە هێزەکانی ڕێژیم لە کوردستان دراوە.



هاوکات سەرجەم هێزە نیزامییەکانی ڕێژیمی ئێران لە پایگا سنوورییەکان جێگیر کراون.

لە «پاوە و سەلاس»یش هێزەکانی ڕێژیمی ئێران لە حاڵەتی ئامادەباشیدان.

لە دوای کوژرانی چەندین تێرۆریست لە بەغدا لەلایەن ئامریکاوە، ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران هەڕەشەی تۆڵەکردنەوەی لە ئامریکا کردووە.

هاوکات بنکە نیزامییەکانی ڕێژیمی ئێران لە هەندێک پایگادا بە فڕۆکەی ئێف ١٤ و هێلیکۆپتێر مانۆڕیان دا.

## خەڵکی کوردستان بەبۆنەی کوژرانی قاسم سلێمانی خۆشحاڵیی خۆیان دەربڕی

خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە دوای ئەوەیکە هەواڵی کوژرانی پاسداری تێرۆریست «قاسم سلێمانی» بڵاو کرایەوە، خۆشحاڵیی خۆیان دەربڕی.

ڕۆژی هەینی، ١٣ی بەفرانبار، خەڵکی بانە بەبۆنەی کوژرانی «قاسم سلێمانی»، فەرماندەی سپای قودسی سپای تێرۆریستی پاسدارانی ڕێژیمی ئێران، لە پاساژەکانی: «بەهەشت، شوکری، ئافتابی درەخشان، گوڵستان، ئاربابا، خەیام و نوور»، نوقڵ و شیرینییان بڵاو کردووەتەوە و خۆشحاڵیی خۆیان نیشان داوە.

هەر بەم بۆنەوە دوانیوەڕۆی هەمان ڕۆژ، خەڵکی بانە چوونە دەرەوی شار و ئەم ڕۆژەیان کرد بە جێژن و خۆشی.

هەروەها خەڵک لە شارەکانی دیکەی کوردستان، بەبۆنەی کوژرانی ئەو تێرۆریستەی ڕێژیمی ئێران، شیرینییان بڵاو کردووەتەوە.

خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە کوشتنی ئەو تێرۆریستە خۆشحاڵن و نفرەت و بێزاریی خۆیان لەو ڕێژیمە تێرۆریستییە ڕاگەیاند.

خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەبۆنەی کوشتنی تێرۆریست «قاسم سلێمانی»، شایی و خۆشحاڵیی خۆیان دەربڕی.

خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە دوای ئەوەیکە هەواڵی کوژرانی پاسداری تێرۆریست «قاسم سلێمانی» لەلایەن ئامریکاوە بڵاو کرایەوە، خۆشحاڵیی خۆیان دەربڕی.

خەڵکی کوردستان لە شارەکانی کوردستان، بهبۆنەی کوژرانی ئەو تێرۆریستەی ڕێژیمی ئێران شیرینییان بڵاو کردووەتەوە.

خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە کوشتنی ئەو تێرۆریستە خۆشحاڵن و نفرەت و بێزاریی خۆیان لەو ڕێژیمە تێرۆریستییە ڕاگەیاندووە.

لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا خەڵک بە شێوازی جۆراجۆر خۆشحاڵیی خۆیان دەبریوە.

خەڵکی عێراقیش لە گۆڕەپانی ئەلتەحریری بەغدا، دوای کوشتنی تێرۆریست سلێمانی و چەند تێرۆریستی دیکە، خۆشحاڵیی خۆیان دەربڕی.

## حیزبی دێموکرات و حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لەسەر هاوهەڵوێستی پێداگرییان کرد

لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پیرۆزبایی کۆنگرە و سەرکەوتنی ڕێبەرایەتیی نوێی لە حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان کرد.

ڕۆژی دووشەممە، ٩ی بەفرانباری ١٣٩٨ی هەتاوی بەرابەر لەگەڵ ٣٠ی دێسامبری ٢٠١٩ی زایینی، هەیئەتێکی باڵای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی «مستەفا هیجری»، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەردانی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستانی کرد و لەلایەن هەیئەتێکی باڵای ئەو حیزبەوە بە سەرۆکایەتیی «سەعد خالید»، جێگری سکرتێری گشتی، پێشوازییان لێکرا.

لەو دیدارەدا، «هیجری» وێڕای پیرۆزبایی سەرکەوتنی کۆنگرە و هەڵبژاردنی ڕێبەرایەتیی نوێ بۆ بەردەوامیی کار و تێکۆشانی حیزبی زەحمەتکێشان، پێداگریی لەسەر دۆستایەتی و هاوپێوەندیی لەگەڵ ئەو حیزبە و ڕێبەرایەتی و بەرپرسانی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی نوێی زەحمەتکێشان کرد.

هەر لەو باسانەدا، وێڕای ئاوڕدانەوەیەک لە دۆخی هەستیاری ناوچە و




هەلومەرجی کوردستان بە هەموو بەشەکانەوە، «هیجری» باسێکی لەسەر دۆخی کورد لە ئێران و لە عێراق کرد و هۆکاری بنەڕەتیی گرفتەکانی سەر ڕێگای کوردی بە کۆماری ئیسلامی ناو برد کە گەورەترین کۆسپە لەسەر ڕێگای گەیشتنی خەڵک و بەتایبەت کورد بە ئازادی و گەشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی.

لەو دیدارەدام «سەعد خالید» وێڕای دانی هەندێک زانیاری لەسەر ئاکامی کۆنگرەی حیزبەکەیان، باسی لەسەر دروشمەکانی حیزبی زەحمەتکێشان کرد و هەر کامەیانی شی کردەوە کە بە چ مەبەستێک و لەبەر چ هۆکارێک ئەو دروشمانەیان هەڵگرتووە.

لە درێژەدا وێڕای جەختکردنەوە لەسەر یەکڕیزیی نێومالّی کورد لە هەموو بەشەکان، باسی لە پێویستیی سەرەکیی کورد لەم دۆخە هەستیارەدا کرد کە لە ڕووداوەکانی عێراقدا پێویستە زیاتر لێک نزیک بن و هاوئاهەنگی و هاوهەڵوێستیی سیاسیی زیاتر بۆ کورد لە هەموو شت پێویستترە.

لەو دیدارەدا لەسەر یەکگرتوویی و درێژەدانی پێوەندییەکانیان جەختیان کردەوە.

## درێژەی پەیف

ئاشتی و ئاوەدانیی زیاتر هەنگاو دەنێ، بەڵام بۆ کورد و کوردستان لەنێوچوونی فەرماندەی سوپای تێرۆریستیی قودس زۆر جێی خۆشحاڵیی زیاترە، چوونکە سوپای پاسدارانی ڕێژیم گورزی سەرکوتکەری ئەم ڕێژیمە بۆ وێرانکردنی کوردستان بووە و هەروەها سوپای قودس، بەرپرسی تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و کورد، لە دەرەوەی وڵات بووە و سوپای قودس ئامرازی تیرۆرکردنی ڕێبەرانی کورد، دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی بووە. لە سەردەمی بەرپرسایەتیی قاسم سلێمانیشدا، تاوانی سوپای قودس بە دژی کورد و کوردستان زۆرتر و زۆرتر بووە و تەنانەت باس لەوەش دەکرا کە لە حەماسەی کۆساڵاندا قاسم سلێمانی خۆی ڕۆیشتۆتە سەوڵاوا و فەرمانی داوە کە بە چەکی فۆسفۆریی قەدەغەکراو لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بدەن. بەڵام کوژرانی فەرماندەیەکی تیرۆریست، کۆتایی کار نییە و ئەم ڕێژیمە لە بنەڕەتدا و لە تەواویەتی خۆیدا سیستێمکی تیرۆریستی و تیرۆریستپەروەرە. تیرۆریستێك کەم دەبێتەوە، کەسێکی تاوانبارتر لەو لە جێگای دادەنێن. کاتێك جیهان و ناوچە ڕووی ئارامی بەخۆیانەوە دەبینن کە سەرچاوەی تیرۆریزم واتە ڕێژیمی حاکم لە تاران وشك بکرێ و لەنێو بچێ. دادەگەڕێتەوە بۆ نێو دڵی شار بۆ بەگژداچوونەوەی داگیرکاری و سوپای تاوان.

## یادی لەدایکبوونی قاسملووی هەتوان بەرز ڕاگیرا

لە بەرەبەری شەوی یەڵدا و لەدایکبوونی پێغەمبەری ئاشتیدا کۆمەڵێک چالاکیی جۆراوجۆر لە شار و گوندەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، بنکەکانی حیزبی دێموکرات و لە چیا سەرکەشەکانی کوردستان بەڕێوەچوو کە بەم شێوەیەی خوارەوە بوون.

شەوی ٢٩ی سەرماوەزی ١٣٩٨ی هەتاوی، تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری سنە، بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز و شەوی یەڵداوە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد و لە پەیامێکی ویدیۆییدا پیرۆزبایی شەوی «یەڵدا»یان لە خەڵکی کوردستان کرد.

ڕۆڵەکانی دێموکرات لە شاری گردکشانە، بەبۆنەی شەوی یەڵداوە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد و دروشمی تایبەت بەو بۆنەیان لەسەر دیوارەکان نووسی و هاوکات تراکت و پووستێری تایبەت بەو بۆنەیان لە شوێنەکانی وەک: «بەری پاسگا، بەری قوتابخانە، بازاڕی هەفتانە و نێو گوندی پەسوێ» بڵاو کردەوە.

شەوی ٣٠ی سەرماوەز، لاوانی گوندی نییەر بەبۆنەی ساڵوەگەری لەدایکبوونی دوکتور قاسملوو، وێڕای بڵاوکردنەوەی شیرینی و نووسینی پیرۆزبایی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئاشتی لە سەر کاغەز، پەیامێکی پیرۆزباییان بڵاو کردەوە و تێیدا وەفاداریی خۆیان بە ڕێبازی قاسملوو دووپات کردەوە.

ڕۆژی ٢ی بەفرانباری ١٣٩٨ی هەتاوی، ئەندامانی نهێنیی حیزبی دێموکرات لە شاری شنۆ، بەبۆنەی شەوی یەڵدا و لەدایکبوونی پێغەمبەری ئاشتییەوە پەیامێکیان بڵاوکردەوە و بۆ جارێکی تر پەیمانیان لەگەڵ "دوکتور قاسملوو" و سەرجەم شەهیدانی کوردستان نوێ کردەوە کە تا دوایین هەناسە بە حیزبی دێموکرات وەفادار بن و درێژەدەری ڕێگایان بن.

لە شاری بۆکانیش بەبۆنەی شەوی یەڵداوە چالاکیی تایبەت بەڕێوە چوو و شەوی لەدایکبوونی دوکتور قاسملوو بەرز ڕاگیرا و لە هەندێ شوێنیشدا بەبۆنەی شەوی یەڵداوە، تەقەی خۆشییان کردووە.

هاوکات پۆلێک لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گوندی «مێراو»، سەر بە ناوچەی ژاوەڕۆی سنە، بەبۆنەی ٨٩ـەمین ساڵڕۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئاشتی، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

لە ٤ی بەفرانباری ١٣٩٨دا، پێشمەرگەکانی شار لە پیرانشار، بەبۆنەی شەوی یەڵداوە، بە دانانی چەک و ڕەخت و هەروەها دانانی وێنەی ڕێبەری مەزن دوکتور قاسملوو، پیرۆزبایی شەوی یەڵدایان کرد و لەگەڵ ڕێبازی هەموو شەهیدانی کورد و کوردستان پەیمانیان نوێ کردەوە.

ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە، ٩ی بەفرانباری ١٣٩٨ی هەتاوی، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە دەشتی لاجانی پەسوێ سەر بە شاری پیرانشار، بە نووسینی وتەکانی دوکتور قاسملوو، پەیمانی وەفاداریی خۆیان لەگەڵ ڕێبازی ئەو ڕێبەرە نەمرەی گەلی کورد دووپات کردەوە.

کوردەکانی گیلانیش بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمێکی تایبەت، یادی شەوی یەڵدایان بەرز ڕاگرت، گرووپی هەڵپەڕکێی «دیلان»ی ورمێ بە چەندین تابلۆ هەڵپەڕکێ لەم ڕێوڕەسمەدا بەشدارییان کردبوو.

ئێوارەی ڕۆژی ٢٨ی سەرماوەزی ١٣٩٨ی هەتاوی، ڕێوڕەسمێک لە بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکرات و لە لایەن یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بۆ بەرزڕاگرتنی شەوی یەڵدا و لەدایکبوونی ڕێبەری بلیمەتی گەلی کورد، دوکتورعەبدولڕەحمان قاسملوو، بەڕێوە چوو. ئەم ڕێوڕەسمە بە بەشداری بەشێک لە ئەندامانی ڕیبەریی حیزب و کادر و پێشمەرگە وبنەماڵەکانی دێموکرات بەڕێوەچوو کە کۆمەڵێک بڕگەی جیاوازی لەخۆ گرتبوو.

شەوی ٣٠ی سەرماوەز، بە دەستپێشخەریی بنکەی پێوەندییەکانی حیزب لە سلێمانی و بە هاوکاریی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەم شارە، ڕێوڕەسمێکی تایبەت و بەشکۆ بۆ یادی لەدایکبوونی دوکتور قاسملوو بەڕێوە چوو. ڕازێنەرەوەی ئەم ڕێوڕەسمە، خوێندنەوەی چەندین شێعر و پەخشان و هەروەها پێشکەشکردنی چەند سروود و گۆرانیی فۆلکلۆری کوردی لەلایەن کۆڕی موزیکەوە بوو کە کەشێکی تایبەتی بە ڕێوڕەسمەکە بەخشی.

شەوی ٣٠ لەسەر ١ی بەفرانبار واتە شەوی یەڵدا کە هاوکاتە لەگەڵ ٨٩یەمین ساڵڕۆژی لەدایکبوونی دوکتور «عەبدولڕەحمان قاسملوو»، کۆمیتەی هەولێر سەر بە دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکرات، لە هەولێر ڕێوڕەسمێکی بەشکۆی بەڕێوە برد. لەم ڕێوڕەسمەدا دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزب، وەک نەریتی ئاسایی ساڵانی پێشوو، خەڵات و لەوحی ڕێزلێنانی پێشکەش بە پۆلێک لە ئەندامان و لایەنگرانی خۆی کە ٢٠ ساڵ بەسەر تێکۆشانی سیاسی و مانەوەیان لە ڕیزەکانی حیزب تێپەڕیوە، کرد و بەم چەشنە ڕێزی لە خەبات و خۆڕاگرییان گرت کە لەلایەن ئەندامانی ناوەندی سیاسی و ئەندامانی دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبەوە خەڵاتەکانیان پێ بەخشرا.

ڕۆژی یەکشەممە، ١ی بەفرانبار، کۆمیتەی حیزب لە شاری «چۆمان» لە هەرێمی کوردستان، ڕێوڕەسمێکی بە بەشداریی بەشێک لە پێشمەرگە و ئەندام و لایەنگرانی حیزب، بەبۆنەی بەرزڕاگرتنی شەوی یەڵدا و یادی لەدایکبوونی ڕێبەری گەورەی گەلی کورد «دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو»، بەڕێوە برد.

شەوی ١ی بەفرانباری ١٣٩٨ی هەتاوی ، لە کەمپی جێژنیکان، بە بەشداریی بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزب و هەروەها کادر وپێشمەرگەو بنەماڵەکانی دێموکرات ڕێوڕەسمێکی تایبەت بۆ یادی لەدایکبوونی قاسملووی هەمیشە ڕێبەر بەڕێوەچوو.

لە شەوی ٢ی بەفرانباری ١٣٩٨دا، شەوی یەڵدا، شەوی لەدایکبوونی ڕێبەری ئاشتیخوازی گەلەکەمان دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، لەنێو خاکیپۆشان بە پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێبازی قاسملوو، بەرز ڕاگیرا. لەم ڕێوڕەسمەدا چەندین کێبڕکێی هزری و وەرزشی لەلایەن بەشداربووانەوە بەڕێوە چوو کە نەفەراتی یەکەم خەڵات کران و هەروەها بەشێکی دیکە لە خەڵاتەکانی (١٤)ـەمین فێستیڤاڵی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەلایەن بەرپرسانی هەر دوو هێزی ١١٥ و ١٢٢ی سەر بە دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەسەر براوەکانی بەشی نیزامی، سیاسی و وەرزشیدا دابەش کرا. پارێزەرانی سەنگەری شەرەف و باوەڕ لەو شەوەدا، یادی شەهیدانی ئەم دواییانەی کوردستانیان بەرز ڕاگرت.

# ئەنجام و لێکەوتەکانی کوژرانی قاسم سلێمانی

**کەیوان دروودی**

قاسم سلێمانی وەکوو بەدەسەڵاتترین ڕواڵەتی نیزامی و سیاسی لەدوای عەلی خامنەیی لەنێو ڕێژیمی ویلایەتی فەقیە دەناسرێ. ئەو بۆ ڕێژیمی ئێران، جیا لەوەی لەڕووی نیزامی و سیاسیی و عەقیدەتییەوە وەکوو کاراکتەرێکی بەرچاو ڕۆڵی دەگێڕا، سووژەیەکی پڕڕەنگ بۆ پڕۆپاگەندا و شانتاژی ئایدیۆلۆژیکیش بوو. لێدان و لەنێوبردنی سلێمانی، لەڕاستیدا شۆکێکی گەورە لە لەشی ڕێژیمی ئێران بوو. هەروەها لەنێوچوونی قاسم سلێمانی بۆ فاشیزمی فارسیش کۆستکەوتنێکی مەزن دێتە ئەژمار، وەک دەزانین ئایدیۆلۆژیی حوکمڕانی لە ئێراندا دوو ڕووی تەواوکەر و لەهەمان کاتدا لێکدژی هەیە کە بریتین لە ئایدیۆلۆژیی وەلیی فەقیە و ئیسلامی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی ناسیۆنالیزمی ئارکائیکی کە هەردووکیان خۆیان لە بونیادگەرایی پەتیدا دەبیننەوە. کوژرانی قاسم سلێمانی لە هەلومەرجێکدا بوو کە خەڵکی وڵاتانی ناوچە ڕژابوونە سەرشەقام و داوای بڕینەوەی دەستی ڕێژیمی ئێرانیان دەکرد. ئۆتۆریتەی ئەو ڕێژیمە بەتەواوەتی لە لێوارەی پترووکان و دارماندا بوو. لەبەرامبەردا بوونی هێزی میلیشیایی و پشتیوانیی ماڵی و سیاسیی و تەشکیلاتیی ڕێژیم لە بەشێک لە ڕەوتە سیاسییە سەرسپێردراوەکانیان لەو وڵاتانە، ببووە گرێ‌کوێرەیەک و خەڵک لەو وڵاتانە لە بەرامبەر هێزی میلیشیاییدا تووشی سەرکوت و زەبروزەنگ بوون. ئەمە وایکردبوو کە بەشێ لە خۆپیشاندەران داوای دەستێوەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بکەن.

ئەم چاوەڕوانییەش بەپێی ناوەڕۆک و ماهییەتی ئامریکا لە ئاستی جیهان و بەرپرسیارەتییەک کە لانیکەم بەدروشم هەڵیگرتووە زۆر گەورە و دوور لە واقیع نەبوو. هەرچۆن بێت ڕێژیمی ئێران توانیبووی لەڕێگەی سازکردنی گرووپی میلیشیایی، نەزم و تەکووزیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هێمنایەتیی خەڵکی وڵاتەکانی ناوچە بخاتە مەترسیی جیدییەوە، وەک دەزانین لەناوخۆی ئێرانیش، بەتایبەت لەپاش کوشتوبڕی مانگی خەزەڵوەر لەلایەن سپای پاسدارانەوە، داواکارییەکانی خەڵک بۆ پشتیوانیی ئامریکا (بەدروست یان نادروست) و پاراستنی گیانیان و یارمەتیدانیان ڕووی لە هەڵکشان کردبوو. هەر هەموو ئەمانە پاڵنەرێکی بەهێز بوون تا قاسم سلێمانی مەئموور بکرێ بۆ دامرکاندنەوەی نارەزایەتییەکانی نێو ئەو وڵاتانە و پێشپێگرتن لە تەشەنەی ئەم نارەزایەتییانە. لەلایەکیتریشەوە ئاگرتێبەردانی کونسوولگەرییەکانی ڕێژیمی ئێران لە شارە جۆربەجۆرەکانی باشووری عێراق و ئەو شوێنانەی لەڕووی ئیستراتیژییەوە لە بندەستیی سپای قودسدا بوو، هۆکارێکی گەورە بوون تا دەسەڵاتدارانی ڕێژیم دەست بۆ ڕیسکێکی گەورە بەرن کە ئەویش هێرش و داگیرکردنی باڵوێزی ئامریکا لە ناوچەی سەوزی بەغدا و هاویشتنی ڕۆکێت بۆ بینای ئەو باڵوێزخانەیە بوو، هەنگاوێ کە بوو بەهۆی کوژرانی هاووڵاتییەکی ئامریکایی. هەر هەموو ئەم هۆکارە بڕگەییانە بوون بە کاتالیزۆرێک بۆ پێکدادانی دوو هێڵی لێکدژ کە سەرێکیان ئامریکا و ڕۆژاوا و سەرێکی ئێران و گرووپە میلیشیاییەکان بوون کە لە ئەدەبیاتیی ڕێژیمدا بە میحوەری مقاومەت ناوی لێ دەبردرێ. بەریەککەوتنەکە لە کۆتاییدا بوو بەهۆی کاردانەوەی ئامریکا کە کوژرانی قاسم سلێمانی و ئەبوو مەهدی موهەندیسی سەرکردەی حەشدی شەعبیی بەدواوە بوو. لە ئێستەدا کۆڵەکەی پڕۆپاگەندا و خۆپێگەورەکردنەوەی ڕێژیم، لەنێو چووە و هەقیقەتی لاوازیی ڕێژیم لەڕووی هەواڵگری، نیزامی و ئەمنییەتی دەرکەوتووە، بەتایبەت کە ئەو ڕێژیمە لە ئێستەدا لەڕووی ناوخۆییەوە تووشی شەپۆلێکی نوستوو لە نارەزایی و هاواری کپ‌کراوە و هەر تێکهەڵچوونێ لە دەرەوە و لە ئەنجامدا زەبروێکەوتنێ، دەتوانێ زەمینەی کڵپەی ئەو نارەزاییە و خرۆشانی جەماوەری خۆش بکات.



خاڵێکی جێی سەرنج ئەوە بوو کە ئەم تێسرەواندنە پڕ وردەکارییە، ئەوەی دەرخست کە ئامریکا دەستی باڵای هەیە لەڕووی هەواڵگری و زانیارییەوە و مۆرەکانی ئێرانی لەژێر چەتری چاوەدێریی خاڵ بە خاڵ و چرکە بە چرکەیدان و ئەمەش دیسان دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ڕێژیم و ساختاری ویلایەتی فەقیە پێچەوانەی ئیدیعاکانی، چەندە لەرزۆک و لاوازە، بەجۆرێ کە سەنتکهام کاتی هەڵفڕین و نیشتنەوەی فڕۆکەی هەڵگری قاسم سلێمانی و دابەزین و پەیوەستبوونی بە کاروانی میلیشیاکانی و چرکەساتی بەڕێکەوتنیان بەوردی دەزانێ و زانیاریی تەواوی لە بەر دەستدایە. خاڵێک کە ناکرێ لەم بارەوە پشتگوێی بخەین، مانۆڕی نیزامیی هاوبەشی ڕێژیمی ئێران و هێزەکانی چین و ڕووسیە لە ڕۆژانی ڕابرووودا بوو. مانۆڕێ کە نرخەکەی ڕادەستکردنی چابەهار، خەزەر و کەنداو بوو بە چین و ڕووسیە. وەک دەزانین چەند ساڵە بە هەڵکشانی گوشارەکانی سەر ڕێژیم دوو وڵاتی چین و ڕووسیە زۆرترین کەڵکیان وەرگرتووە و هەتا توانیویانە ئەو هەلەیان لەپێناو دەسبەسەرداگرتنی سەرچاوەکانی ناو جوغرافیای ئێران گواستووەتەوە.

ئەم مانۆڕەش وەک چاوەڕوان دەکرا لەپێناو چاوترسێن کردنی خەڵکی ژێرچەپۆک لە ناوخۆ و دەرەوە بوو کە گوایا ئەو دوو وڵاتانە ئامادەن لەپێناو ڕێژیمدا بەرگریی لێ بکەن. بەڵام وەک بینیمان هەڵوێستیی ئەم وڵاتانە لەسەر کوژرانی قاسم سلێمانی نەک هەر بێلایەنانە بەڵکوو بەلای ئامریکادا دەشکایەوە. کەواتە ڕێژیمی ئێران لە ئێستەدا لەناو قەیرانێکی ناوخۆیی و دەرەکیدایە و نە توانای پاشەکشەی هەیە و نە زەرفی خۆگۆڕین و بەخۆداچوونەوە و نە پۆتانسییەلی درێژەی سیاسەتی ئایدیۆلۆژیکی رادیکالیی فاشیستی و مەزهەبی. ئەم چەقبەستووییە لە کۆتاییدا پێویستی بە ریسکێکی گەورە بۆ هەر یەک لەو بژاردانەی سەرەوەیە کە هەرکام لەجێی خۆیدا، تێچوو و باجی تایبەتیی خۆی دەخوازێ. هەربۆیە سادەترین ئەنجامگیریی مەنتقی ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ، کە ڕێژیمی ئێران نابێتەوە ئەو ڕێژیمەی کە بە هەڕەشە ڕوو لە دەرەوە و بە چاوترسێنکردن ڕوو لە ناوەوە، لە هەوڵی پێکەوەنانی ئیمپراتۆرییەکی ئایدیۆلۆژیکی بێسنووردا بوو.

# ئەمنییەتی خواردەمەنییەکان لە کوردستاندا

**ڕووش**

مرۆڤە سەرەتاییەکان هەمیشە هەوڵیان داوە هەتا خۆیان لە بەڵا سروشتییەکان وەک لافاو، هەورە برووسکە و تۆفان و هتد بپارێزن . مرۆڤ بۆ ژیان پێویستیگەلێکی سەرەتایی وەک ئاو، هەوای سالم، خواردن و هتد هەیە کە بەردەوام دەبێ لێیان بەهرەمەند بێ. نەبوون یان مەترسی نەمانی هەر کام لەمانە ژیانی مرۆڤ بەرەو قەیران و لەناوچون دەبات . دەستڕاگەیشتن بە ژیانێکی ئاسوودە و بە دور لە ترس و دڵەڕاوکێ ئاواتی مرۆڤە سەرەتاییەکان بووە و هەتا ئێستاش ئەو ئاواتە لە فۆڕمی جیاجیادا و لە قەبارەی نوێدا بە سەر زەینی مرۆڤی زۆربەی سەردەمەکاندا زاڵ بووە . مرۆڤ لە مردن ترساوە و هەربەم مەبەستیشە ڕێگاگەلێکی لە ژیاندا هەڵبژاردووە هەتا زیاتر لە سەر گۆی زەوی درێژە بە ژیان بدات یان لانیکەم ژیانەکەی لە ترس و دڵەڕاوکێ بە دوور بێت . هەتا ئێستاش پاراستنی گیان [ صیانت نفس ] سەرەکیترین باس و خواستی نەوتراوی نەستی بەشی هەرەزۆری مرۆڤەکانە. ئینسان لەم ڕێگادا ناچار بە داهێنان بووە. ناچار بووە زۆربەی کاتەکان خۆی دوورەپەرێز بگرێت یان هەندێ جاریش بۆ داهاتووی بەختەوەرانە و ئارامی خۆی هەندێ کار و کردەوە و داهێنانی پڕمەترسی بەڕێوە ببات. هەوڵی زاڵبوون بە سەر سروشتدا بۆ پاراستنی گیان و دڵنیایی لە داهاتوو مرۆڤی بەرەو مودێڕنیتە و تیکنۆلۆژی و بەرهەمهێنانی لە ڕادەبەدەر هان داوە. لە سەردەمی نوێدا دەوڵەتەکان لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە پلانی قۆرخکردنی تەواوی پێویستییەکانی ژیانیان هەیە. زۆربەی حکومەتەکان خۆیان لە بەرانبەر ژیان و بژیوی شارۆمەندانی خۆیان بە بەرپرس دەزانن و بۆ ئەو مەبەستەش زۆر جار پەلاماری وڵاتانی دیکە و ژینگە دەدەن و لە ململانێیەکدا بۆ بەقا و مانەوە و خۆشبژیوی لایەنێک زەرەرمەند دەبێت، بەڵام جیاواز لەوە کە خەڵکانی وڵاتێک زەرەرمەند دەبن هەمیشەش کەڵکی نادروست لە ژینگە بۆ بەرهەمهێنانی زیاتر لە ڕادەی پێویست وەرگیراوە و گۆی زەوی بەرەو دۆخێکی مەترسیدار دەڕوات . مرۆڤەکانی سەردەمی مودێڕنیتە ئیتر وەک ئینسانە سەرەتاییەکان هەوای پاک و خاوێن هەڵنامژن بەڵکوو بە هۆی زۆربوونی کارخانە و ماشینەکانەوە هەوای سالم کەمتر بوونی ماوە بەڵام لە بەرانبەردا خێرایی هاتوچۆ و زۆربوونی خواردەمەنی و جلوبەرگیان بۆ خۆیان مسۆگەر کردووە . ژیانی مرۆڤ لە باری جەستەیی یان فیزیکاڵەوە لەوانەیە هەندێ باشتر بووبێت بەڵام لەباری ڕەوانییەوە ئەگەر خراپتریش نەبووبێ بەدڵنیاییەوە باشتر نەبووە . ترسگەلی جۆراوجۆر زەینی تاکەکانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە . لە ئێران و کوردستاندا قەبارەی ئەم دڵەڕاوکێ دەرونیانە بەردەوام لە زیاد بووندایە و بە هۆی بەرپرس نەبوون و وڵامدەر نەبوونی حاکمییەتی ئیدئۆلۆژی ئێران، خەڵک لە باری دەرونییەوە هێشتا دڵەڕاوکێی مرۆڤە سەرەتاییەکانیان هەیە. خەڵکانی ئێران بە بارانێکی ئاسایی تووشی لافاوێک دەبن کە ژیان و ماڵیان بەرەو نەمانی هەمیشەیی دەڕوات . خەڵک بە بوومەلەرزەیێک ماڵەکانیان دەڕوخێ و ساڵانێکی زۆر بێ خانوو لە ناو سەرما و گەرمای سروشتدا لە چادر یان کانێکسێکدا ژیانێکی سەخت و دژوار تێپەڕ دەکەن . بەرهەمی کشتوکاڵی ئێران لە ڕێگای کاربەدەستە حکومەتییەکان لە چەند مانگدا ئاودیوی دەرەوەی سنوورەکان دەکرێ و لە بری دۆلار وەردەگیرێ هەتا کەسری بودجە و گەندەڵی و دزی کاربەدەستانی حکومەتی و ئاغازادەکانیان قەرەبوو بکاتەوە . خەڵکی ئێرانیش بە گرانترین نرخ ناچارن ئەو بەرهەمە کشتوکاڵیانە بکڕن چون حکومەت ژیانی ناوخۆیی بۆ گرینگ نییە . کارخانەکانی بەرهەمهێنان لە ئێراندا بە زۆری لە دەست کەسانی حکومەتیدان و ڕقابەتێکی ئازاد لە نێوان بەرهەمهێنەکاندا بوونی نییە . ڕانت و گەندەڵی و پارتی بازی دیاری دەکات کێ و لە کوێ و چۆن بەشێک لە پێویستییەکانی ژیانی خەڵک بە دەستەوە بگرێ . حاکمییەتی توتالیتێر بە بیرێکی کۆلۆنیالیستییەوە سەیری نەتەوەکانی جوغرافیای ئێران دەکات و ئیزنی گەشەکردنی ئابووریی ئازاد بە خەڵک نادات . بۆ نمونە کوردستان کەمترین کارخانەی بەرهەمهێنانی تێدایە . ئەوەیە کە حاکمییەتی ئێران لە گەڵ خەڵکی ناوخۆی جوغرافیای خۆیشیدا وەک وڵاتێکی بێگانە هەڵسوکەوت دەکات و جگە لەوە سەرچاوەکانی ژیانی کوردستان وەک ئاو و کانگا ژێرزەوینییەکان بە تاڵان دەبات . ڕێگری لە هەر چەشنە گەشەیەکی ئابووری دەکات . حاکمییەتی تاران لە هەموو سەردەمەکاندا ئەم بەرنامانەیان پەیڕەو کردووە هەتا نەتەوەی کورد لە دڵەڕاوکێی ژیاندا بهێڵنەوە . ئێحساسی نەبوون یان دەستنەکەوتنی شتێکی پێویست بۆ ژیان لە داهاتوودا، زیاتر ترس لای مرۆڤ دروست دەکات هەتا نەبوونی شتەکە . ئێحساسی نەمانی کەرەستەکانی ژیان ئەمنییەتی ڕوانی و جەستەیی ئینسان دەخاتە مەترسییەوە . لێرەدا ئیمکانی ئەوە نییە هەتا دانەدانە باسی ئەو کاڵایانە بکەین کە حاکمییەت بە شێوەی سیستماتیک ناهێڵێت لە کوردستان بەرهەم بێن بۆیە زیاتر فووکوسێکی کورت دەکەمە سەر خواردەمەنییەکان و دەرمان و خاوێنکەرەوەکان . لە سەردەمی ئێستادا هەبوونی ئەم کاڵایانە و ڕەنگاڵەییان بە کوالێتی و ستانداردی باشەوە پێویستییەکی ئەساسییە . خواردەمەنییەکان بە سەر خواردەمەنیی سروشتییە کشتوکاڵییەکان و خواردەمەنییە بەستەبەندی کارخانەکاندا دابەش دەبێ . حاکمییەت بە بیانووگەلی جۆراوجۆر ئیزن نادات هەتا لە جوغرافیای کوردستاندا کارخانەی بەرهەمهێنان دروست ببێت هەر بۆیە خەڵکی کوردستان ناچارن ئەو کاڵایانە بکڕن کە لە شارەکانی مەشهەد ، تاران و باکوری ئێران بەرەو کوردستان نەقڵ دەکرێن . دووری و گواستنەوەی ئەو کاڵایانە لە شوێنی بەرهەمهێنانەوە بۆ شوێنی مەسرەف یەکێک لە هۆکارەکانی گرانی و خراپبوونی ئەو کاڵایانەیە . خواردەمەنییە گەرم یان ساردەکان پێویستە لە ماشینی تایبەتدا ئاڵوگۆڕیان پێ بکرێ کەچی زۆربەی کاتەکان ئەم پێوەرانە لە پێش چاو ناگیرێ و ئەو کاڵایانە بە خراپی دەگاتە دەستی خەڵکی کوردستان . تەنانەت شیرەمەنییەکانیش کە دەبێ لە کەمترین ماوەدا مەسرەف بکرێ لە شارە گەورەکانی ناوەندی ئێرانەوە بۆ کوردستان بەڕێ دەکرێ . لە کوردستاندا لە بری کارخانەی بەرهەمهێنان، شیرکەتگەلێکی بڵاوکردنەوەی ئەو کاڵایانە هەن کە ڕۆژانە ئەو کاڵایانە بە سەر دوکان و فرۆشگاکاندا بڵاو دەکەنەوە . لە ساڵانی ڕابردوودا حکومەت چەند فرۆشگاییێکی زنجیرەیی [ کورش ، ڕفاه ، شەهروەند و هتد ] لە ئێران و کوردستاندا بە مەبەستی کۆکردنەوەی زیاتری قازانج و کۆنترۆڵ کردنی بازاڕی خواردەمەنییە بەستەبەندییەکان دامەزراند کە دەگوترێ زۆربەی ئەو فرۆشگا گەورانە سەر بە سپای تیرۆریستی پاسدارانن . ڕێژیم لێرەدا توانی تا ڕادەیەک شیرکەتەکانی بڵاوکردنەوەی مەوادی خۆراکی و خاوێنکەرەوەکانی کوردستان تووشی شکستی ماددی بکات چون ئەو فرۆشگایانە ڕاستەوخۆ لە کارخانەکانی سەر بە ناوەندە ئەمنییەتییەکانەوە کاڵایان بە نرخێکی کەمتر بۆ دەهات و ئیتر کاسبکارە کوردەکان نەیاندەتوانی ڕقابەتیان لەگەڵ بکەن . پڕئاشکرایە کە حکومەت نەک لە بەر خۆشەویستی خەڵکی کوردستان بەڵکوو بۆ کۆنترۆڵ کردن و چەوساندنەوەی خەڵک [ چ فرۆشیار و چ کڕیار ] ئەم فرۆشگایانەی دامەزراندووە . وەزعییەتی دەرمان لە کوردستانیشدا هاوشێوەی خواردەمەنی و خاوێنکەرەوەکانە . زۆربەی دەرمانە خارجییەکان کە ستانداردیان لە ئاستێکی بەرزدایە لە شارە کوردنشینەکان کەمتر دەست دەکەون . وەزارەتی بێهداشت و داروخانەی هیلال ئەحمەری تاران وەک ناوەندێک بۆ زەوتکردنی ئەو دەرمانانە و بێبەشکردنی خەڵکی کوردستان لێیان بە شێوەی پلان بۆ داڕێژراو دەچێتە پێش . جیاواز لەوەش ئەو دەرمانانە هێندە گرانن کە زۆربەی خەڵکی کوردستان توانای کڕینیانی نییە . ڕێژیم لە ڕێگای وەزارەتی بێهداشت و کارخانە داروسازییەکانەوە ئەو بەشە لە دەرمانەکان بە خەڵکی کوردستان دەفرۆشن کە ستانداردیان لە خوارەوەیە . ڕێژیم لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا بە تایبەت ڕێگری لە هاتنی دەرمانی ناوخۆیی بە کوالیتی بەرزەوە بۆ کوردستان دەکات . کارخانەی داروسازی لە کوردستان نییە هەر بۆیە بەشی زۆری ئەو دەرمانانەش کە دێتە کوردستان لە ڕێگای شیرکەت پەخشەکانەوە دێت . نەبوون یان خراپ بوونی ماشینە یەخچاڵییەکانی گواستنەوەی دەرمان دەبێتە هۆی خراپبوونی دەرمانەکان و سەرەڕای ئەوە کە دەرمانەکان ماوەیان بەسەر نەچووە بە خراپی دەگەنە دەستی نەخۆشەکانی کوردستان . لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا لە زۆربەی کەیک و تیتاب و کولوچەکانی ناوخۆی ئێراندا قورس و دەرمان بینرا و هەر ئەمەش بووە هۆکارێک کە خەڵک زیاتر چاویان بکەنەوە و بە پارێزەوە خواردەمەنییەکان بکڕن . سەرەڕای گرانی بەردەوامی جۆرەکانی خواردەمەنییەکان لە ئێراندا و کەمبوونەوەی توانای کڕین لە لایەن خەڵکەوە ڕێژیمی فاشیستی تاران لە هەموو ڕێگایەکی جینایەتکارانە و دژەئینسانی بۆ چەوساندنەوە و بێبەشکردنی خەڵک لە خۆشبژیوی و ژیانێکی بێ دڵەڕاوکێ کەڵک وەردەگرێ . ڕێژیم دەرمان و خواردەمەنییەکان وەک چەکێک بەرانبەر بە گیان و ماڵی هاووڵاتیان بەکار دەهێنێ . بەرزبوونەوەی بەردەوامی نرخەکان لە ئێراندا و دەست نەکەوتنی کاڵا باشەکان وەها دەکات کە شارۆمەندان ماڵەکانیان بکەنە ئەنبارێکی بچووک بۆ کۆکردنەوە و حەشاردانی خواردەمەنییەکان و خاوێنکەرەوەکان . خەڵک لە ڕووی ناچارییەوە دەبێت کاڵای بێ کەیفییەتی کارخانەکانی سپای تیرۆریستی پاسداران بە گرانترین نرخ بکڕن هەتا ژیانیان نەکەوێتە مەترسییەوە . حکومەتێک کە بە چاوی دوژمن لە خەڵکی کوردستان دەڕوانێ و لە دەرمان و شیری وشکی منداڵانی ساواشدا غەدر و خەیانەت دەکات . تەقەلووب و کەمفرۆشی و گرانی بەردەوام و دەست نەکەوتنی کاڵا ئەمنییەتی دەروونی خەڵکی ئێران و کوردستانی خستووەتە مەترسییەوە بۆیە خەڵک ناچارن هەندێ ڕێگا بگرنە بەر کە لە سەردەمی تەمەدون و خۆشبژیویدا شتێکی گونجاو نییە . حاکمییەتی تاران هەمووی ئەم کارانە دەکات هەتا نەتەوەکانی ئێران بکات بە کۆیلەی خۆی بەڵام بە دڵنیاییەوە لە داهاتوویەکی نەک زۆر دووردا خەڵک ئەم سیستەمە بێ ئەخلاقە تێکەوە دەپێچن و بەرەو گۆڕستانی بەڕێ دەکەن .و سامانی وڵاتییان پێدراوە و هەموو خەڵکیش بە ڕەعیەتی خۆیان دەزانن و ئامادە نین کە هیچ سەرمایەیەکیش لەگەڵ خەڵکدا دابەش بکەن، لە ڕاستیدا ئەمان لەژێر سێبەری ئیسلام و سیاسەتی درۆ و فرتوفێڵ، سەرمایەدارانێکن کە بە کەڵکوەرگرتن لەو هەموو سەرمایەی کە کەوتووەتە دەستیان تەناهی و ئاسایشی هەموو جیهانیان خستووەتە مەترسییەوە.

سەرچاوە و ڕیشەی هەموو ئەو ناتەبایی و گەندەڵی، فەقر، گرانی، ... و نائەمنییە ناوچەیی و جیهانییە، بۆ خەڵکی ئێران دەگەڕێتەوە، ئەویش لەو سۆنگەوە کە هەتاکوو خەڵکی ئێران مل بۆ سیاسەت و شانۆگەرییەکانی کۆماری ئیسلامی ڕابکێشن، هەتاکوو لە بەرانبەر دزی و گەندەڵی حکوومەتی و سیاسەتی نامرۆڤانەی ئەو ڕێژیمە بێدەنگ بن، بەشێکن لەو ئاڵۆزییانە و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ تەئیدی کۆماری ئیسلامی دەکەن. ئەو ڕێژیمە کە سەرتاپای نوقمی گەندەڵی و فەساد و بێسەروبەرەییە، نە توانای ئاڵوگۆڕی تێدایە و نە دەشتوانێ خزمەتی خەڵک بکات و گرفتەکانی خەڵک چارەسەر بکات، هیچ ئومیدێک جگە لە هەوڵدان بۆ ڕوخاندنی ئەو دەسەڵاتە لەبەردەستدا نییە، پێویستە کە خەڵک قۆڵی هیممەت هەڵماڵن و بە یەکگرتوویی و یەکدەنگی تۆماری ئەو سیستەمە سەرتاپا درۆ و گەندەڵە بپێچنەوە و سێبەری ڕەشی لەسەر ئاسمانی ئێران و جیهان بسڕنەوە.

# «کوردستان» بۆ کوردستان

شەماڵ تەرغیبی

تەمەنی ڕۆژنامەگەریی لە نێو گەلی کورددا زۆر دوورودرێژ نییە بەڵام بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان هاوکاتە لەگەڵ بزاڤی رزگاریخوازی ئەم گەلە کە بۆ دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین لە ئارادا بووە، بە واتایەکی تر ڕۆژنامەگەریی کوردی و بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد، وەک دووانەیەکی لێکدانەبڕاو هاتوونەتە کایەوە و لەگەڵ هەموو هەوراز و نشێوەکانی خەبات، ڕۆژنامەگەریش تووشی ئەم بەرز و نزمییانە هاتووە بەڵام کۆڵی نەداوە؛ هەرکاتێک ڕێبەرانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان، ناچار بە کۆچ و نیشتەجێبوون لە تاراوگە بوون، ڕۆژنامەگەریی کوردییش کۆچی کردووە و لە تاراوگەدا درێژەی بە خەبات و خزمەتەکانی داوە؛ ئەگەر بزاڤ ڕووی لە شاخ کردووە و چەکی لەدژی داگیرکەر هەڵگرتووە ئەوا ڕۆژنامەش بە پەیڤەکانی و هەنگاو بە هەنگاو و هاوشان لەگەڵ چەک خۆی زاڵ کردووە بەسەر بەرزاییەکاند؛ ئەگەر بزووتنەوە ڕووی لە خەباتی نهێنی کردبێت و لە شارەکاندا خۆی ڕێکخستبێت ئەوا ڕۆژنامەش بە نهێنی درێژەی بە چالاکییەکانی داوە.

یەکێک لەو پەیڤانەی کە هەر لە دامەزرانییەوە تاکوو ئێستە بەردەوام بووە لە خەبات و وێڕای خەباتگێڕانی گەل بەقوڕگی شەوەزەنگدا چووەتەوە و خاوەن پێگە و جێگەیەکی شیاو لە نێو ڕۆژنامەگەریی کوردییە، ڕۆژنامەی «کوردستان»ە کە بە ناوازە لەقەڵەم دەدرێ، چونکە یەکەم ژمارەکانی ئەو ڕۆژنامەیە لە سەردەمی دەسەڵاتی دێموکراتیک و نەتەوەیی «کۆماری کوردستان»دا چاوی ڕوو بە دنیای پڕ لە زوقم و بەستەڵەک و تاریکی هەڵێنا.

هەر وەک لە سەرەتاشدا هێمای بۆ کرا ڕەوتی چالاکی و خەباتی بزووتنەوە بەرەو چ ئاراستەیەک ڕۆیشتبێت ڕۆژنامەگەریش هەمان چارەنووسی ئەزموون کردووە؛ بۆنموونە پاش هەرەسهێنانی کۆمار کە بەشێکی بەرچاو لە چالاکانی سیاسی ئەو کاتە ناچار بوون ڕوو لە کوردستانی باشوور و وڵاتانی دیکە بکەن، «کوردستان»یش تووشی هەمان چارەنووسی نەخوازراوی ئاوارەیی و تاراوگە بووە.

هەر ئەمەش وای کردووە کە زۆربەی هەرەزۆری ژمارەکانی ڕۆژنامەی «کوردستان» لە شاخ و تاراوگە و ئاوارەییدا، چاپ و بڵاو ببنەوە، بەڵام ئەوەیکە جێگەی شانازی و فەخرە، ئەو ڕاستییەیە کە پێنووسی نووسەرانی ئەم ڕۆژنامەیە هەر بۆ لای نیشتمان و هەر بۆ کوردستان بووە.

ڕۆژنامەی کوردستان، بە ٧٤ ساڵ تەمەنەوە، بەئەزموونترین و بەڕابردووترین ڕۆژنامەی کوردییە کە هەنووکەش درێژە بە خزمەتەکانی خۆی دەدا و ئێستاش وەك رابردوو، «ئازادی» و «مافی دیاریکردنی چارەنووس» هەر ئامانجیەتی.

لە هەمان کاتیشدا لە ماوەی ئەم ٧٤ ساڵەدا، سەرباری هەموو قورسییەکانی ڕێگا پڕ کەندولەندەکەی نێوەڕۆکی ڕۆژنامەکە هەر ئەو پەیامە بەهێز و نیشتمانویستییەیە کە نووسەرانی ڕۆژنامەی «کوردستان» لە سەرەتاوە باوەڕیان پێی هەبووە و لە بابەتەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە. کەسانێکی وەک مامۆستا هێمن، هەژار ، حەسەن قزڵجی، دڵشاد ڕەسوڵی ،م. حەمەدی شاپەسەندی، سدیق حەیدەری، مەنافی کەریمی، حوسێن فروهەر و عەتر گلۆڵانی (محەمەد نوری ) و خالید حیسامی (هێدی ) و دەیان و سەدانی تر.

جیا لەو باس و بابەتانە ئەوەیکە ڕوونە، لە دنیای ئەمڕۆدا کە میدیا وەکوو کۆڵەکەی چوارەمی دێموکراسی دەناسرێ و لە ڕەوتی گەیاندنی زانیارییەکان و وشیارکردنەوەی کۆمەڵگادا، خاوەنی ڕۆڵێکی بنەڕەتی‌و شوێندانەرە، دەبێ «کوردستان» جگە لە پێگە مێژوویی و مەعنەوییەکەی خاوەن چ تایبەتمەندیگەلێک بێت کە هەروا بەپێوەیە؟

بۆ دانی وڵامێکی درووست بەم پرسیارە دەبێ پێمل بەو ڕاستییە بین کە ڕۆژنامە و بەگشتی ڕاگەیەنە چاپییەکان، بەبەراورد لەگەڵ ڕاگەیەنە گشتییەکانی دیکە، زیاتر خاوەنی ڕۆڵ و شوێندانەری پۆزەتیڤ و درێژخایەنن لەسەر فکر و ئاوەز و زیاتر خۆیان بە ڕەگ و ڕیشەی چەمکەکان و کێشەکانەوە خەریك دەکەن، ئەمەش وای کردووە کە کوردستان نەبێتە شوێنێک بۆ بڵاوکردنەوەی وێنای چەمکی ڕووکەش و کورتماوە.

خاڵێکی گرینگی دیکە کە دەکرێ لێرەدا ئاماژەی بۆ بکرێ ئەوەیە کە «کوردستان» بە ٧٤ ساڵ رابردووەوە زیاتر گرنگی بە جەوهەری کاری ڕۆژنامەگەری داوە و ڕەچاوکردنی پرەنسیپە سەرەکییەکانی ڕۆژنامەڤانی کردۆتە بنەمای چالاکییەکانی خۆی. یەکێك لە هۆکارەکانی ئەم سەرکەوتنەش، ئەوەیە کە وەک ئاماژەی پێکرا «کوردستان» سەر بە بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازانە و رزگاریخوازانەیە کە لەگەڵ چەمکەکان و ڕەوایی دەسەڵاتی زاڵ کەوتۆتە ململانێیەکی ڕەوا و لەم گۆڕەپانەشدا، تەنانەت لە پێشکەشکردنی گیانیش خۆی نەبواردووە.

هەر ئەم ڕاستییەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کە «کوردستان»، لە سەر ڕووداوەکان شرۆڤەی وردبینانە بخاتە ڕوو و هەواڵ و زانیاری دروست و باوەڕپێکراو و بەدەر لە روانگە رووکەشە باوەکان پێشکەش بکات.

کەواتە دەتوانین بڵێین جەختکردنەوە و پێداگری بەردەوامی «کوردستان» لە سەر پڕەنسیپ و یاسا ڕۆژنامەوانییەکان لە ڕەوتی کاردا، نەتەنیا پێویستە، بەڵکوو لە سەر کارتێکەری زیاتر و وەدەستهێنانی متمانەی پێویست بۆ ڕاگەیەنێك باندۆر دادەنێ کە دەکرێ بە بێ دوودڵی و بێ‌ئەملاوئەولا بڵێین کە «کوردستان» لەم پێناوەدا لە ریزی پێشەوە جێی گرتووە،هەر ئەمەش وای کردووە کە «کوردستان» و بەڕێوەبەرەکانی نەتەنیا وەک ئەرکێکی ئەخلاقی ڕۆژنامەوانی بەڵکوو وەک پێویستییەکی پیشەیی سەیری پاراستنی پڕەنسیپەکان بکەن.

لەلایەکی دیکەشەوە «کوردستان»، زمانحاڵی فەرمی حیزبێکە کە روانگە و بەرژەوەندییەکانی لە سەر بنەمای بیرکردنەوەی ئازاد، مرۆڤدۆستی، ڕێزدانان بۆ روانگەی جیاواز و خواستی دێموکراسیخوازی ڕۆ نراوە و «کوردستان»، وەک ملّکی نەتەوەیەك سەیر دەکرێ کە بە درێژایی تەمەنی، لە پێناو گەیشتن بە داخوازییە ڕەواکانی خۆی کە لە ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافی مرۆڤ و پاشکۆکانیدا جەختیان لە سەر کراوەتەوە، خەبات دەکا. کەوابوو هەر ئەوەی کە ڕۆژنامەی «کوردستان» لە خەباتی نەتەوەیی ـ دێموکراتیکی نەتەوەی کورد بە ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، جیا ناکرێتەوە، خۆی لە خۆیدا بووەتە هۆی کاڵبوونەوەی ئەو سەلیقە تاکەکەسییانەی کە هێندێ جار لەگەڵ پڕەنسیپە ڕۆژنامەوانییەکاندا ناتەبان و بەهێزبوونی ئەو لایەنانەی لێکەوتۆتەوە کە لە سەر راکێشانی متمانەو سەرنجی پەیامگری چالاك (کە لە سەردەمی پەرەسەندنو خێراتربوونی پەیوەندییەکاندا بووەتە مژارێکی سەرەکی‌و گرنگ ) کاریگەری ئەرێنی دادەنێن.

بەگشتی دەتوانین بڵێین لە تەمەنی ٧٤ساڵەی «کوردستان»دا پێنج گوتار و خوێندنەوە بە سەر کوردستاندا زاڵ بوون کە بریتین لە:

١ ـ گوتاری خودئاگایی نەتەوەیی لە قۆناغی دامەزرانی کۆمەڵەی ژ. ك، حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان.

٢ ـ گوتاری نەتەوایەتی ـ دێموکراتی لە قۆناخی رووخانی کۆماری کوردستانەوە تا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران.

٣ ـ گوتاری بەرخۆدانی نەتەوەیی لە قۆناخی هێرشی ڕێژیمی ئاخووندی بۆ سەر کوردستان تا ساڵی ١٣٧٦و هاتنە ئارای ڕیفۆرمی دەوڵەتی.

٤ ـ گوتاری مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی ١٣٧٦ەوە تا ساڵی ١٣٩٤.

٥ ـ گوتاری ڕاسان لە ساڵی ١٣٩٤ەوە تاکوو ئێستە.

بەپێی ئەو پێناسەیەی کە لە سەرەوە کرا، «کوردستان» بەپێی قۆناغەکانی خەبات گۆڕانی لە نێوەڕۆکەکەیدا پێک هێناوە و ئێستاش کە قۆناغی خەبات بۆ «ڕاسان» گۆڕدراوە، «کوردستان»یش لەژێر تاقیکارییەکی نوێدایە تاکوو بتوانێ وەک پێویست، گوتاری ڕاسان بگوازێتەوە و بەلەبەرچاوگرتنی ئەو پڕەنسیپە ئەخلاقی و پیشەییانەی کە باسی لێوە کرا، هەوڵ بۆ بەرچاوڕوونی و شیکردنەوەی ورد و زانستییانەی ڕاسان بدات. ئەوەی ڕوونە ڕاسانی خۆرهەڵات پێویستی بە شیکاری تایبەت هەیە کە هەر کام لە جمگەکانی شۆڕش و لەژێر سێبەری ئەویشدا هەر کام لە توێژەکانی نیو کۆمەلگا دەبێ بزانن کە ئەرکیان لەم خەباتە فرەڕەهەندەدا چییە؟ کە ئەم ئەرکە قورسە یان باشترە بڵێین بەشی سەرەکی لەم ئەرکە قورسە دەکەوێتە سەر شانی «کوردستان» و بەڕێوەبەرانی.

ئەوەی ڕوونە «کوردستان» دەبێ هەر هاواری کورد بێ بۆ ئازادی و رزگاری و دێموکراسی و مافی مروڤ لە کوردستانی ئێراندا؛ بەو واتایە کە ڕۆژنامەی «کوردستان» دەبێ ڕۆڵی پیشەنگبوونی خۆی وەك ڕێبەری فیکری و سیاسیی بزووتنەوە هەبێ و ڕێنیشاندەر بێ بۆ باقی جەمسەرەکانی خەبات لە قۆناغی ڕاساندا. ئەمەش کاتێک دێتە دی کە «کوردستان» هێڵە گشتییەکانی زاڵ بە سەر سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب فۆرموولە بکا و کاناڵەکانی دیکە لەو چوارچێوەیەدا کارو چالاکیی خۆیان دابڕێژن.

ئەم تێڕوانینەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئەگەر حیزب وەک ڕێبەری بزووتنەوە کاریگەریی لە سەر بیروڕای گشتیی کۆمەڵگای کوردستان هەیە، بەشێك لەو کاریگەرییە بێگومان لە ڕێگای روژنامەی «کوردستان»ەوە دروست بووە کە سەردەمانێک تاقە ڕێگای پێوەندی حیزب و خەڵک بوو.

ئەوەش مانای ئەوەیە کە خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران نەپساوەیە و درێژەی هەیە و تا سەرکەوتن دەڕواتە پێش.

دیارە شانازیی ئەوەش ئەگەر بەشێکی بۆ حیزب بەگشتی دەگەڕێتەوە، بەڵام بەڕاستی نابێت ڕۆڵی ئەو کادر و پێشمەرگانەی حیزب لە پێش چاو نەگیرێ کە لەو ماوە دوور و درێژەی خەباتدا بە ئیمکاناتێکی سەرەتایی زورکەم و تەنانەت زۆرجار لە ژێر تەوژمی بۆمبارانی تەیارە و کاتیۆشا و تۆپبارانـدا دیسان نەیانهێشتووە ڕۆژنامەی «کوردستان» یادگاری کۆماری کوردستان و یەکەمین حکومەتی میللی لە مێژووی نەتەوەی کورددا بوەستێ، بۆیە ئەگەر هەلومەرجی بۆ برەخسێ و بە ئازادی بڵاو ببێتەوە، بەدڵنیاییەوە هەم تیراژەکەی دەگاتە دەیان و سەدان هەزار ژمارە و هەم لەباری کیفییەتیشەوە دەچێتە ڕیزی پڕۆفشناڵترین ڕۆژنامەکانی جیهان.

لایەنێکی گرینگی دیکەی «کوردستان» کە نابێ باس نەکرێت، زمانی ئەم ڕۆژنامەیەیە کە ڕوونە سەرچاوە لە سیاسەتی فەرهەنگی حیزبی دێموکرات وەردەگرێ؛ زمانی «کوردستان»، زمانێکی پاراو، خەڵکپەسند و جیاواز لە «ڕکەبەرەکانی» خۆیەتی. پاراوی و خەڵکپەسندبوون و هەروەها گەشەپێدانی فەرهەنگی سازان و دیالۆگ، جیاوازییەکە کە «کوردستان» بە گەشەپێدانی دەوڵەمەنتر و حیزبی دێموکرات لە لای کۆمەڵانی خەڵك خۆشەویستتر دەکات.

ئەمەش وای کردووە کە هەردەم کوردستان ببێتە سەرچاوەیەکی بەهێز بۆ ئەدیب و نووسەر و شارەزایانی وێژەی کوردی.

لەکۆتاییدا وێڕای ئەوەیکە هیواخوازین کە «کوردستان» ببێتە یەکەم میوانی هەموو بەیانیانی خوێنەرانی، سڵاو دەنێرین بۆ هەموو ئەو ئازیزانەی کە بە چراوگی «وشە» و بە خامەی دەستیان درِ دەدەن بە تاریکی و لە «کوردستان»دا خزمەتیان کرد و شەونخوونییان کێشا و لە هەمان کاتیشدا خوازیاری هاتنە ئارای سەردەمێکن کە تەنیا «وشە» و «هزر» و «ئاوەز» بێتە دوان.



# سیاسەتی سووڕان بۆ ڕۆژهەڵات لە دوو ڕوانگەوە

ن: ئاگری ئیسماعیلنژاد

و: ئاسۆ مینبەری

کۆماری ئیسلامیی ئێران سیاسەتی دەرەکیی خۆی لە قاڵبی دروشمی « نە شرقی، نە غربی، جمهوری اسلامی» هێنایە گۆڕێ و دوای هێرش بۆ سەر باڵوێزخانەی ئامریکا لە ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ەوە تاکوو ئێستا، سیاسەتی نێودەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی بەردەوام لەگەڵ قەیرانگەلی دەستکردی خۆی بەرەوڕوو بووەتەوە و لە هەر دەیەدا قەیرانێکی گەورە (ابر بحران) لە سەر ڕێگای سیاسەتی نێودەوڵەتی کۆماری ئیسلامیدا بووە.

ڕێژیم بۆ چارەسەریی قەیرانەکانی خۆی لە قۆناغە جیاجیاکاندا گەڵاڵەگەلی جیاوازی هەبووە و لە قۆناغێکدا بە هێنانەوەی گەڵاڵەی « ڕۆژاوا بە بێ ئامریکا»، هەوڵی دا کە قەیرانی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی خۆی چارەسەر بکات و دواتر بە تێرۆری دژبەران و دادگای میکۆنۆس ئەم سیاسەتە لەگەڵ چالش بەرەوڕوو بوویەوە و پاش دەسپێکی چالاکییە ناوکییەکانی کۆماری ئیسلامی و ڕوون بوونەوەی لە کرداردا، سیاسەتی « ڕۆژاوا بە بێ ئامریکا» گەیشتە بۆنبەست.

لە دەوری یەکەمی بەرپرسایەتیی جەواد زەریف وەکوو وەزیری دەرەوەی ڕێژیمی ئێران ، هەوڵی دا « دیپلۆماسی چەندلایەنە»، وەکوو بناغەی کاری خۆی دابنێ؛ تا هەم سیاسەتی « ڕۆژاوای بە بێ ئامریکا» لە بۆنبەست دەربێنێ و هەم پێش بە ڕووبەڕووبوونەوەی ئامریکا و کۆماری ئیسلامی بگرێت، بە واتایەکی تر ئەیەویست تێچووی دژایەتی لەگەڵ ئامریکا بۆ ڕێژیم کەم بکاتەوە؛ هەڵبەت ئەمە سیاسەتی فەرمیی وەزارەتخانەی ڕێژیم نەبوو و زیاتر بڕگەیەک بۆ وەڕاست گەڕانی بەرجام بوو، لە ڕاستیدا دەزگای دیپلۆماسیی نێودەوڵەتیی ڕێژیم پاش گەیشتن بە بۆنبەست لە سیاسەتی «ڕۆژاوای بە بێ ئامریکا»، لە دوو دەیەی ڕابردوودا هەوڵی داوە کە قەیران لە سیاسەتی نێودەوڵەتی خۆی لە ڕێگەی سیاسەتی «سووڕانەوە بۆ لای ڕۆژهەڵات» چارەسەر بکات، لەم نێوانەدا وڵاتی چین وەکوو دووهەمین ئابووریی جیهان کە مافی ڤیتۆی لە شۆرای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەیە، لە جەرگەی سیاسەتی سووڕانی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕۆژهەڵاتدایە.

وڵاتی دووهەم کە لە جەرگەی سیاسەتی سووڕانەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کۆماری ئیسلامیدایە، ڕووسیەیە، وڵاتێک کە دووهەمین هەناردەکاری گەورەی چەکوچۆڵی جیهانە و سیستمگەلی مووشەکیی قەڵغانی بە وڵاتانێکی وەکوو تورکیە، هێندووستان و .... فرۆشتووە، ئەم وڵاتەش لە شۆرای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا مافی ڤیتۆی هەیە و بووەتە هۆی ئەوەی کە ڕێژیمی بەشار ئەسەد لە سووریەدا بمێنێتەوە.

وڵاتی سێهەم، ژاپۆنە، وڵاتێک کە لە سیاسەتی دەرەکیی خۆیدا، هیچ چەشنە ئاڵۆزییەکی درووست نەکردووە و سووپەرهێزێکی ئابووری و تێکنۆلۆژییە.

وڵاتی چوارەم هێندووستانە، هێزێکی تازەپێگەیشتووی (نوظهور) ئابووری کە لە بواری IT دا پێگەیەکی باشی لە جیهاندا هەیە.

سیاسەتی سووڕانەوە بۆ لای ڕۆژهەڵات بۆ کۆماری ئیسلامی لە چەند بوارەوە گرینگیی هەیە:

یەک: لە گوتاری کۆماری ئیسلامیدا، تەنیا ڕۆژاوا وەکوو دوژمنێکی دەرەکی پێناسە کراوە و کۆماری ئیسلامی بە سووڕانەوە بۆ لای ڕۆژهەڵات تووشی لەت لەت بوون لە گوتار و کردەوەدا نابێت. لە ڕاستیدا سیاسەتی سووڕانەوە بۆ لای ڕۆژهەڵات لە ڕاستای تەبایی لە نێوان گوتار و کردەوەی کۆماری ئیسلامیدا لە ئاستی نێونەتەوەییدایە.

دوو: چین وەکوو زلهێزێکی ئابووری کە گەڵاڵەگەلێک وەکوو جادەی هەورێشمی هەیە، دەتوانێ بۆشایی تێکنۆلۆژی و سەرمایەدانان لە ئێراندا پڕ بکاتەوە.

سێ: هێزە ڕۆژهەڵاتییەکانی وەک چین و ڕووسیە خۆیان پێشێلکەرانی گەورەی مافی مرۆڤ و نادێمۆکراتیکن و ڕوونە کە کۆماری ئیسلامی بە هەبوونی پێوەندیی بەربڵاو لەگەڵ ئەم وڵاتانە و لەپەراوێزخستنی هێزە ڕۆژاواییەکان لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی خۆیدا لە چالشی مافی مرۆیی و حکوومەتی دێموکراتیک کە بەشێک لە گوتاری وڵاتانی ڕۆژاواییە تێپەڕێت.

چوار: چین و ڕووسیە لەو وڵاتانەن کە مافی ڤێتۆیان لە شۆرای ئەمنییەتدا هەیە و ئەم وڵاتانە ئەتوانن لە ئاستی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا پشتیوانی لە کۆماری ئیسلامی بکەن.

پێنج: ڕووسیە زلهێزێکی چەکداری و ئەتۆمییە، ئەم وڵاتە دەتوانێت لە بواری مووشەکی و ئەتۆمییەوە یارمەتی کۆماری ئیسلامی بدات.

شەش: هێند و ژاپۆن وەکوو وڵاتانی بەکارهێنەری وزەی هەناردەکراوی ئێران و هێزە تێکنۆلۆژیکەکان، دەتوانن هەم شەریکێکی جێی متمانە بۆ کۆماری ئیسلامی بن و هەم بۆشایی تێکنۆلۆژی و سەرمایەدانانی دەرەکی لە بواری وزە و بوارگەلی دیکە لە ئێراندا پڕ بکەنەوە.

بەم پێیە دیارە کە سیاسەتی سووڕان بۆ لای ڕۆژهەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەتوانێت ڕێکارێک بۆ تێپەڕبوونی کۆماری ئیسلامی لە قەیرانەکانی لە بواری پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بێت.

لێرەدا دانیشتنی ئیسلامی لە مالزی و مانۆڕی دەریایی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ڕووسیە و چین لە ڕۆچنەی سیاسەتی سووڕانەوە بۆ ڕۆژهەڵات لێکدەدەینەوە:

### دانیشتنی ئیسلامیی مالزی

ڕۆژی ١٨ هەتا ٢١ی دێسامبری ٢٠١٩، دانیشتنێک بە بەشداریی سێ وڵاتی ئێران، قەتەر و تورکیە لە مالزیدا بەڕێوەچوو، هەرچەند میدیاکانی «مالزی» و خودی «ماهاتیر محەممەد»، هەوڵیان دا کە ڕایبگەیەنن کە ئەم دانیشتنە لەگەڵ قازانجی وڵاتانی ئیسلامی دژایەتییەکی نییە بەڵام لەڕاستیدا، دانیشتنی ئیسلامیی دێسامبری ٢٠١٩ لە مالزی جۆرێک کۆکرنەوەی هاوڕێ و هاوپەیمان لە لایەن بەرەی ئێخوان ـ هێلالی شیعە لە بەشی ڕۆژاوای ئاسیادا بووە و هەیە و دەتوانێت بەشێک لە سیاسەتی سووڕانەوە بۆ لای ڕۆژهەڵاتی کۆماری ئیسلامیش بێت.

هەرچەند سیاسەتی سووڕانەوە بۆ لای ڕۆژهەڵات زیاتر بۆ درووستکردنی پێوەندی لەگەڵ هێزە ئابووری و نیزامییەکانی وەکوو چین، ژاپۆن و ڕووسیە داڕێژراوە، بەڵام ڕۆژهەڵاتی ئاسیا وەکوو ناوچەی پڕحەشیمەتی جیهان لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا، بژاردەیەکی گونجاو بۆ پەرەپێدانی بەرەی ئێخوان ـ شیعەیە.

هۆکاری ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی تاکوو ئێستا بە تەنیایی هەوڵی نەداوە کە لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا سیاسەتی هەناردە کردنی سیاسەت جێبەجێ بکات، ئەوەیە کە ئەم ناوچەیە شیعەی تێدا نییە، لە ڕاستیدا ژێرخانی سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش لەو ناوچەیە دابین نەکراوە، لەم دۆخەدا کۆماری ئیسلامی دەتوانێ لەگەڵ بەرەی ئێخوان ـ هێلالی شیعە لەم جوغرافیایەدا بێت.

وڵاتانی قەتەر و تورکیە کە لە دۆخی ئێستادا ڕێبەرایەتی بەرەی فکری ئێخوانولموسلیمین لە ئاستی کۆمەڵگای ئیسلامیدا ئەنجام دەدەن و بەپێی ڕاپۆرتەکانی نیۆیۆرک تایمز لە مانگی نوامبردا، لە ساڵی ٢٠١٤ەوە لە لەگەڵ ئێران کە ڕێبەرایەتی هێلالی شیعە یان بەکارهێنانی خەڵکی شیعەی لە پێناو پاراستنی کۆماری ئیسلامیدا ئەنجام داوە، لە بەرەیەکدان.

بەرەی ئێخوان ـ شیعە لە ڕاستای بەرپرسایەتیی ئەم سێ وڵاتەدا بە سەر جیهانی ئیسلامدا بنیات نراوە و لە بەرانبەردا خودی پاشایەتی سعوودی وەک دوژمنی یەکەم و بەهێزی خۆی دەزانێ، کەوایە دانیشتنی ئیسلامیی مالزی لە سەر کاغەز هەوڵ بۆ بەدیهێنانی ئەم ڕێبەرایەتییەیە و لە کردەوەدا پەرەپێدانی قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بۆ لای ڕۆژهەڵاتی ئاسیایە.

بەڵام ئەگەر بمانهەوێ ئەم بەرەیە لە چوارچێوەی سیاسەتی سووڕانەوە بۆ لای ڕۆژهەڵاتی کۆماری ئیسلامی شرۆڤە بکەین، دەبێ بڵێین کە جگە لە پاشایەتیی سعوودییە و وڵاتانی ئیسلامیی دیکە وەک پاکستان و ئەندۆنێزی کە ئەوانیش لە چوارچێوەی سیاسەتی سووڕانەوە بۆ لای ڕۆژهەڵاتدان، ئەم گردبوونەوەیە هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی هێند و چین وەک دوو زلهێزی ئابووری کە کەمینەیەکی موسوڵمانیش تێیاندا دەژین، دەکات و بەگشتی هەڕەشە بۆ سەر فەرهەنگی پەرەپێدانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا کە فەرهەنگێک لە سەر ئەساسی سازان لەگەڵ کۆمەڵگای ڕۆژاوا و هەبوون لە بازاڕ و ئابووری جیهاندایە دەکات.

هاوکات لەگەڵ ئەم هەبوونە، ئەم بەرەیە لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا وەکوو ئەوەیە کە سیاسەتی دژایەتی کردنی ئێخوان ـ هێلالی شیعە لەگەڵ ئیسرائیل بێنێتە نێو ڕۆژهەڵاتی ئاسیاوە و ئەگەری ئەوەی هەیە کە دژایەتی لەگەڵ ئیسرائیل لەو ناوچەیەدا پەرە بستێنێت، بەپێی کەسایەتیی دژە یەهوودیی ماهاتیر محەممەد، هەبوونی ئەم بەرەیە دەتوانێت دژایەتی لەگەڵ ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا پەرە پێ بدات.

دەبێ سەرنج بدەین کە فەرهەنگی زاڵی ئێخوان ـ هێلالی شیعە پێوەندیی بە پەرەگرتنی هەناردەکردنی شۆڕش و پەرەپێدانی حکومەتی ئیسلامییەوە هەیە، ئەم فەرهەنگە کە لە ڕوانگەی نێئۆ ئیسلامییەکانی وەک «جەماڵەدین ئەفغانی، محەممەد عەبدە و هەتا دواییە، فەرهەنگی سازان لەگەڵ کۆمەڵگای ڕۆژاوا و پێشکەوتنی سیاسی، ئابووری و فکری سێکۆلاریزم بە تەواوەتی ڕەت دەکاتەوە و خۆی بە جێگرەوەی ئەوە دەزانێت.

بەم پێیە دەبێ دانیشتنی ئیسلامی لە مالزی بە جۆرێک لە جۆرەکان وەک چالشێک بۆ ژاپۆن، سەنگاپوور و کۆرەی باشوور چاوی لێبکرێت.

بەپێی دژایەتیی ئەندامانی سەرەکیی دانیشتنەکە لەگەڵ پاشایەتیی سعوودی و وڵاتانی عەرەبیی هاوپەیمانی ئەم پاشایەتییە و بەپێی ئیمکانی گەشەی دژایەتی لەگەڵ ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا، دەبێ ئەم دانیشتنە وەک خاڵێکی وەرچەرخان لە پەرەگرتنی قەیرانی ئیسلامی لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا بزانرێت و لەکاتێکدا کە بچێتە قاڵبی ڕێککەوتن و پەیماننامەوە چاوەڕوان دەکرێت کە بەستێنی قەیرانێکی گەورەی جیهانی لەگەڵ ناوەندی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بێتە ئاراوە؛ کە ئاکامەکەی درووستبوونی لەمپەر لە بەرانبەر گەشەی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و بەردەوامیی هەژاری و ئاوارەیی دەبێت.

ڕوونە کە دۆڕاوە سەرەکییەکانی ئەم قەیرانە یەکەم جار خودی وڵاتانی ئیسلامیی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و لەوانە خودی وڵاتی مالزی دەبێت.

بۆیە دەبێ بوترێ کە دانیشتنی ئیسلامیی مالزی لەگەڵ سیاسەتی سووڕانەوە بۆ لای ڕۆژهەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە دژایەتیدایە، چونکە هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی چین، ژاپۆن، هێند و سەنگاپوور دەکات.

لە بیرمان نەچێت کە ئەوەی کە سیاسەتی «ڕۆژاوای بە بێ ئامریکا»ی کۆماری ئیسلامیی گەیاندە بۆنبەست، تێرۆری دژبەران، بەهێزکردنەوەی گرووپە ڕادیکاڵە ئیسلامییەکان لە ئورووپا و شەڕفرۆشییە هەستەییەکانی ڕێژیم بوو. لە کاتێکدا کە دانیشتنی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بگاتە ئاستی ڕێککەوتن و پەیماننامە، ئەگەری دووپاتبوونەوەی ئەو کردەوانە لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و لە لایەن ڕێژیمەوە هەیە، کە بەدڵنیاییەوە بەستێنی دۆڕانی سیاسەتی سووڕانەوە بۆ لای ڕۆژهەڵاتیش پێکدێنێت.



### مانۆڕی دەریایی ئێران لەگەڵ ڕووسیە و چین

ڕۆژی ٢٧ی دێسامبری ٢٠١٩ (٦ی بەفرانبار)، سێ وڵاتی ئێران، چین و ڕووسیە لە باکووری زەریای هێند و ئاوەکانی دەریان عوماندا مانۆڕێکی نیزامییان دەست پێکرد.

ئەم مانۆڕە لە دوو لایەنەوە گرینگیی هەبوو:

یەک: مانۆڕەکە لە ژێر ناوی «پشتوێنەی ئەمنیەتی دەریایی»، (کمربند امنیت دریایی) بەڕێوەچوو، ئەمە لەحاڵێکدایە کە کۆماری ئیسلامی لە یەک ساڵی ڕابردوودا، سیاسەتی هەڕەشە لە ئەمنیەتی دەریاوانی لە کەنداو و دەریای عومان و هەڕەشە لە ئەمنیەتی وزە لە ڕۆژهەڵاتی ناوینی لەبەر گرتووە.

کەوایە چین و ڕووسیە، ئاستی کۆماری ئیسلامییان لە وڵاتێکی هەڕەشەکەری ئەمنییەتەوە بۆ وڵاتێکی بەرگریکار لە ئەمنییەتی دەریایی گۆڕی.

دوو: ئەم مانۆڕە بۆ کۆماری ئیسلامی یەکێک لە نیشانەکانی سیاسەتی سووڕانەوە بۆ لای ڕۆژهەڵاتە و کارتێکی گوشار بۆ ڕووسیە و چین بۆ سەر ئامریکا لە ڕاستای بەدەستهێنانی بەرژەوەندیی زیاتر لە پێوەندیی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانە.

بەڵام ئەم مانۆڕە لە لایەنی سیاسییەوە لاوازییەکی زۆر گەورەی هەیە و ئەویش ڕووبەڕووبوونەوەی کۆماری ئیسلامییە لەگەڵ پاشای سعوودی، ئیمارات و ئیسرائیل؛ ڕووسیە هەوڵ دەدات لە وڵاتانی کەنداودا هێژموونییەک درووست بکات و بۆ بەدەستەوەگرتنی بازاڕی وزە پێویستی بە هاوکاری وڵاتانی عەرەبی بەتایبەت سعوودییە هەیە.

ڤێلادیمیر پووتین، لە وتووێژ لەگەڵ ئەلعەرەبییە، ئیسرائیلی بە وڵاتێکی ڕووسی زمان ناو برد، بەپێی هاوکارییەکانی ڕووسیە و ئیسرائیل لە جوغرافیای سووریەدا دژ بە کۆماری ئیسلامی، دەکرێ بڵێین کە ڕووسیە گرینگییەکی تایبەت بە ئەمنیەتی ئیسرائیل دەدات.

ڕوونە کە ڕووسیە لە دۆخی ئێستادا خوازیاری درووستکردنی هێژموونییەک لە ڕۆژهەڵاتی ناویندایە، بەشێوەیەک کە ئەم هێژموونییە جێگای هێژموونیی ئامریکا بگرێتەوە، گرینگترین خاڵی هێژموونی ئامریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا، پاراستنی ئەمنییەتی وزە، پاراستنی ئەمنییەتی ئیسرائیل و پاشایەتیی سعوودیەیە، کەوایە ڕووسیە ئەگەر بیهەوێ ئەم هێژموونییە بە دەستەوە بگرێت ناچارە کۆماری ئیسلامی وەکوو تێکدەری ئەمنییەت لە ناوچەکە کۆنترۆڵ بکات و لە درووستکردنی پێوەندی ستراتێژیکی ئەمنییەتی لەگەڵ ئێران خۆی ببوێرێ.

چینیش وەکوو دووهەمین زلهێزی ئابووریی جیهان، پێویستی بە هاوکاریی نزیک لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی وەکوو هەناردەکارانی وزە و هێزە تازەکانی ئابوورییە.

بەپێی ئەو سەرمایەی کە چین لە بیاڤی دەریای عەرەب، زەریای هێند، زەریای سوور و کەنداو دایناوە، ئاشکرایە کە ئەم وڵاتە ئاگاداری ئەم بابەتەیە کە پێویستی بە هاوکاری نزیکی وڵاتانی عەرەبیدایە. کەوایە چینیش ناتوانێ بەبێ لەبەرچاوگرتنی قازانجی وڵاتانی عەرەبی لە بواری ئەمنییەتییەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی پێوەندیی ستراتێژیک و بەربڵاوی هەبێت.

هاوکات ڕووسیە و چین کەمینەی موسوڵمانیان لە وڵاتانی خۆیاندا هەیە و سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیی کۆماری ئیسلامی لە ڕاستای قازانجی ئەم دوو وڵاتەدا نییە، بەتایبەت پاش گردبوونەوەی ئێخوان ـ هێلالی شیعە لە مالزی کە لە سەرەوە شی کرایەوە، ئەم ئیمکانە هەیە کە ئەم دوو وڵاتە لەگەڵ چالشی هاندانی گرووپە ڕادیکاڵە ئیسلامییەکان بەرەوڕوو ببنەوە.

بەم پێیە دەبێ بڵێین مانۆڕی چین، ڕووسیە و ئێران لە دەریان عومان و زەریای هێند تەنیا تاکتیکێکی کورتخایەنی ڕووسیە و چین بۆ گوشارهێنان بۆ سەر ئامریکایە و بەرەیەکی ئەمنیەتیی درێژخایەن یان تازەخوڵقاو نییە.

لەم دۆخەدا بەپێی ئەوەی کە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لە بواری نەکڕینی نەوت لە کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئامریکا هاواهەنگن و بەپێی ئەوەی کە بەشێک لەم وڵاتانە وەکوو ژاپۆن لە بەرەی ئەمنیەتی دەریای ئامریکا لە کەنداودان، بەپێی سنووری ستراتێژیکەکانی ڕووسیە و چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوین کە لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا، بە دڵنیاییەوە سیاسەتی سووڕانەوە بۆ لای ڕۆژهەڵاتی کۆماری ئیسلامیش دەکەوێتە بۆنبەستەوە.

بەڵام لە دۆخی ئێستادا کۆماری ئیسلامی بۆ تێپەڕبوون لە قەیران لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی خۆیدا ناچارە ئیمتیازی یەکلایەنە بە دوو وڵاتی چین و ڕووسیە بدات، ئێستا هەبوونی بۆنبەست لە سیاسەتی سووڕانەوە بۆ لای ڕۆژهەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، زۆر ڕوون نییە؛ بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە کۆماری ئیسلامی لەم سیاسەتە قازانجێکی زۆر دەکات یان تەنانەت ئەم سیاسەتە سیاسەتێکی دوو لایەنە و ئاساییە، بەڵکوو وەکوو ئەوەیە کە سیاسەتی سووڕانەوە بۆ لای ڕۆژهەڵات تەنیا لە پێناو بەدەستهێنانی قازانجی کورتخایەن بۆ ڕووسیە و چینە و قازانجێکی تایبەتی بۆ کۆماری ئیسلامی نییە.

هەبوونی قەیران لە سیاسەتی سووڕانەوە بۆ لای ڕۆژهەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەو ڕووەوە گرینگە کە دەتوانێ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ئەم ڕێژیمە ئیزۆلە بکاتەوە و لەم حاڵەتەدایە کە ئەگەری گۆڕانی کرداری ڕێژیم لە ئاستی نێودەوڵەتی و تەنانەت نێوخۆییشدا زۆر زیاتر دەبێت.

# واشنگتۆن
# سیاسەتێکی ڕەفتری لە هەمبەر ئێراندا گرتۆتەبەر!

محەممەد سلێمانی

سەرنجام ئیدارەی دانڵد ترامپ بڕیاری تۆڵەکردنەوەی خۆی بردەسەر و لە بەغدا قاسم سلێمانی و هاوپەیمانە تیرۆریستەکانی لە ڕێگای هێرشێکی ئاسمانییەوە لە نێوبردن و، بەو جۆرە پەیوەندییەکانی ئەو دوو ولاتە پێی نایە قۆناغیکی دیکەوە. بەشێك لە چاوەدێرانی سیاسی و سەربازی پێیان وایە، حکوومەتی ئێران بۆ ئەوەی زیانی گەورەتری بەر نەکەوێت، بێدەنگی هەڵدەبژێرێت و خۆی لە شەڕی ڕووبەڕوو لە گەڵ ئەمریکادا بەدوور دەگرێ.

بە هۆی سیاسەتی شەڕانگێزی حکوومەتی ئاخوندی ئێران و هەوڵدان بۆ بەدەرنانی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و ناوچە و هاندانی میلیشیا شیعە چەکدارەکانی هاوپەیمانی لە مێژینەیان، بەمەبەستی تێکدانی سەقامگیری و ئاسایشی گشتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و درێژەدان بە سیاسەتی «هەر خۆیان دەبێت حاکمی سەرەکی بن»، ناکۆکیەکانی ئەمریکا و ئێرانی گەیاندۆتە ئاستێکی زۆر مەترسیدارتر لەوەی پێشبینی بۆ کرابوو. بێگوومان قەیرانی واشنگتۆن و تاران کە پێشینەیەکی درێژی سیاسی و مێژوویی هەیە و قووڵی ناکۆکییەکان بە ڕادەیەکن کە ، بە ئاسانی کۆتایی نایەت و ئەو دوو ولاتە بە بەردەوامی هێرش دەکەنە سەر یەك و هەرلایەك تێدەکۆشێت زیاتر هێز و نفووزی خۆی بەسەر ناوچەکەدا فەرز بکات و هاوبەشەکانیان بپارێزن. چوونکە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست گرینگی ستراتیژی سیاسی و ئابووری و بازرگانی تایبەتی هەیە و هەر لایەك زیاتر کۆنترۆڵی ئەوێ بکات، دەتوانێ هاوکێشە ناوچەییەکان بە سوودی ولاتەکەی بگۆڕێ و بڕیارە سیاسی و سەربازییەکانی بە سەر بارودۆخی ناوچەکەدا کاریگەری گەورەیان دەبێت.

قەیرانی هەڵکووتانە سەر کۆنسوولخانەی ئەمریکا لە بەغدا، بواری ئەو کاردانەوە خێرایەی پێك هێنا و واشنگتۆن حکوومەتی تارانی بە هۆکار دانا و سەرکۆماری ئەمریکا بەجددی و بەزمانی هەڕەشەکردن لە تاران لە میدیاکانی ولاتەکەی دەرکەوت و سەلامەتی گیانی ئەمریکاییەکانی ڕاستەوخۆ خستە ئەستۆی ڕێژیمی ئاخوندی و ئەو ولاتەی بە هۆکاری بارگرژییەکان دایەوە لە قەڵەم. بەشێکی بەرچاو لە سیاسی و بڕیاربەدەستەکانی ئەمریکا لەسەر ئەو فیکرەن کە ولاتەکەیان دەبێت سنوورێك بۆ حکوومەتی ئێران دابنێ و ئەگەر دەرفەتی زیاتر بە تاران بدرێ، بەرژەوەندییە سیاسی و سەربازی و ئابوورییەکانی ئەمریکا دەکەونە مەترسییەوە و، ئەو ڕووداوەش زیانی گەورە بە پێگە و نفووزیان دەگەیەنێت.

بە ئامانج گرتنی قاسم سلێمانی دەستەڕاستی ڕێبەری ڕێژیم و یەکێك لە دەستڕۆیشتووەکانی ڕێژیمی ئاخوندی، بە دیاریکراوی نیشانەی ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتییە لە سیاسەتی دەرەوەی کۆشکی سپی سەبارەت بە پەیوەندییەکانی ئەو دوو ولاتە و ترامپ زۆر بوێرانە سەرەنجام بڕیارە مێژووییەکەی دا و پیاوە فیتنەگێڕەکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی لە عێراقدا کوشت و بەو جۆرە بێ باکی خۆی لە هەمبەر توانا سەربازی و هەواڵگرییەکانی تاراندا ڕاگەیاند.

« قاسم سلێمانی « تیرۆریستی ناسراو و گەورەی ڕێژیمی ئاخوندی و پیاوە جێگای باوەڕەکەی عەلی خامنەیی، کە ئەرکی جەلادی بەڕێوە دەبرد لە سەر ئاستی نێوخۆ و دەرەوەی سنوورەکانی ولاتدا، لە لایەن هێزەکانی ئەمریکا بە بڕیاری دانڵد ترامپ لەگەڵ هاوپیاڵە عێراقییەکەی « ئەبوومەهدی مووهەندیس» لە بەغدا کوژران. ئەو ڕووداوە بێگوومان کاریگەری زۆری لە سەر سیاسەتی هەندەرانی تاران دەبێ و ئیدی لەو ڕاستییە گەیشتوون کە سەبری ئەمریکا بەسەر چووە و پێش بە دەست ئاواڵەیی یان لە سەر ئاستی ناوچەییدا بە هێز دەگرێ و ڕێگایان پێنادرێ بە دڵی خۆیان هەر ولاتێك کەیفیان لێ بێت، بیکەنە شوێنی ڕمبازێنیان. بەدوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی کوژرانی قاسم سلێمانیدا، ڕێژیمی ئاخوندی کەوتۆتە هەروگیف و هەڕەشەکردن لە هێزە ئەمریکاییەکان و بە قسەی کاربەدەستە سیاسی و سەربازییەکانی تاران بێت، خەو لە چاوی ئەمریکاییەکان دەتۆڕێنن و ناهێڵن نانی بە ئاسوودەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بخۆن.

حکوومەتی ئاخوندی پاش ئەو زیان و شکستە گەورەی بە قیمەتی ریسوایی خۆی بە نەسیبی بوو لە عێراق، جگە لە فروفیشاڵ ناتوانێ بە کردەیەکی سەربازی ولامی کۆشکی سپی بداتەوە، چوونکە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی نییە و ئەگەر ولاتەکەی بکەوێتە شەڕ، دەسەڵاتی تاران ڕووخانی زۆر حەتمی و خێراتر دەبێت.

پەیامی ئەمریکا زۆر ڕوونە بۆ حکوومەتی ئاخوندی و دەرکەوت کە سیاسەتی کۆشکی سپی لە هەمبەر تاراندا بەتەواوی گۆڕاوە و بەو جۆرە لە گەڵ ڕێژیمی ئاخوندی ڕەفتار دەکرێ کە بە باشی لێی تێبگات و پەیامەکانی ئەمریکا بە هێند وەربگرن. ئەو بڕیارەی ترامپ کۆتایی بە سیاسەتی هێور و دیالۆگ لە گەڵ دەسەڵاتی تاران هێناوە و، ئەو جار پێڕەوی ستراتیژییەکی نوێ دەکەن و بە هێز و گوشاری کرداری حکوومەتی ئاخوندی کۆنترۆڵ دەکەن. ئەمریکا وەك زلهێزێکی گرینگی گیتی هەوڵی داوە بە ڕێگای دیالۆگ و قسەی خۆشدا تاران بە مەرجەکانیان ڕازی بکەن و لەو ڕێگایەوە بەر بە حکوومەتی ئاخوندی لە سەر ئاستی ناوچەییدا بگرن. دەسەڵاتی تاران بە هیچکام لە مەرجەکان ڕازی نەبوو و خۆی بە حەقدار دەزانێ و بڕیاربەدەستە سیاسی و سەربازییەکانی ئێران ئەو ڕاستییەیان نەشاردۆتەوە کە داوای چوونە دەری ئەمریکا لە ناوچەکە دەکەن. بۆ ئەوەی زیاتر هێز و نفووزیان بە سەر هەرێمەکەدا فەرز بکەن.

پاش ڕووداوەکانی بەغدا و، دواجار کوژرانی قاسم سلێمانی نوێنەری فەرمی خامنەیی لە عێراق چاوەڕوان ناکرێ ئێران نیازی ولامدانەوەی هەبێ و خۆی لە شەڕ بە دوور دەگرێت. چوونکە لە کوێ مەترسییەکان بەجیددی هەست پێبکەن، لەوێ ملیان بۆ سازان درێژ دەکەن. ئەمریکا لە هەمبەر حکوومەتی تاراندا دەرکەوت کە سیاسەتێکی ڕەفتر دەگرێتەبەر و بە ڕێگای گوشاری سەربازیدا دەیخەنە سەر جێگای. سیاسەتی نەرم و نیانی ئەمریکا بەرامبەر بە ڕێژیمی ئەو ولاتە بەرهەمێکی ئەوتۆی نەبووە کە بە دڵی ئیدارەی ترامپ بێت. ڕێژیمی ئاخوندی بە خەیاڵیدا نەدەهات کاردانەوەی حکوومەتی ئەمریکا بەو جۆرە بێ و هێرش بکاتە سەر یەکێك لە فەرماندە سەربازی و تیرۆریستییەکانی تاران و بەو دەردەی بەرێت.

ڕێژیمی تاران بە ڕادەیەك چێرە گرتوو بوو کە تەنانەت هەڕەشەی لەنێوبردنی ئەمریکا و دۆستە ستراتیژی و مێژوویە ناوچەییەکانی دەکرد. ڕێژیمی تاران بەردەوام خۆی بە ڕکابەری سەرەکی ئەمریکا دەزانێ و لە سەر ئەساسی ئەو ڕوانینە هێزە شیعەکانی عێراقی بە دژی بەرژەوەندییەکانی واشنگتۆن ڕێکدەخستن هەتا بە ڕێگای گوشاری مەدەنیدا ئەمریکا لە سەر سنوورەکانی دوور بخاتەوە.

تاران هەوڵ دەدا کۆمەڵگای ولاتان بە دژی هێزە ئەمریکاییەکان هان بدات. نموونەی هەرەزیندوو ڕووداوەکانی بەغدان. لەو شارەدا شیعە توندڕۆکان بە دژایەتی لە بوونی ئەمریکا لە عێراق هاتنە سەر شەقام و داوای چوونەدەری ئەو ولاتە دەکەن. بە ئامانج گرتنی پێگە و بنکە سەربازییەکانی ئەو ولاتە لە لایەن گروپەکانی سەر بە ئێران، شتێك نین کە ئەمریکا لە بەرامبەریاندا لەوەی زیاتر ددان بە جەرگی خۆیدا بگرێ و هەوڵ بدات بە ڕێگای تردا مەترسییەکان لە سەر بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووری و بازرگانییەکانی دوور بخاتەوە.

پاش ئەوەی هێزە میلیشیا چەکدارەکانی سەر بەئێران هێرشیان کردە سەر باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەغدا و، گیانی کارمەندانی ئەو ولاتە لە مەترسی نزیك بوویەوە. واشنگتۆن لەو پەیوەندییەدا بە خێرایی وەجواب هات و بۆ ئەو مەبەستە و هێورکردنەوەی بارودۆخەکە، ترامپ پەیوەندی بە کاربەدەستانی بەغداوە کردووە و پاراستنی گیانی کارمەندەکانی ولاتەکەی لە عێراق خستە سەرشانی حکوومەتی ئەو ولاتە و لایەنەکانی دیکە.

حکوومەتی ئەمریکا دەست هەبوونی ئێرانی لەو پەلاماردانەی سەر باڵوێزخانەکەی ڕاگەیاندووە و هەڕەشەی ولامدانەوەی توندی لە تاران کردووە ئەگەر بێت و کارمەندەکانیان بکرێنە قوربانی ئەو ململانێ سیاسی و سەربازییە کە تاران ڕۆڵی تێدا دەبینێ. بڕیاربەدەستە سیاسی و سەربازییەکانی ئیدارەی کۆشکی سپی بەو ئاکامەی گەیشتوون کە پێویستە لەهەمبەر ڕێژیمی تاراندا، پەیڕەوی لە سیاسەت و ستراتیژی نوێ بکرێ و ئەگەر بە گوێرەی سەرچاوە خەبەری و ڕاگەیاندنە گێتییەکان بێت، ئەگەری بەریەککەوتنی ئەمریکا زەمینەی زیاتر ئامادە بووە و بەشێك لە سیاسییەکانی نێو ئیدارەی دانڵد ترامپ لەو باوەڕەیدان کە هەتا حکوومەتی ئێران لەسەر دەسەڵات بێت، بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا مەترسیان لەسەر دەبێ و گرینگە واشنگتۆن بیر لە پاراستنی بەرژەوەندی سیاسی و ئاسایشی نەتەوەیی بە ڕێگای بەرەوڕووبوونەوەی تاراندا، بۆ ولاتەکەیان بکات.

حکوومەتی ئێران بە هیچ جۆرێك قبووڵ ناکات، هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سنوورە ئاوی و وشکانییەکانی نزیك لە ئێران بوونیان هەبێت، چوونکە بە مەترسی لە سەر ئاسایشی ولاتەکەی دەزانێ و بۆ دوورخستنەوەیان دەست بۆ هەر جۆرە کارێکی ناڕەوا دەبات.

گرووپە شیعەکانی سەر بە ئێران بە هاندان و دەستتێدابوونی ڕاستەوخۆی قاسم سلێمانی هێرشیان کردە سەر باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەغدا کە تاران هانی دان تۆڵەی هێرشە ئاسمانییەکان لە ئەمریکاییەکان بکرێتەوە و فشار لە سەر ئیدارەی دانڵد ترامپ دروست بکەن کە بەڵکوو بڕیارێکی تری لەناکاو دەربکات و لە پێناوی ئەوەیدا کە گیانی هێزەکانی دەپارێزێت لە عێراق بکشێتەوە.

لێکدانەوەی تاران دەرکەوت بەتەواوی هەڵەیە و ئەوەی لە ئێستادا لە ئەمریکا سەبارەت بە مەسەلە ئەساسییە بنەڕەتییەکان و ستراتیژی سیاسی بڕیاری لە سەر دەدات، ڕاست بە پێچەوانەی چاوەڕوانی و لێکدانەوەی بێ بنەمای کاربەدەستانی حکوومەتی ئاخوندی بوو. حکوومەتی ئەمریکا دەستی بە هەنگاوە نوێکانی خۆی بە مەبەستی لاوازکردنی ئێران کردووە و ئەو بارودۆخە بێگوومان شوێنی قووڵ لەسەر جووڵانەوە سیاسی و بێزارییە نێوخۆییەکان دەبێ و هاوکێشەکان بە تەواوی بە زیانی دەسەڵاتی ئاخوندی لە قەڵەم دەدرێت.

واشنگتۆن ئەو جار جگە لە پاراستنی دۆست و هاوپەیمانە سیاسی و مێژووییەکانی لەسەر ئاستی ناوچەییدا، زۆر بە چڕی شەڕی مانەوەی خۆی لە عێراق و ناوچەکە دەکات و یەك بە یەك نەیارەکانی بە ئامانج دەگرێ. ئەگەر بەرگری لە مانەوەی خۆی نەکا و هێزەکانی لەو ولاتە بباتەدەرەوە، بێگوومان حکوومەتی ئێران براوەی یەکەمی هاوکێشە نوێکان دەبێ و ولاتێك نابێت ئێران لێی بسڵەمێتەوە و دواجار ئاسایشی سیاسی و نەتەوەیی بەشێك لە ولاتانی هەرێمایەتی دەکەوێتە ژێر مەترسییەوە.

پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ئێران گەیشتۆتە دواقۆناغی خۆی و ئەگەری هەیە ئەو دوو ولاتە بە هۆی سیاسەتی شەڕانگێزی و خۆبەزلزانی کاربەدەستانی تاران، تووشی بەریەککەوتنی سەربازی بن و بە شەڕ کێشەکانیان یەکلایی بکەنەوە.

واشنگتۆن بە ئاشکرا شەڕی بە دژی ئەو گروپ و تاقمانە ڕاگەیاندووە کە سەر بە حکوومەتی ئێرانن. هەرچەندە تاران هانی هێزەکانی حەشدی شەعبی دەدات کە بەرگری لە خۆیان بکەن و تۆڵەی ئەو هێرشەی کرایە سەریان لە ئەمریکاییەکانی بستێننەوە.

هەر ئەوەش بوو کە شیعەکانی سەر بە ئێران بۆ ڕۆژی دوایی پەلاماری باڵوێزخانەی ئەمریکایان دا و داوای چوونەدەری ئەو ولاتەیان لە عێراق دەکرد. شوعار و گوتاری ئەو گرووپانە، ڕێك ئەوەیە کە ڕێژیمی ئێران دەیڵێت لە هەمبەر بوونی ئەمریکاییەکان لە عێراقدا.

ڕێژیمی ئێران لە سەر ئاستی نێوخۆ و نێودەوڵەتیدا لە ژێر گوشاری زۆردایە و ئەو ولاتە بە سەرچاوەی فیتنەی ناوچەی سەیر دەکرێ و بەشێکی زۆر لە ولاتە بەهێز و کاریگەرەکانی گێتی، لەو بڕوایەدان وەختێك ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەست بە ئاسایش دەکات و مەترسییەکان دەڕەوێنەوە، کە حکوومەتی ئاخوندی لە دەسەڵات لادرابێت.

بارودۆخەکە لەوەی چۆتەدەر کە بە حکوومەتی تاران هێور بکرێتەوە و نە دەوێرن بە ڕێگای گورزی سەربازیدا، پاکانە حیسابی خۆیان لە گەڵ کۆشکی سپیدا بکەن و نە دەشتوانن بێدەنگی هەڵبژێرن.




**به ئامانج گرتنی قاسم سلێمانی دەستەڕاستی ڕێبەری ڕێژیم و یەکێک لە دەستڕۆیشتووەکانی ڕێژیمی ئاخوندی، به دیاریکراوی نیشانەی ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتییە لە سیاسەتی دەرەوەی کۆشکی سپی سەبارەت بە پەیوەندییەکانی ئەو دوو ولاتە و ترامپ زۆر بوێرانە سەرەنجام بڕیارە مێژووییەکەی دا و پیاوە فیتنەگێڕەکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی لە عێراقدا کوشت و بەو جۆرە بێ باکی خۆی لە هەمبەر توانا سەربازی و هەواڵگرییەکانی تاراندا ڕاگەیاند**

**پەیامی ئەمریکا زۆر ڕوونە بۆ حکوومەتی ئاخوندی و دەرکەوت کە سیاسەتی کۆشکی سپی لە هەمبەر تاراندا بەتەواوی گۆڕاوە و بەو جۆرە لە گەڵ ڕێژیمی ئاخوندی ڕەفتار دەکرێ کە بە باشی لێی تێبگات و پەیامەکانی ئەمریکا بە هێند وەربگرن. ئەو بڕیارەی ترامپ کۆتایی بە سیاسەتی هێور و دیالۆگ لە گەڵ دەسەڵاتی تاران هێناوە و، ئەو جار پێڕەوی ستراتیژییەکی نوێ دەکەن و بە هێز و گوشاری کرداری حکوومەتی ئاخوندی کۆنترۆڵ دەکەن**

# ڕاهێنەری فێرگەیەک بۆ فێربوون

مریەم عەلیپوور

بەشی چوارەم

**پێشکەوتنی کۆمەڵگە**

وێڕای سیستمی پەروەردە، میتودی ڕاهێنەری هۆکار و کۆڵەکەیەکی بنەڕەتی و سەرەکییە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە. ڕاهێنەر و فێرخواز لە درێژایی پرۆسەی ڕاهێنەریدا دەبێ یاریکەری چاک بن و شت فێر بن. لە هیچ شوێنێک بەرنامە، یاسا و ڕێسای سەرکەوتن نەنووسراوەتەوە. فێرخواز دەبێ خۆی لەگەڵ بارودۆخەکە و ئامانجەکانی لە پرۆسەی ڕاهێنەریدا ڕێکبخات و سەرکەوتن وەدەست بێنێت. ڕێگایەک بەرەو سەرکەوتن نییە بەڵکوو سەرکەوتن بۆ خۆی ڕێگایەکە دەبێ بیکەین بە ڕێگای سەرەکی ژیانمان.
پرۆسەیەکی ڕاهێنەری باش لەسەر بناغەی پێنج فاکتەر دامەزراوە و ڕادەی کاریگەری هەر کامەیان لەسەر پرۆسەکە بەپێی ڕێژەی سەدی لە ناو وێنەی ٨دا ئاماژەی پێکراوە. وەک:

١. تاکێک وەک فێرخواز حەز دەکات گەشە بە تواناییەکانی خۆی بدات، چ زانستی کاری(پیشەیی) و چ زانستی تاکەکەسی(مەبەست کەسایەتی و پێگەیشتنی مۆڕاڵی)، ئەوانە گەشەکردنی جەستەیی و عەقڵی و ڕەوشتی لە خۆ دەگرێت.
٢. تاکێک وەک ڕاهێنەر کە هەوڵ دەدات فێرخوازێک فێر بکات.
٣. پێوەندی نێوان ڕاهێنەر و فێرخواز.
٤. ئامانجەکان، ئەو ئامانجانەی کە فێرخواز دەیهەوێت پێیان بگات.
٥. کەندو کۆسپەکانی سەر ڕێگای ڕاهێنەر و فێرخواز کە دەبنە هۆی نەگەیشتن بە ئامانجەکان.

**بۆچی ڕاهێنەری بکەین؟**

فرێدریش ویلهاڵم نیتچە Friedrich Wilhelm Nietzsche (١٩٠٠-١٨٤٤) فەیلەسوفی ئاڵمانی کە بە بیروڕای ڕەخنەگری لەسەر ئایین و کولتور بەناوبانگە دەڵێت: «مرۆڤ هەر چەند کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتییە و لە گەڵ کەسانی دیکەدا دەژیت بەڵام لە هەمان کاتیشدا تایبەتمەندی خۆی هەیە و بەردەوام لە هەوڵدایە بۆ ئەوەی بە قۆناغێکی بەرز و پێشکەوتووانە بگات».
هەروەها دەڵێت: «هیچ نەتەوەیەک چاکسازی و پێشکەوتن بەخۆیەوە نابینێت ئەگەر سیستمی پەروەردەی باشی بۆ ڕۆڵەکانی نەبێت».
کەواتە لەو وتانەی Nietzsche بەو ئاکامە دەگەین کە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوومان هەبێت دەبێ سیستمی پەروەردەی باشمان هەبێت و ئەو سیستمە لەسەر بنەمای عەقل، لۆژیک و فەلسەفە دامەزرابێت، بەشێوەیەک کە بایەخ بدرێ بە دروست کردنی زانستی کەسیەتی و زانستی تێگەیشتن و پێگەیشتنی مۆڕاڵیی مرۆڤەکان. ڕاهێنان و فێرکردنی منداڵان هەر لەسەرەتای دەستپێکردنیان بە خوێندنگە بە شێوەیەکی لۆژیکی، عەقڵانی، زانستی و هەروەها ڕەوشتی مۆڕاڵی.
تەوەری دووهەم تەرخان کراوە بۆ زیاتر و باشتر تێگەیشتن و شارەزا بوون لە سیستمی پەروەردە و پێگەیاندنی منداڵان. بەداخەوە سیستمی پەروەردە و فێربوونی کۆمەڵگەی کوردی نەک هەر لەسەر بنەمایەکی فەلسەفی عەقڵانی و زانست دانەمەزراوە بەڵکوو بە هۆی کاریگەری داگیرکەران لەسەر زمان و کولتوری ئێمە، سیستمی پەروەردەمان زۆر لاوازە. بە پێی ئەو پرسیار و وەڵامانەی لە کەسایەتی شارەزا لەو بارەوە وەرم گرتوونەتەوە، من پێم وایە ڕاهێنەریش هەر لە خوێندنگەڕا بگرە تا شوێنی فەرمانگەکانمان(ئیدارە) لە پلەی زۆر نزمدانە. ئەگەر لە میتۆدی ڕاهێنەری وەک میتودێک بۆ گەشەکردنی کەسایەتی تاکەکانی کۆمەڵگە کەڵک وەرنەگرین کەواتە ناتوانین بە شێوەیەکی پێشکەوتووانە گەشە بە کۆمەڵگەکەمان بدەین. بۆیە هەر کەموکوڕییەک زۆر بەئاسانی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کەند و کۆسپ لەسەر ڕێگای پێشکەوتنی کۆمەڵگەکەمان و هەر لە جێگای خۆمان دەمێنینەوە و تەنیا هەنگاوێکیش بەرەو پێشکەوتن ناچین.




**وێنەی ٨**
**پێنج فاکتەری گرنگ لە پرۆسەی ڕاهێنەریدا بەپێی دابەشکردنی ڕێژەی سەدی (دەرسەد٪ ) و کاریگەری هەر بەشێک بۆ گەیشتن بە ئامانج**

فەیلەسوف، نووسەر و وتاربێژی لێهاتووی ئەمریکی واین والتەر دایر Wayne Walter Dyer(٢٠١٥- ١٩٤٠) دەڵێت: ‹›کاتێک مۆمێکی(شەمع) داگیرساوت بەدەستەوە بێت و بە ڕێگادا بڕۆیت، دەبینی هەبوونی با و باران زۆر کاریگەری لەسەر مۆمەکە دەبێت و لەوانەیە بکوژێتەوە یان گڕی مۆمەکە هەر جارێک بەرەو لایەک بڕوات. ئێمە مرۆڤەکانیش واین و ڕووداوەکان و هەڵسوکەوتەکانی ئەندامانی کۆمەڵگە یان دەوروبەرمان کاریگەری لەسەر ژیانی ڕۆژانەی ئێمە هەیە . خۆمان دەبێ هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی مۆمی داگیرساوی ژیانمان تا کۆتایی ژیان بە گەشی بهێڵینەوە و ڕۆژ بە ڕۆژیش زیاتر گەشەی پێ بدەین.››
کەواتە بە پێی ئەو قسەیەی Dyer، بەردەوام بوونی ژیانی ئێمە(تاکەکان)، ئامرازێکە بۆ مانەوە و بەردەوامی کۆمەڵگە. بۆ ئەوەش پێویستمان بە ڕاهێنەری هەیە، پێویستمان بە کارکردن لەسەر خۆمان هەیە، هەم وەک تاک لە ناو دەروونی خۆماندا و هەم لە ناو کۆمەڵگەدا. بەتایبەت ئەو کاتانەی کە هەست دەکەین کولتوری داگیرکەر کاریگەری لەسەرمان هەیە، زیاتر لە هەر دەمێک پێویستمان بە ڕاهێنەری هەیە بۆ بەرزکردنەوەی باوەڕ و ئیرادەی خۆمان تا باشتر بتوانین لە بەرابەر کولتوری داگیرکەردا ڕاوەستین.
بە وردە ئاوڕێک لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا هەرچەند سیستمی پەروەردەییان لە پلەی بەر دایە بەڵام لە هەمان کاتدا بەردەوام لە میتۆدی ڕاهێنەری وەک وانەیەک (دەرس) لە کۆڕ و خول (کۆڕس) و کۆبوونەوەکان کەڵک وەردەگرن. کەواتە دەتوانین بەو ئامانجە بگەین و بڵێین کە ڕاهێنەری گرنگترین میتۆد یا ئامرازە بۆ پێشخستن و مانەوەی کۆمەڵگە، لە بەر ئەوەی پێشکەوتنی کۆمەڵگە لە ژیربێژی و بیروڕای زانستییانەی تاکەکانی کۆمەڵگەوە دەستپێدەکات.

**ئەگەر لە میتۆدی ڕاهێنەری وەک میتودێک بۆ گەشەکردنی کەسایەتی تاکەکانی کۆمەڵگە کەڵک وەرنەگرین کەواتە ناتوانین بە شێوەیەکی پێشکەوتووانە گەشە بە کۆمەڵگەکەمان بدەین. بۆیە هەر کەموکوڕییەک زۆر بەئاسانی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کەند و کۆسپ لەسەر ڕێگای پێشکەوتنی کۆمەڵگەکەمان و هەر لە جێگای خۆمان دەمێنینەوە و تەنیا هەنگاوێکیش بەرەو پێشکەوتن ناچین**

ئەگەر بڕوایەک بچێتە ناو مێشکی کەسێک و جێگیر ببێ، هیچ هێزێک ناتوانێت بەربەرکانێی لە گەڵ بکات، هەر بۆیە گرنگە و پێویستە پێشکەوتن لە زانست و ژیری لە مێشکی هەر تاکێکی کۆمەڵگەدا بچەسپێنرێت و میتۆدی ڕاهێنەری ببێتە یەکێک لە ئەرکەکانی ئێمەی تاکی کورد.

**بۆچی ڕاهێنەری؟**

ـ ڕاهێنەری بۆ پێکهێنانی کولتورێکی تازە و سەردەمیانە (کولتوری ڕاهێنەری چییە، لە بەشەکانی دیکەدا زیاتر باسی دەکەم).
ـ ڕاهێنەری بۆ هێنانەدی دەسەڵات و هێزێکی یەکپارچە یان تایبەت بە یەک کەس، چ وەک تاک (شەخس) یا چ وەک ئەندامی شاندێک (گروپ).
ـ ڕاهێنەری بۆ باشتر بەڕێوەبردنی کارەکان.
ـ ڕاهێنەری بۆ باشتر هەڵسوکەوت و مامەڵە کردن (ڕەوشت و مۆڕاڵی ئەرێنی).
ـ ڕاهێنەری بۆ سەرکەوتن بەسەر سەختی و تەنگەژەکانی ڕۆژانەمان (سەرکەوتنی ژیرانە).
- ڕاهێنەری بۆ پێداچوونەوە بە ڕابردوو و ئێستا و پێکهێنانی داهاتوویەکی باشتر.
- ڕاهێنەری بۆ دروست کردنی پرد لە نێوان زیرەکی و ڕەوشتدا.
- ڕاهێنەری بۆ گەڕان بەدوای مۆدێلی بیرکردنەوەی نوێ و ڕێگەی نوێ بۆ ئەوەی کاریگەری باشمان لەسەر کەشی کارکردن و ژیان هەبێت.
- ڕاهێنەری بۆ گۆڕینی ڕوانگە و ترسەکانمان لە پەیوەندی لەگەڵ وەرگرتنی بەرپرسایەتی و ئەرک.
- ڕاهێنەری بۆ نەترسان لە ڕەخنە و ڕەخنەگرتن، هەروەها کەڵکوەرگرتن لەو ڕەخنانەی کە بۆ بەرە پێشبردنی ئامانجەکان بە کەڵکن.
- ڕاهێنەری بۆ ئاگاداربوون و تاقیکردنەوە لەسەر ئەوەی کە مێشک چۆن کار دەکات.
- ڕاهێنەری بۆ چارەسەرکردنی داخوازییەکی کۆنکرێت.
- ڕاهێنەری بۆ فێربوونی کاری گروپی و باشتر پێکەوە کارکردن.
- ڕاهێنەری بۆ ئەوەی سەرکەوتنی تیم یان گروپ بە سەرکەوتنی خۆمانی بزانین و زیاتر هەوڵی سەرکەوتنی بۆ بدەین.
- ڕاهێنەری بۆ ئەوەی بەخێرا و بە هاکەزایی بە سەر ناکۆکی و کێشەکاندا تێنەپەڕین، بەڵکوو بە شێوەی بنەڕەتی (ریشەیی) چارەسەریان بکەین.
- ڕاهێنەری بۆ هێنانی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی بە سەر نۆرم و خووە کۆنەکان کە هۆکاری دواکەوتوویی کۆمەڵگەن.
- ڕاهێنەری بۆ پێکهێنانی ژیانێکی خۆش و سەردەمیانە.

ویڕای ئەو چەند خاڵەی لەسەرەوە ئاماژەم پێدان، زۆر هۆکار هەن بۆ ئەوەی بزانین مرۆڤ بۆچی لە ڕاهێنەری وەک میتۆدێکی فێربوون و ئاڵوگۆڕێکی درێژخایەن (ستراتیژی) کەڵک وەردەگرێت.
ڕاهێنەری میتۆدێکی یەکجار زۆر گونجاوە بۆ سەرکەوتن، بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە لە ژیانیاندا تووشی دژبەری) پارادۆکسی( دەبن یانی ڕەوشت و کردەوەیان لە گەڵ یەکتر ناگونجێ. سەرکەوتن شتێکی زۆر لە ناکاو (تەسادەفی) نییە و هیچ کەسیش زگماک بە سەرکەوتوو و زیرەک لە دایک نەبووە.
شانسی سەرکەوتن بۆ هەموو کەس هەیە مەگەر کەمئەندامی عەقڵی بێت، بە شەرتێک کاری بۆ بکات و پلانی بۆ دانێت. هەر کەسە بە شێوەیەک دەتوانێ سەرکەوتن بەدەست بێنێت. پێداگری کردن لەسەر ویست و ئامانجەکانمان فاکتەری سەرەکین بۆ سەرکەوتنمان. مەبەستێکی شاراوە لە پشت ڕاهێنەریدا نییە، بەڵکوو ڕاهێنەر و فێرخواز بە دانی دەنگەژە (ئیلهام یان بیر و هەستێک کە لە نادیارەوە بە دڵ دەگا) یان هاندانی یەکتر کارەکان بەرەوپێش دەبەن. تایبەتمەندی ڕاهێنەری وەک میتۆدێک ئەوەیە کە توانای پرسیار کردنی هەیە. زۆر جار پرسیارە بنەڕەتییەکان زۆر ئاسانن وەک: قۆناغی ئێستات چۆنە و لە چ ئاستێکدای؟ ئەتۆ چیت دەوێ؟ قۆناغی داهاتووت چۆن دەبێ؟ بۆچی دەژی و ئامانجی ژیانت چییە؟ دەتهەوێت چۆن بە ئامانجەکەت بگەی؟ ئەگەر لە ناو پرۆسەی ژیانتدا سەرکەوتوویی، لێهاتوویی و تواناییت هەیە و لە بارودۆخی ژیانێکی خۆشدایت، دیسانیش هەموو کات پێویستت بە ڕاهێنان و فێربوون هەیە. ئێمە مرۆڤەکان وەک دوو ڕووی دراوێکین، هەم خاوەنی لایەنی باشین و هەم لایەنی خراپ.
ڕاهێنەری دەتوانێت میتودێکیش بێ بۆ ڕاڤەکردن لە سەر دوو کاتیگۆری یا چەمکی کەسایەتی خۆت، یانی دەتوانی لایەنە باش و خراپەکانی خۆت بدۆزیەوە و بارودۆخێکی ڕوون لەو دوو لایەنەت دەستنیشان بکەی. زۆر هۆ هەن بۆ ئەوەی بزانین بۆچی لە ڕاهێنەری وەک میتۆدێک بۆ فێربوون و ئاڵوگۆڕی ستراتیژی کەڵک وەردەگرین. ئەگەر ئێمە بەشداری پرۆسەکانی ڕاهێنەری بکەین بە دڵنیاییەوە گەیشتن بە سەرکەوتنمان زۆر ئاسان دەبێتەوە و زۆر ئاسان دەتوانین هەستەکانمان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمان بگۆڕین.
هەر تاکێک، پۆلێک (گروپ) یان ڕێکخراوێک سەرەتا دەبێ یارمەتی بدرێن بۆ ئەوەی بەڕوونی یان بە ئاشکرا بزانن چییان دەوێ و پاشان ڕێککەون کە چۆن بە ئامانجەکانیان بگەن.

**سێ هۆی گرنگ بۆ سەرکەوتن لە پرۆسەی ڕاهێنەریدا:**

- چیمان دەوێ؟
- شێواز و کاتی دەست بەکار بوون.
- ئاکامی کارەکانی خۆمان لە بەر چاو بێ.

ئاکامی کەڵکوەرگرتن لەو سێ خاڵە یان فورمووله، ئەوە نییە کە ئیتر تووشی شکان نابین. بەپێچەوانەوە زۆربەی ئەو کەسانەی کە لە ژیانیاندا سەرکەوتوون زۆرترین شکانیان بەخۆوە بینیوە.
گرنگ ئەوەیە کە ئێمە زوو کۆڵ نەدەین و تەسلیمی شکانەکانمان نەبین. دەبێ ئەوەی باش بزانین کە بڕیاری دروست لە ئەزموونەوە ڕا دێت، ئەزموونیش لە هەڵەکردن و نسکۆڵەکان ڕا. کاتێک زانیت ئەو ڕێگایە سوودبەخش نەبوو، کەواتە میتۆدی کارەکەت بگۆڕە. دەبێ هەوڵ بدەی سەرنەکەوتنەکانت (شکانەکان) بکەی بە پلیکان بۆ سەرکەوتن و پێیاندا وەسەر کەوی.
لیلیان جاکسۆن براون Lilian Jackson Braun نووسەری بەناوبانگی ویلایەتە یەکگرتووکانی ئەمریکا دەڵێت: «هەموو سەرنەکەوتن و شکانەکانت لەگەڵ ئەو شتانەی لەو پێوەندییەدا فێریان بووی یان لەدەستت داون، هەڵسەنگاندن بکە (بەراورد بکە)، بۆ ئەوەی ئەزموون وەرگری و ڕێگای باشتر تاقی کەیەوە.»
یەکێکی تر لە ئامانجەکانی ڕاهێنەری ئەوەیە هەر یەک لە ئێمە بەو شێوە کارەی فێری دەبین، بتوانین یارمەتی کەسانی دیکە بدەین یا بۆ ئەوەی بتوانین خۆمان بە باشترین شێوە بگۆڕین. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوە کە ئێمە لە ژیانی کەسیەتی (شەخسی) ڕۆژانەماندا بە هەموو گیر و گرفتەکانییەوە، نەخش و ڕۆڵی باشمان هەبێت.
هەروەها ئەگەر لە ناو ڕێکخراوێکیشدا چالاکین کاریگەری باشترمان هەبێ هەم لەسەر هاوڕێیانمان و هەم بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان.
بە تایبەت کاتێک ئێمە ئەو شتانەی فێریان دەبین، بە کردەوەش بەجێیان بگەیەنین یانی تیئۆری و کردەوە پێکەوە کار بکات.

**لیلیان جاکسۆن براون Lilian Jackson Braun نووسەری بەناوبانگی ویلایەتە یەکگرتووکانی ئەمریکا دەڵێت: "هەموو سەرنەکەوتن و شکانەکانت لەگەڵ ئەو شتانەی لەو پێوەندییەدا فێریان بووی یان لەدەستت داون، هەڵسەنگاندن بکە (بەراورد بکە)، بۆ ئەوەی ئەزموون وەرگری و ڕێگای باشتر تاقی کەیەوە"**

# هێرش پاڵانی:
# دڵنیام ئەمجارەش خەڵکی کوردستان لە سەنگەرێکی دیکەدا پشتی ڕێژیمی ستەم و داگیرکاری بە توندی لە عەرز دەدەنەوە

دیمانە: ڕەحمان سەلیمی

**کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی تەمەنی ٤٠ ساڵەی خۆیدا بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتی خۆی لە هەموو فرتوفێڵێک کەڵکی وەرگرتووە. ڕێژیم، لەو کاتەوە کە هاتووەتە سەر کار هیچکات پێبەندی ئوسولێکی دێموکراتیک نەبووە و گوێی بە دەنگی خەڵک نەداوە و بە پێچەوانەوە بە زمانی زۆر ویستەکانی بەسەر خەڵکدا سەپاندووە. دوای ڕاپەرینی خەڵک لە شارەکانی ئێران و کوردستان لە مانگی خەزەڵوەر، کە سەدان کەس لە لایەن ڕێژیمەوە شەهید کران و هەزاران کەسیش بریندار و دەسبەسەر کران، خەڵک بە تەواوی لەو ڕێژیمە کشاونەتەوە. هەروەها ڕێژیمی ئێران کە ٤٠ ساڵە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا بەڵێنی درۆ بە خەڵکی ئێران دەدات و ئێستا خەڵک لە دژوارترین دۆخدا ژیان بەسەر دەبەن، ڕێژیم داوا لە خەڵکی ئێران دەکات لە شانۆی هەڵبژاردنەکاندا کە بڕیارە لە سەرەتای مانگی ڕەشەمەوە یازدەهەمین خولی بەناو هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ڕێژیمی ئێران بەڕێوە بچێت، بەشدار بن. ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە بەیانییەیەکدا، شانۆگەریی هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیس لە ئێرانی تەحریم کرد. بۆ تاوتوێی زیاتری هەڵبژاردنەکانی داهاتوو لە ئێران لەگەڵ بەڕێز ‹‹هێرش پاڵانی›› بەرپرسی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات لە ئامریکا و کانادا وتووێژێکمان پێک هێناوە کە سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین:**

**. لە وڵاتێکی وەکوو ئێران کە سیستمێکی ئیدئۆلۆژیک و داخراو دەسەڵاتدارە، هەڵبژاردن مانایەکی هەیە؟**

هەم بنەما ئیدئۆلۆژیکی-ئایینییەکانی ڕێژیم و بە قەول یاسای بنەڕەتی ڕێژیم کە بەری ئیدئۆلۆژی و ئایینی ئاخوندە ناتەباکان لەگەڵ گەشەی زەمانە و هەم نزیك بە ٤٠ ساڵ لە حاکمییەتی ڕێژیم بە ڕوونی نیشانی داوە کە بە پێچەوانەی زۆربەی نەزمە سیاسیی-حقوقییە خەڵکتەوەرەکان، ڕێژیم خەڵک بە نابالغ لە بڕیاردانیدا دەزانێ! لە ڕێژیمی داخراو و ئاخر زەمانی ئێراندا، دەسەڵات لە خەڵکەوە سەرچاوە ناگرێ، بەڵکوو لە مەیل و تێگەیشتن و هەوەسی وەلی یان بڕیاربەدەستی (مەعسوم) وە سەرچاوە دەگرێ، وەلی فەقیهیش تەنیا لە بەرابەر خودادا وڵامدەرە. لە یاسایی بنەڕەتی ڕێژیمدا و بە کردەوەش بۆ هەمووان دەرکەوتووە کە ڕێبەر یان (وەلی فەقیهی) لە زۆربەی بڕیارەکانی جمگەکانی جموجوڵی کۆمەڵ و وڵاتدا قسەی ئاخر دەکات و خەڵک دەبێ ملکەچی بڕیارەکانی بن. بە واتایەکی دیکە کە بۆخۆیان باوەڕیان پێی هەیە، ئوممەت مەڕە و وەلی فەقیە شوان!! ٤٠ ساڵە لە هەموو ڕووداوە چارەنووسسازەکانی وڵاتدا و، بە ڕواڵەت دەنگدان و هەڵبژاردنەکاندا، هەر ئەو مۆرانە بڕیاربەدەستن و خاوەن کەلام کە وەفادارتر و گوێ بەفەرمانتر بوون بۆ ڕێژیم نەك خەڵک. لە ئێرانی ژێر حاکمییەتی ڕێژیمدا، دەنگدان ماف نییە و ئەرکە، گرینگترین ئەرکیش(واجب) بۆ بەناو شارۆمەند پاراستنی حاکمییەت و بەرژەوەندییەکانی حاکمییەتە، کە بە قەولی خومەینی لە(ئەوجبی واجباتە) سەرەوەی ئەرکانە بنەرەتییەکانی ئایینیشەوەیە. کەوایە نە لە تەنگەبەری بنەما ئیدئۆلۆژیکی-ئایینیەکانی ڕێژیم و نە لە ماوەی نزیك بە ٤٠ ساڵ حاکمییەتی بەکردەوەی پڕ لە کارەسات و برسێتی و سەرکوت و ستەمیی ڕێژیمدا دەنگی خەڵک، هەرگیز بەهێند وەرنەگیراوە و لە داهاتووشدا ناگیرێ. خەڵک بۆ خۆشیان ئەم ڕاستییە بە باشی دەزانن، مەگەر کەسانێك بۆ بەرژەوەندی کورتخایەنی تاکەکەسی یان بۆ بەردەوامیی دۆخی پڕ لە ستەم و نادادپەروەی خۆیانی لێ کەڕ و کوێر بکەن.

**. بە ڕوونی بۆ خەڵک دەرکەتووە کە مەجلیسی ڕێژیمی ئێران هیچ ڕۆڵێکی لە بڕیاراتی سەرەکیدا نییە، ئەو کەسانەی کە خۆیان بەربژێر دەکەن، چ دەتوانن بۆ خەڵک بکەن؟**

پێشەکی هەموومان دەزانین بەناو بەربژێر، دەبێ بە چەند فیلتەردا تێپەڕ بێ تا شایانی بەربژێربوونی لە لایەن دامودەزگا ئەمنیەتی و عەقیدەتییەکانی ڕێژیمەوە پەسەند بکرێ. پاشان مەجلیس لە خۆیدا دەزگایەکی ڕواڵەتییە و بۆ دڵگەرمیی و ڕواڵەتپارێزی ڕێژیم دانراوە نە بۆ نۆێنەرایەتی کردنی دەنگی خەڵک. ئەم ڕاستییەش بە دەیان جار تاقی کراوەتەوە، باشترین بەڵگەش بۆ ئەم ئیدیعایە دۆخی شڕ و شپرێوی ئابووری-سیاسی خەڵکی ئێرانە، برسییەتی و هەژاری ٨٠٪ خەڵکی وڵات - ئەویش بە قسە و ئەژمارەکانی دەزگاکانی خودی ڕێژیم- هەروەها نموونەی دیکەی زۆر ڕوون، نارەزایەتییە بەربڵاوەکانی مانگی پێشوو؛ ئەو ڕەشەکوژییە کە دەزگا ئەمنیەتییەکان بە بەرچاوی خەڵکی جیهانەوە کردیان. کوشتنی زیاتر لە ١٥٠٠ کەس لە ناڕازییەکان و گرتن و بێسەروشوێن کردنی هەزاران کەس، شۆرای ئیسلامی یان بەناو نوێنەران، کەی و لە کوێ سرتەشیان لێوە هات و نیشانیان دا نوێنەری خەڵکن و لە پاڵ خەڵکن؟؟

بەپێچەوانەوە ئەوان سەلماندیان، لە ڕێژیمێکی سەرکوتکەر و دژەخەڵکدا ئەوان دەزگایەکی نوێنەری ڕێژیم و دژی خەڵکن!! بۆیە ئەوانەی وا ڕەوانەی مەجلیس دەبن هەر لە جێیدا تا دەگەنە حەوتخانی مەجلیس، ناوی خەڵکیان لە بیر دەچێتەوە و، لە ماوەی ٤ ساڵی ئەندام بوونیشیان لە مەجلیسدا بەردەوام لەهەوڵدان وەفاداری خۆیان بۆ ڕێژیم بسەلمێنن.

**. ئایا لە ماوەی ٤٠ ساڵ دەسەڵاتداریی ڕێژیمی ئێراندا، جیا لە پرۆژەکانی ڕێژیم، ئێزن بە ویستەکانی خەڵک دراوە کە لەلایەن نوێنەرانی مەجلیسەوە بێتە بەرباس یان پەسەند بکرێت؟**

هەڵبەت لە پرسیاری پێشوودا باسمان لە جێگا و پێگەی مەجلیس کرد، بەڵام گەر بمانەوێ وردتری لە سەر بدوێن ڕەنگە خراپ نەبێ وەبیربێنینەوە کە مەجلیسی ئێران لە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا، تەنیا یەك قۆناخ ئەویش قۆناخی زاڵبوونی وێژمانی چەواشەکارانەی ئیسلاحتەڵەبی لە ئێران بوو کە خەڵک تا ڕادەیەK دڵیان پێخۆش کرد؛ زۆریشی نەخایەند کە سەرکۆماری ئیسلاحات بە ئاشکرا وتی: ئەو تەنیا تەداروکاتچیەکە و مەجلیسەکەیشیان بە حوکمێکی حکومەتی ڕێبەر نێوەڕۆکی ڕاستەقینەی چەواشەکارانەی خۆ دەرخست و هەرچی لە بەڵێنی درۆ بە خەڵکیان دابوو بە بڕیارێك و لە بەر پاراستنی بەرژەوەندیە دژە خەڵکییەکانی ڕێژیم لێی پاشگەزبوونەوە!! ئەوە کە قۆناخەکانی دیکە و دەورەکانی دیکە بەناو مەجلیس چی بۆ خەڵک کردووە، وەك پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، دۆخی پڕ لە هەژاری و نەگبەتی خەڵک لە ئێراندا دەتوانێ باشترین و ڕوونترین وڵام بێ بۆ ئەو پرسیارە.

**. ڕێژیمی ئێران هەموو جارێ لە کاتی هەڵبژارنەکاندا بۆ ڕاکێشانی خەڵک لە فرتوفێڵ کەڵکی وەرگرتووە، ئەم جارە ڕێژیم لە چ ڕێگایەکەوە هەوڵ دەدات خەڵکی کوردستان و ئێران کە جەوهەری ئەو ڕێژیمەیان بۆ دەرکەوتووە، بهێنێتە سەر سندوقەکانی دەنگدان؟**

ئەوە کە ئێستا خەڵك لە هەموو ئێران نێوەڕۆکی ڕێژیم و دامودەزگا و سیاسەتە بەڵێنیەکانیان ناسیوە، ئەو ڕاستییەکی جێی دڵخۆشییە و وەك لە ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی یەك مانگ و نیوی پێشدا دیتمان خەڵك بە دەستی خاڵی و بە تووڕەییەوە بە گژ تەواوی ڕێژیمدا هاتنەوە و نیشانیان دا کە ئیدی باوەڕیان نە بە چاکسازی ماوە و نە بە میانەڕەو و نە ئوسوولگەرا. دیارە بۆ ئەم دەورەی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسیش، ڕێژیم لە ژێر گوشار و هەڕەشە و ئابلۆقە جۆراوجۆرەکانی ناوچەیی و جیهانیدا شتێکی زۆری لە چەنتەدا نییە کە دڵی خەڵکی پێخۆش بکات. ئەم جارە هەتا بە وەرخستنی ڕکەبەرایەتی زەرینگەرانەی جیناحی ناتوانێ دڵخۆش بکات چون ئەوەش لە سایەی درۆ و دوورووییەکانی مەجلیسی ئەسلاحات-میانەڕەوە تاقیکراوەتەوە. ئەوەی ڕەنگە ڕێژیم ئەو جارەش وەك دەورانی دوای شۆڕش پەنای بۆ بەرێتەوە، هەڕەشە و تۆقاندنی خەڵکە و پەنابردنە بۆ بزواندنی هەستی ئێرانیگەرایی قەومی زاڵ. بێجگە لەوە گەورەکردنەوە ترسی لە ناوچوونی ئێران دوای لە ناوچوونی ڕێژیم کە پێیوایە، لەم مەیدانەشدا بە باشی دەستی خوێنراوەتەوە و لانیکەم نەتەوە ستەمدیتوو مافزەوتکراوەکان و خاك و ئیرادە داگیرکراوەکان باش لەم هەوڵانەی ڕێژیم گەیشتوون.

**. خەڵکی کوردستان کە ٤٠ ساڵە لەلایەن ئەو ڕێژیمەوە سەرەتاییترین مافەکانیان پێشێل دەکرێت، ئایا هۆیەک دمێنێت بۆ دەنگدان؟**

کوردستان لە مێژە قسەی خۆی کردووە و بڕیاری ڕاستەقینەی خۆی داوە، لە ڕێفراندۆمی کەزایی دامەزران و ڕەوایی وەرگرتنی ڕێژیمەوە، خەڵکی کوردستان بە خۆڕاگریی و بەربەرەکانی و بەرگری لە کوردستان نایەکی بەکردە و قایمیان بە فەلسەفەی وجوودی ڕێژیم دایەوە. کوردستان ٤٠ ساڵە هەر بە پێوەیە و چۆکی نەداوە؛ بۆیە ڕێژیم ناتوانێ بۆ ئانێکیش لە کوردستان ئارخایەن بێ و بە جیددی باوەڕ بکا کە کوردستان بەشێك لە قەڵەمڕەوی حاکمییەتیەتی. ڕێژیم داخوازییەکانی کورد وەك هەمیشە بە هەڕەشە لە سەر دەسەڵاتی داگیرکەرانەی خۆی دەزانێ، ڕێژیم هەتا باوەڕ بە جاش و بەکرێگیراوە کوردەکانیش ناکات بۆیە ئیسلاحتەڵەب و میانەڕەوەکانیشیان تەنانەت کورد -هەڵبەت ئەویش کوردی دەستەمۆی خۆیان و حاکمییەتی قەومی دەسەڵاتداریان - بە شایانی ئوستانداربوونیش نازانن . ئەوەی کە سپای پاسداران حاکمی ڕاستەقینەی کوردستانە و کورد هێشتا لە هیچ پلە و پۆستێکی گرینگدا لە کوردستان خاوەن بڕیار نییە و، کوردستان ٤٠ ساڵە بە شێوەی حکومەت نیزامی ئیدارە دەکرێ و هەمیشە باسی کورد باسی ئەمنیەتی نەتەوەیی ئێرانە، هەموو ئەوانە بە ڕوونی پێمان دەڵێن کە پێوەندییەکانی ئێمە و ئەوان پێوەندییەکی داسەپاو لە سەر بنەمای داگیرکەر و داگیرکراوە. ئیدی خەڵکی وشیار و خاوەن کەرامەتی کورد چۆن دەبێ لە شانۆی ڕەواییدان بە ئەم ڕێژیمە سەرکوتکەر و داگیرکەرەدا بەشداری بکات. بەشداری لەم شانۆیەدا پێش هەمووان بۆ کورد، کە ٤٠ ساڵە پێشمەرگانە و سەربەرزانە لە ڕووی ڕێژیمدا ڕاوەستاوە، هەم شەرم و هەم سەیرە، ئاخر چلۆن دەکرێ کورد لە دواساتەکانی بەرەو داڕووخانی ڕێژیمدا، مل بە زیللەت و زەبوونی و کورتبینی و سەرنەوی کردن بدا، ئەمەیان لە گەلی سەربەرزی کورد بە دوور دەزانم!!

**. هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە چ جیاوازییەکی لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی پێشوو دەبێت؟**

هەڵبژاردنی ئەم جارە، بۆ ڕێژیم زۆر حەیاتییە، بۆ؟ چون ڕێژیم بە نارەزایەتییە بەربڵاو و پێکهاتەشکێنەکانی یەك مانگ و نیو پێش و هەروەها نارەزاییەتیەکانی دوو ساڵ پێش لێی ڕوون بووەتەوە کە گلۆڵەی بوونی کەوتووەتە لێژی و، خەڵک دوایین بڕیاری خۆیانیان لەمەڕ چارەنووسیان داوە. جیهانیش ئەم ڕاستییەی بە فەرمی ناسیوە، جا گەر کەمتەرخەمییەك لە لایەن کۆمەڵگای نیونەتەوەییەوە دەبینرێ، ئەوە ئانالیزێکی دیکە هەڵدەگرێ کە ڕەنگە بۆ ئەم دەرفەتە و ئەم وتووێژە نەبێ. لە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا ڕێژیم هەرچی لە توانای سەرکوتکاری و فێڵ و چەواشەکاری ئایینی و ماڵی و ئەمنییەتیدا هەبوو دەکاری کرد؛ تا دەوامیی دەسەڵاتی جەهەننەمی و دواکەوتووانەی خۆی بپارێزێ بەڵام، پرسیار ئەوەیە ڕێژیم ئێستا لە چ حاڵێکدایە؟؟ ئابوورییەکی تێکشکاو، خەڵکێکی بێهیوا، کۆمەڵگایەکی داڕووخاو لە ڕووی باوەڕ و بەها کلتوری، کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکانەوە... ڕێژیمێکی تەریککەوتوو، بەدناو، ئاژاوەگێڕ کە بەرە بەرە هەتا لە ناوچەشدا سام و هەیبەتی ترۆریست بوونی لە دەست دەدات؛ خۆشیان دڵنیان کە لە دوانەفەسەکانیاندان. بۆیە بەشداری خەڵک لەم هەڵبژاردنەدا بۆ ڕێژیم هیوایەکە بۆ خۆگرتنەوە و وەرگرتنەوە تا بەڵکوو بەوشێوە نیمچە ڕەواییەکی پەیدا بکا بەشکم بۆ چەند ماوەیتر بۆی بلوێ دەسەڵاتی پڕلە نەگبەتی درێژە بدات، (ئێ ئەمە ڕۆژگارە بەڵکوو فەرەجێك)!! هەموو مەنتقێك و گشت بەڵگەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە، خەڵکێك کە مانگ و نیوێك پێش بە سەدان هەزار تووڕەی خۆیانیان نیشان دا و مەرگ و نەمان بۆ خامنەیی و تەواوەتی ڕێژیمیان دا و، خوێنی باشترین ڕۆڵەکانیان پێشکەشی ئازادی و ڕزگاریی کرد، حەتمەن بە وریاییەکی کەموێنەوە تەحریمی دەنگدان دەکەن و ناچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان و نایەکی جیاواز و ڕووخێنەر بە ڕێژیم دەڵێن. جیاوازی ئەم هەڵبژاردنە، لەگەڵ ئەوانی پێشوو پێموایە ئەوە دەبێ کە خەڵک هەنگاوێکی گەورەتر لە هیوابەخۆبوون و سووربوون لە سەر ڕووخانی ڕێژیم نزیك هەڵدەگرنەوە.

**. بایکۆتی هەڵبژاردنەکان لەلایەن ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران تا چەندە کاریگەریی دەبێت؟**

یەکدەنگی و یەکگرتوویی بەرچاوترین و ڕیشەدارترین حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە چوارچێوەی پلاتفۆرمێکی کوردیدا، وەك لە چەند ڕووداوی گشتیی و خەباتکارانەدا دەرکەوتووە جێگای ڕەزایەتی خەڵکە وەك سەرتایەکی باش، هەڵبەت خەڵک بەحەق چاوەڕوانی فرەتریان هەیە بەڵام جارێ با ئەو باسەیان بمێنێ بۆ دەرفەتێکی دیکە کە هەل هەڵکەوێ و باسی لێوە بکەین!! دەمەوێ بێژم ئەم هەنگاوە پیرۆزە وایکردووە خەڵکی کوردستان بە چاوەڕوانی و هیواوە بڕواننە بڕیاری ناوەندی هاوکاری و بە پەرۆشەوە بە دەم بانگەواز و داواکانیانەوە بچن. بێجگە لەم هۆکارە، هۆکارەکانی دیکەش کە لەم وتووێژەدا لەمەڕ بارودۆخی ڕێژیم و تورەیی خەڵك و بێداهاتووی ڕێژیم و فشارە جۆراوجۆرەکانی سەر خەڵک و ژیانی پڕ لە چەرمەسەرییان لە سایەی وجوودی پڕنەگبەتی ئەم ڕێژیمە و ڕابردوو پڕ لە شانازی خەڵکی کوردستان لەم چل ساڵەدا، هەموو دڵنیامان دەکەنەوە کە بانگەوازی بەرپرسانە و یەکگرتووانەی ناوەندی هاوکاری بۆ بایکوتی وشیارانە و ئەکتیڤی شانۆی هەڵبژارنی ئەم دەورەی ڕێژیم لە گەڵ پێشوازی کەموێنەی خەڵکی وریای کوردستان ڕووبەڕوو دەبێتەوە. دڵنیام ئەمجارەش خەڵکی کوردستان لە سەنگەرێکی دیکەدا پشتی ڕێژیمی ستەم و داگیرکاری بە توندی لە عەرز دەدەنەوە و، وەك هەمیشە میداڵی شەرەف و شانازی بەرگری لە مافەکانیان بۆ خۆیان و مێژوویان تۆمار دەکەن.



**دڵنیام ئەمجارەش خەڵکی کوردستان لە سەنگەرێکی دیکەدا پشتی ڕێژیمی ستەم و داگیرکاری بە توندی لە عەرز دەدەنەوە و، وەک هەمیشە میداڵی شەرەف و شانازی بەرگری لە مافەکانیان بۆ خۆیان و مێژوویان تۆمار دەکەن**



## لە زاری پارێزەرانی وڵاتەوە

# دیمانەیەک لەگەڵ «محەممەد ئیبراهیمی»، پێشمەرگەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان

**وتوویژ: بێهزاد قادری**

باڵتان بە وشەکان دا، شێعرتان فێری فڕین کرد، بەرزیتان بە باڵای شاخدا بڕی و شاریش شاخئاسا حەماسەی تێدا خولقا. ئازادی بە هەناسەتاندا گلۆر دەبێتەوە، ئاسۆ بە ڕوانینتان، ئەشق بە چەکتان و نیشتمان بە ترپەی هەژێنەری دڵتان.
لە هەنگاوتان هیوا جێ دەمێنێ، لە دەنگتان ئاوات، لە ڕووخسارتان ورە، وەک ئەوەی لە شەقەی باڵ جێ دەمێنێ. کانی لێتان دەخواتەوە، وەک چۆن دڵدار نیگای دڵبەر. شەقام هەنگاوتان هەڵدەگرێت، وەک چۆن ئالبۆم وێنە. گڵۆپەکانیش بەتاسەتانن، وەک چۆن ئاسمان ئەستێرە.
لە درێژەی وتوویژەکانمان لەگەڵ پێشمەرگەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە چیا سەرکەشەکانی نیشتمان، ئەمجارە و لە مانگی بەفرانباردا، لەگەڵ پێشمەرگەیەکی تری کوردستان بە ناوی «محەممەد ئیبراهیمی»، ئەم دیمانەیەمان پێک هێنا و پێشکەشتانی دەکەین:

**- بەر لەوەی بێیتە ڕیزی شۆڕشەوە، هەست و بیر و باوەڕت سەبارەت بە کوردستان و پێشمەرگە چۆن بوو؟**
بڕوای من وا بوو کە هەندێک کەسی تایبەت بۆ ئەرکێکی پیرۆز بە ناو پێشمەرگایەتی لەدایک دەبن. پێشمەرگەم وەک گورزی قایمی کورد و ڕزگاریدەری کوردستان لە هەموو بوارەکانی دۆخی کورد دەزانی.
پێشمەرگەم وەک کەسانێک دەبینی کە بەهۆی خۆشەویستیی لەڕادەبەدەر بە نیشتمان، ئامادەن لە هەموو خۆشی و ڕاحەتیی ژیانی تاکەکەسیی خۆیان بگوزەرن و گیانی خۆیان بێ هیچ چاوەڕوانییەک پێشکەش بکەن، تاکوو گەلەکەیان بگەنە سەربەستی. کوردستانیشم بە پێشمەرگەوە پێ جوان بووە.

**- ئێستا کە خۆت پێشمەرگەیت، چ هەستێکت هەیە و هەستت بۆ کوردستان چۆنە؟**
ئێستاش کە پێشمەرگەم و ئێستا کە پێم لە جێ پێی گەورەپیاوانی مێژووی کورد ناوە و جلوبەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیم لەبەردایە، هەستێکی قووڵی خۆشەویستی بە نیشتمانم لە دڵدایە، خۆشەویستییەک کە ئامادەم بۆی گیانم بدەم و لە پێناویدا تا دواهەناسەم خەبات دەکەم.

**. هەر کام لەم وشانە (نیشتمان، پێشمەرگە و ڕاسان) لە ڕوانگەی خۆتەوە پێناسە بکە:**
«نیشتمان» شوێنێکە کە گەورەترین و بەرزترین بیر و باوەڕەکانی تێدا سەر هەڵ دەدات.
«پێشمەرگە» پارێزەری ڕاستەقینەی خاک و گەلە.
«ڕاسان» بڵێسەی ئاگری شۆڕشێکی نوێیە. ڕاسان گەورەترین مەترسی بۆ دوژمنانی گەلی کوردە.

**- گەورەترین ئاواتی ژیانت چییە و بۆچی ئەو ئاواتە، گەورەترین ئاواتی ژیانتە؟**
ئاواتی گەورەی من ئەوەیە کە بەرەی داهاتوو، بەرەی دوای ئێمە، ئیتر شاهیدی ئەو هەمووە زوڵم و زۆرە لە کورد نەبن و بگەینە مافەکانی خۆمان.
ئاواتم ئەوەیە کە لە کوردستانێکی ئازاددا ژیان بەسەر بەرم.

**- بە بۆچوونی تۆ، چ شتێک دەتوانێت واتا بە ژیانی مرۆڤی کورد ببەخشێت؟**
تەنیا شتێک کە دەتوانێت واتا بە ژیانی کورد ببەخشێت، دروستبوونی دەوڵەت- نەتەوەیەکی کوردییە و بەس.

**- وەک پێشمەرگەیەک، چ قسەیەکت بۆ هاووڵاتییانت لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا هەیە؟**
بەرەی داهاتوو سەبارەت بە ئێمە قەزاوەت دەکەن، بۆیە تا هەر ڕادەیەک لە تواناتاندایە، بۆ بەدیهاتنی ئاواتی کۆنی کورد تێبکۆشن و ئەم قسەیەی ڕێبەری مەزنمان دوکتور قاسملووی نەمر لەبیر نەکەین کە دەفەرمێت: «گەلێک ئازادیی بوێت، دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدات».
هەروەها لە ئاکامدا، خۆڕاگری و تێکۆشان و هاودەنگی و کوردایەتیی ئێمە، ڕووخانی ئەم ڕێژیمە گەندەڵکارەی لێدەکەوێتەوە.

**- وەک شۆڕشگێڕێک، چ وتەیەکت بۆ هاوسەنگەر و هاوڕێ پێشمەرگەکانت هەیە؟**
ماندوونەبوونی بە هاوسەنگەرەکانم دەڵێم. ئێمە وەکوو پێشمەرگە، بەتایبەت ئەو پێشمەرگانەی کە دوای ڕاگەیاندنی ڕاسانی خۆرهەڵات هاتینە مەتەرێزی شەرەفەوە، ئەرکمانە کە بە هەر شێوەیەک کە پێمان دەکرێت، پەرە بە گوتاری کوردایەتی بدەین و هەوڵمان لە ڕاستای سیاسەتە نەتەوەییەکانی حیزبەکەمان بێت و ڕاستەوخۆ کاریگەریی پۆزەتیڤ لەسەر کۆمەڵگەکەمان دابنێین و دەستی درێژی داگیرکەر کورت بکەینەوە.

**. وەک نیشتمانپەروەرێک، چ پەیامێکت بۆ خۆفرۆشان و خائینانی خاک و گەل هەیە؟**
پێشمەرگە و گەل، لەو کەسانەی کە دەستیان بە خوێنی ڕۆڵەکانی کورد سوور بووە، خۆش نابێت بەڵام هەندێک کەسی فریوخواردوویش هەن کە پێیان دەڵێم، تاکوو درەنگ نەبووە، بگەڕێنەوە باوەشی گەل و چەکی بێشەرەفی فڕێ بدەن.

**- ئەگەر کوردستان ئازاد بکرێت و بگەڕێیتەوە کوردستان، چ بەرنامەیەکت بۆ ژیانت هەیە؟**
پێم خۆشە پێشمەرگە بمێنمەوە و بۆ باشترکردنی ژیانی خەڵکەکەم تێبکۆشم.
دواتر بۆ ئازادکردنی پارچەکانی تری کوردستان هەوڵی پێویستی خۆم بدەم.
لە کۆتاییدا بە ژیانێکی سادە و سەربەرزانە بژیم.

**- بەسەرهاتێکی خۆشی خۆتمان بۆ بگێڕەوە:**
یەکێک لە شیرینترین بەسەرهاتەکانم ئەو کاتەی بوو کە گەیشتمە نێو حیزب و ئاڵای کوردستان و لۆگۆی زێڕینی حیزبم بینی.
هەستم کرد کوردستان ئازاد بووە.
هەستێکی بێوێنەم هەبوو.
هەستم بە ئازادی دەکرد.
زۆر خۆشە کە ژیانێکی سەربەرزانە دەست پێ بکەیت.

# نیزامی سەرمایەداری لە جۆری حکوومەتی ئیسلامی

**نەوید کەرەمی**

شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧دا کە بە هیوای دەستەبەرکردنی ئازادی، دێمۆکراسی و یەکسانی کۆمەڵایەتی تازە بەسەر دەسەڵاتی ڕشی پاڵەویدا سەرکەوتبوو، لە لایەن تاقمێکی فێڵاوی، دز و درۆزنەوە دەستی بەسەردا گیرا.
ئەگەرچی خومەینی کە خۆی وەکوو ڕێبەری شۆڕش دەناساند، سەرەتا لەگەڵ ئازادی، دێمۆکراسی و خۆشبژیوی هاوڕایی کردبوو و دژ بە سەرمایەداری و دزی و فەساد و گەندەڵی قسەی دەکرد و بەڵێنی دابینکردنی هەموو ئیمکاناتی ژیانی بە خەڵک دەدا، بەڵێنی دەدا کە لە سایەی ڕێبەری ئەودا چیدیکە فەقیر نامێنێت، سەرمایەدار و دز و ... لە ئێراندا نامێنن، کەچی پاش هاتنەسەرکاری و بەدەستەوەگرتنی جڵەوی دەسەڵات هەموو ئەو بەڵێنانە، پێچەوانەکەیان دەرکەوت.
تۆماری ٢٥٠٠ ساڵەی پاشایەتی قاجارەکان کۆتایی پێهات، بەڵام زیاتر لە ٢٥٠٠ پاشای عەمامەدار لە ناکاو نیشتنەسەر کورسی دەسەڵات و کەوتنە بڕیاردان و کوشتن و بڕین و ڕووتاندنەوەی خەڵکانی ئازادیخواز، دێمۆکراسیخواز و یەکسانیخوازانی ئێران، بەڵام ئەوان نەک تەنیا هێزی زەوینی بەڵکوو یاسای ئاسمانیشیان بۆ کوشتن و سزادانی دژبەرانی خۆیان بەدەستەوە بوو.
بە پێچەوانەی بەڵێنەکانی بنیاتنەری ڕێژیمی ئیسلامی، نەک ژیانی خەڵک خۆشتر نەبوو، نەک هەر خانوو و ئوتووبوس بەخۆڕایی نەکرا، بەڵکوو بە پێچەوانەش پارەی مەعیشەت و مانگانەی ئەو هەزاران و میلیۆنان پاشا عەمامەدارە و بنەماڵە و خزم و کەسوکار و دەوروبەرییەکانیشیان کەوتە سەرشانی خەڵکی فەقیر و هەژاری ئێران. بە فریودان و کوشتن و داگیرکاری دەستیان بەسەر هەموو خاکی ئێراندا گرت و هەموو سەرمایەکانی سەرعەرز و ژێرخاکییان بەسەر خۆیاندا دابەشکردن.
هەر لەیەکەم ڕۆژی دەسەڵاتدارییەتی ئەم پاشا عەمامەدارانە کە بە ئاخوند دەناسرێن، ڕۆژبەدوای ڕۆژ گرانی، قاتوقڕی و ئاماری هەژاران لە ئێراندا ڕووی لە هەڵکشاندایە، کاربەدەستان و دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمە بەبێئەوەی هیچ ڕێکارێک بۆ دەردی خەڵک ببیننەوە بەردەوامن لە درێژەدان بە دزی، گەندەڵی و سیاسەتە نابەرپرسانەکانیان.
سەرەتاکانی ئینقلاب بۆ فریودانی خەڵک دروشمی «نە شەرقی و نە غەربی»، واتە نە سووسیالیستی و نە دێمۆکراتییان دەگوت و خۆیانیان بە ڕێژیمی لایەنگری هەژاران و خەڵک پێناسە دەکرد و پروپاگەندای ئەوەیان بڵاو دەکردەوە کە ئەوان دەیانهەوێت عەداڵەت و یەکسانی لە جۆری خودایییەکەی (عدل الاهی) لەسەر زەوی پیادە بکەن، بەو شێوەیە خەڵکی هەژار و برسی و هەروەها تامەزرۆیانی ئازادی و بەرانبەرییان فریودا و بۆ بەرژەوەندییە سیاسییەکانی خۆیان کەڵکیان لێوەرگرتن. ئێستا پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە ٤٠ ساڵ بەسەر ئەو دەسەڵاتە، ڕۆخساری ڕاستەقینەی ئەو پاشا عەمامەدارانە بۆ هەموو خەڵکی ئێران ئاشکرا بووە و پەردە لەسەر هەموو درۆ و فرتوفێڵ و سیاسەتەکانیان لادراوە.
لە سێبەری ئەو ٤ دەیە حوکمڕانییە و کەڵکوەرگرتن لە دەسەڵات و سەرمایەکانی ئێران و هەڵمژینی خوێنی خەڵکی هەژار، هەر یەک لەو ئاخوندانە کە هەتا دێت ڕێژەیان زیاتریش دەبێت، بۆ خۆیان کۆشک و تەلار و حەرەمسەرا و باخ و باخات و سەروەت و سامانێکی نهێنیان کۆ کردووەتەوە و منداڵ و خزمەکانیان بەشێوەیەکی شاهانە لە ئێراندا یان لە مابەقی وڵاتانی جیهان ژیان بەسەر دەبەن.
زیاتر لە ٤ دەیە هەرجارە و بە کەڵکوەرگرتن لەو سیاسەتە فریودەرانانە و درێژەدان بە درۆ و دەلەسە، توانیویانە بەشێک لە خەڵکی ئێران بکێشنە سەر سندووقی دەنگدانەکان و شانۆی هەڵبژاردنەکانیان بەڕێوە بەرن.
هەروەک لە سەرەتایشدا بۆ خۆیان وتوویانە ئەمان نە سوسیالیست و دابەشکردنی سەرمایەکانی وڵاتیان بەسەر خەڵکدا قەبووڵە و نە دێمۆکراسی و ئازادی و بەرانبەریی، ئەمان وەکوو پێشینییانی خۆیان پاشاگەلێکن کە ئیزنی کەڵکوەرگرتن لە هەموو سەروەت و سامانی وڵاتییان پێدراوە و هەموو خەڵکیش بە ڕەعیەتی خۆیان دەزانن و ئامادە نین کە هیچ سەرمایەیەکیش لەگەڵ خەڵکدا دابەش بکەن، لە ڕاستیدا ئەمان لەژێر سێبەری ئیسلام و سیاسەتی درۆ و فرتوفێڵ، سەرمایەدارانێکن کە بە کەڵکوەرگرتن لەو هەموو سەرمایەی کە کەوتووەتە دەستیان تەناهی و ئاسایشی هەموو جیهانیان خستووەتە مەترسییەوە.
سەرچاوە و ڕیشەی هەموو ئەو ناتەبایی و گەندەڵی، فەقر، گرانی، ... و نائەمنییە ناوچەیی و جیهانییە، بۆ خەڵکی ئێران دەگەڕێتەوە، ئەویش لەو سۆنگەوە کە هەتاکوو خەڵکی ئێران مل بۆ سیاسەت و شانۆگەرییەکانی کۆماری ئیسلامی ڕابکێشن، هەتاکوو لە بەرانبەر دزی و گەندەڵی حکوومەتی و سیاسەتی نامرۆڤانەی ئەو ڕێژیمە بێدەنگ بن، بەشێکن لەو ئاڵۆزییانە و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ تەئیدی کۆماری ئیسلامی دەکەن. ئەو ڕێژیمە کە سەرتاپای نوقمی گەندەڵی و فەساد و بێسەروبەرەییە، نە توانای ئاڵوگۆڕی تێدایە و نە دەشتوانێ خزمەتی خەڵک بکات و گرفتەکانی خەڵک چارەسەر بکات، هیچ ئومیدێک جگە لە هەوڵدان بۆ ڕوخاندنی ئەو دەسەڵاتە لەبەردەستدا نییە، پێویستە کە خەڵک قۆڵی هیممەت هەڵماڵن و بە یەکگرتوویی و یەکدەنگی تۆماری ئەو سیستمە سەرتاپا درۆ و گەندەڵە بپێچنەوە و سێبەری ڕەشی لەسەر ئاسمانی ئێران و جیهان بسڕنەوە.



KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan ▪ No : 765 ▪ 5 january 2020

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia

**ڕۆژنامەی کوردستان بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکرا کردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو و دەیخاتە بەردیدی خوێنەرانی ڕۆژنامەی کوردستان.**

**ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی سەرەتای مانگی بەفرانباری ساڵی ٩٨ هەتاوی لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتین لە حاڵەتەکانی دەستبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران**

# هێمایەک لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە دوو حەوتووی ڕابردوودا

## دەسبەسەرکردن:

ڕۆژی شەممە، ٣٠ی سەرماوەز، لاوێکی کورد بە ناوی «عەلی میلان»، خەڵکی ماکۆ، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

ڕۆژی یەکشەممە ١ی بەفرانبار، مێرمنداڵێکی مەریوانی بە ناوی «میلاد فەیزی پوور»، تەمەن ١٥ ساڵ، لە سەرەتای بلواری بێعسەتی مەریوان لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا. هێزە ئیتلاعاتییەکان لە کاتی دەسبەسەرکردنی ئەو مێرمنداڵەدا، ناوبراویان ئازار و ئەشکەنجە داوە.

ڕۆژی سیشەممە، ٣ی بەفرانبار، «بابەک دەبیریان»، چالاکی مەدەنیی کرماشانی لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا. هێزە ئیتلاعاتییەکان بەبێ بەڵگەی یاسایی لە یەکێک لە شەقامەکانی کرماشان ئەو چالاکە مەدەنییە کوردەیان دەسبەسەر و دواتر هێرشیان کردە سەر ماڵی ناوبراو و دەستیان بە پشکنینی ماڵی کەسیی «بابەک دەبیریان» کردووە.

ڕۆژی چوارشەممە، ٤ی بەفرانبار، سێ هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «فەرامەرز قاسمی ئازەر» کوڕی «فەتاح»، «شاپوور حەبیبی» کوڕی «عیسا» و «فەرزین ڕۆستەمی» کوڕی «عەلی»، خەڵکی گوندی «ئەوێهەنگ»ی سەر بە سنە، لە دەماوەند لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کران.

ڕۆژی پێنجشەممە، ٥ی بەفرانبار، «دوکتور ناسر هیمەتی»، دەروونناس، نووسەر و شاعیری ئیلامی، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە لە ئیسفەهان دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

ڕۆژی یەکشەممە، ٨ی بەفرانبار، «سۆهراب ڕەحیمی»، چالاکی مەدەنیی خەڵکی شاری شاباد، بەبێ بەڵگەی یاسایی لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

شەوی یەکشەممە، ٨ی بەفرانبار، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «سامان میرەکی و لوقمان فیزی»، خەڵکی سنە، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کران.

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «عەبدولڕەحیم نەزەری»، کوڕی «شوکروڵڵا» و خەڵکی شاری کرماشان لە شاری ڕوانسەر، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

لەو پەیوەندییەدا، ڕۆژی ١ی بەفرانبار، هاووڵاتییەکی دیکە بە ناوی «جوبرەئیل عەزیزی» کوڕی «سدیق» و خەڵکی شاری ڕوانسەر بە تۆمەتی «هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئیران» لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

ڕۆژی سێشەممە، ١٠ی بەفرانبار، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «فەرامەرز غەفووری» کوڕی ئەمین، خەڵکی گوندی «ئەوێهەنگ»ی سەر بە شاری سنە، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

یەک مانگ پێش، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ئارش نەسر کورد» لە شاری وەرامین، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر و پاش لێپرسینەوە لە بەندی ئەمنییەتیی زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج، بۆ بەندی ٤ی ئەو زیندانە ڕاگوێزرا.

ڕۆژی هەینی، ١٣ی بەفرانبار، خوێندکارێکی کورد بە ناوی «حەبیب ڕەزایی»، خەڵکی کرماشان، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی شەممە، ١٤ی بەفرانبار، «ئارام فەتحی»، چالاکی مەدەنیی خەڵکی مەریوان، لەلایەن ڕێکخراوی ئیتلاعاتی سپای پاسدارانەوە، دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا...

## بڕیاری دەسبەسەرکردنی چالاکی مەدەنیی:

ڕێکخراوی ئیتلاعاتی سپای پاسداران لە شاری کرماشان، هێرشیان کردە سەر ماڵی دانیال دارابخانی، چالاکی مەدەنیی کورد و لە نەبوونی ئەو چالاکە مەدەنییەدا، دەستیان کرد بە پشکنینی ماڵەکەی و لەبتاب و مۆبایلی ناوبراو و هەروەها کامپیوتێری ئەندامانی بنەماڵەکەیان بردووە.

## بانگهێشت کردن بۆ ئیتلاعات:

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، چوار هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «کەیهان عەزیزی، ئاشنا حەسەنزادە، سروش ئەمینی و ئەکبەر محەممەدی»، بانگهێشت و لێپرسینەوەیان لێکراوە. ئەو چوار هاووڵاتییە کورد لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە هەڕەشەیان لێکراوە و پاش چەند کاتژمێرێک لێپرسینەوە، ئازاد کراون.

ڕۆژی پێنجشەممە، ٥ی بەفرانبار، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «هونەر حوسێنی» خەڵکی پاوە، لەلایەن ئیتلاعاتی سپای پاسدارانەوە بانگهێشت و لێپرسینەوەی لێکرا.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو بارەیەوە بە ئاژانسی کوردپای ڕاگەیاند: «ئیتلاعاتی سپا پاش بانگهێشتکردنی ئەو هاووڵاتییە کوردە، بەڵێننامەیان لەو هاووڵاتییە وەرگرتووە کە هەتا ١٠ ڕۆژی دیکە نابێ لە هیچ مانگرتنێکدا بەشداری بکات.

## ڕاگواستن بۆ زیندان:

ڕۆژی دووشەممە، ٢ی بەفرانبار، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «محەممەد ئەمین قازی» کوڕی «کەریم» و «کامیل خانلەری» کوڕی «محەممەد»، خەڵکی شنۆ، پاش بانگهێشتکردن بۆ بەڕێوەبەریی تاوانەکانی دادگای ئەو شارە، بۆ زیندان ڕاگوێزران.

حوکمی ٨ ساڵ زیندانیی ئەو دوو هاووڵاتییە کوردە لە دادگای پێداچوونەوەی ورمێ، بۆ ٦ ساڵ کەم کرایەوە و ئەو حوکمەش پشتڕاست کرایەوە.

ڕۆژی سێشەممە، ٣ی بەفرانبار، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «شەفیع فەقیزادە»، پاش بڕینەوەی حوکمی دەسبەسەرکرانی، بۆ تێپەڕاندنی ماوەی زیندانی بوونەکەی، ڕەوانەی زیندانی شنۆ کرا.

ڕۆژی چوارشەممە، ٤ی بەفرانبار، لاوێکی کورد بە ناوی «سەید ئەیووب مووسەوی» کوڕی «سەید جەلال» و خەڵکی گوندی «میرئاوێ»ی شنۆ، بۆ تێپەڕاندنی ماوەی زیندانیبوونەوەکەی، ڕەوانەی زیندانی نەغەدە کرا.

دادگای ئینقلابی ورمێ، ئەو لاوە کوردەی بە «هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی حکوومەتی ئێران» بە ٣ ساڵ و ٦ مانگ زیندانیی تەعزیری مەحکووم کردبوو.

ڕۆژی چوارشەممە، ١١ی بەفرانبار، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «فیرووز موسەوی‌لو»، خەڵکی بەخشی قوتووری شاری خۆی، پاش ٥ مانگ لێپرسینەوە لە گرتنگەی ئیتلاعاتی سپای پاسداران لە ورمێ، بۆ زیندانی ناوەندیی ئەو شارە ڕاگوێزرا.

سێ هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «فەرامەرز قاسمی ئازەر» کوڕی «فەتاح»، «شاپوور حەبیبی» کوڕی «عیسا» و «فەرزین ڕۆستەمی» کوڕی «عەلی»، خەڵکی گوندی «ئەوێهەنگ»ی سنە، بۆ یەکێک لە گرتنگەکانی ئەمنییەتیی تاران لە زیندانی ئێڤین ڕاگوێزران.

## مەحکووم کردن هاووڵاتییان زیندان:

لاوێکی کورد بە ناوی «سەید نەجمەدین حوسێنی» کوڕی «مسباح»، تەمەن ٢٤ ساڵ و دانیشتووی گوندی «تاچین ئاوێ»ی شنۆ، لەلایەن دادسەرای گشتی و ئینقلابی ئەو شارەوە بە ٣ ساڵ و ٦ مانگ زیندان مەحکووم کرا.

هاووڵاتییەکی ئیلامی بە ناوی «ئەحمەد شاهد» کوڕی «ڕەزا»، لەلایەن دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە بە ساڵێک زیندانیی تەعزیری مەحکووم کرا و نابێ چالاکیی میدیایی هەبێت.

لقی ١٠١ی دادگای کەیفەریی ٢ی شنۆ، حوکمی ٩ ساڵ زیندانیی بەسەر دوو هاووڵاتی بە ناوەکانی «عادڵ سالم فەرد» کوڕی «سەنعان» و «عەبدولواحید عەلی‌نژاد» کوڕی «محەممەد»دا سەپاند.

## گیان لە دەسدان لە زیندان و مانگرتنی زیندانییان:

دوو زیندانی بە ناوەکانی «عەلی پایا» لە بەندی کرێکاران و «ئەمیر ناجی وەش» لە بەندی ١٤ی زیندانی ورمێ، بەهۆی تووشبوون بە نەخۆشیی ئانفوڵانزاوە و درەنگ گواستنەوەیان بۆ نەخۆشخانە، گیانیان لەدەست دا.

ئەو دوو زیندانییە کە تەمەنیان لە سەرەوەی ٥٠ ساڵ بووە، بە تۆمەتی پەیوەندییدار بە ماددەی سڕکەرەوە لە زیندانی ورمێ ڕاگیرابوون.

لە لایەکی دیکەوە، ١٠ زیندانیی خەوێندراو لە بێهداریی زیندانی ورمێ، بە نیشانەی ناڕەزایەتی دەربڕین سەبارەت بە پچڕانی ئاو و گازی ئەو بێهدارییە، دەستیان دایە مانگرتن.

## گیانلەدەستدان و بریندداربوونی کرێکاران:

٥ی سەرماوەز، کاسبکارێکی کورد بە ناوی «ناسێح ئازەرپوور»، خەڵکی ساحێبی سەقز، لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکان لە سنووری «سێف»ی ئەو شارەدا، گیانی لەدەست دا

٣٠ی خەزەڵوەر، کرێکارێکی کورد بە ناوی «هادی سەبووری»، کوڕی «مەحموود»، تەمەن ٣٥ ساڵ، بەهۆی ڕووداوی کارەوە لە هەولێر، گیانی لەدەست دا.

## کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران:

ڕۆژی یەکشەممە، ١ی سەرماوەز، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «کەیهان ئەکرەمی» کوڕی «مەجید» و خەڵکی گوندی «کوێرەگوێز»ی سەر بە سەقز، پاش ٩٧ ڕۆژ لە خەواندن لە نەخۆشخانە، بەهۆی قورسیی برینەکانییەوە، لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی تاران گیانی لەدەست دا.

ڕۆژی سێشەممە، ٣ی بەفرانبار، کۆڵبەرێک بە ناوی «سەعدوڵڵا مەحموودی»، خەڵکی گوندی سەرسۆڵ لە بەشی نەشمیری بانە، بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران، بریندار بوو.

ڕۆژی سێشەممە، ٣ی بەفرانبار، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «عەزیز عەزیزی» کوڕی «دەروێش حوسێن» و خەڵکی گوندی «بنەژاژ»ی بانە لە سنووری ئەو شارە بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت بریندار بوو.

ڕۆژی هەینی، ٦ی بەفرانبار، کاسبکارێکی کورد بە ناوی «محەممەد ڕەشیدزادە»، خەڵکی گوندی «قەلەڕەشە»ی سەردەشت، بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانەوە گیانی لەدەست دا.

لە لایەکی دیکەوە و لە هەمان ڕۆژدا، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «خدر بینەوا»، خەڵکی سەردەشت، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت لە سنووری ئەو شارەدا بەتوندی بریندار کرا.

ڕۆژی هەینی، ٦ی بەفرانبار، کاسبکارێکی کورد بە ناوی «سەعدی سەفایی»، خەڵکی دیواندەرە، لە جادەی ئەندیمشک بە تەقەی هێزە نیزامییەکان گیانی لەدەست دا.

ئێوارەی ڕۆژی شەممە، ١٤ی بەفرانبار، دوو کۆڵبەری کورد بە ناوەکانی «عەلی یووسفی» تەمەن ٢٥ ساڵ کوڕی محەممەد و «بێهنام عەلیزادە» تەمەن ٢٠ ساڵ کوڕی حسەین و خەڵکی گوندی «بەلجوک» سەر بە بەخشی قوتووری شاری خۆی، بە تەقەی هێزە نیزامییەکان بریندار کران.

## ناڕوونی چارەنووسی هاووڵاتییان:

«ڕەشید ناسرزادە»، هەواڵنێر و چالاکی ژینگەپارێزیی خەڵکی شنۆ و ئەندامی گرووپی شاخەوانیی «پێشڕەو»، پاش دەسبەسەرکرانی بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی ورێ ڕاگوێزراوە و ماوەی ٢٠ ڕۆژە لە گرتنگەی ئەو ناوەندە ئیتلاعاتییەدایە.

## دەرکراني مامۆستایەک لە قوتابخانە:

مامۆستایەکی کورد بە ناوی «ئازاد ڕەسووڵنژاد»، بەهۆی دژایەتیکردنی ئیدارەی ئیتلاعاتی شنۆ، لەسەر کارەکەی دەرکرا.

ئەو مامۆستا کوردە، لە ساڵی ٩١ی هەتاوی، لەسەر کار لابرا و لە سەرەتای دەستپێکی کرانەوەی قوتابخانەکان، لەسەر بڕیاری ئیدارەی پەروەردە و بارهێنانی شنۆ، دووبارە دەستی بە کاری مامۆستایەتی لە قوتابخانە کردەوە.

**ئەم ئامار و زانیارییانە لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا تۆمار کراون و ڕەنگە ڕێژەی ئامارەکان لەوانەش زیاتر بێت بەڵام بەهۆی نەبوونی ڕێکخراوێکی سەربەخۆی مافی مرۆیی ئاشکراکردنی ئەو ڕاستییانە لە ئێراندا کارێکی ئەستەمە.**









